تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5903) یەک شەممە 5ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەرە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی

لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرجار هۆشداریی ئەوەمان داوە کە عێراق بەرەو هەڵدێر دەڕوات

ئەگەر بنەماکانی حوکمێکی مەدەنی و دەستوور جێبەجێ نەکرێن عێراق تووشی چارەنووسێکی نادیار دەبێت



ڕۆژی 2019/12/31 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینییەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هاوواڵتیانی کوردستان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان کرد و هیوای خێر و خۆشیی بۆ خواستن. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە موتابەعەی گرژی و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو دواییەی عێراق دەکەین. لەو بڕوایەداین کە نابێ لایەنە عێراقییەکان ڕێگە بدەن وڵاتەکەیان ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی گرفت و ملمانێ و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تر.

(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە:

جەخت لەسەر هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە و دانبەخۆداگرتن و بەردەوامبوونی دایەلۆگ کرایەوە

نابێ عێراق بکرێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ملمانێی وڵاتان

بەردەوامیی ئەم ئاڵۆزی و پەرچەکردارانە، عێراق و ناوچەکە بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات



سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە بارەی ڕەوشی عێراق و ناوچەکە ڕایدەگەیەنێت، نابێ عێراق بکرێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ملمانێی وڵاتان. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان داوا لە هەموو لایەک دەکات لەم دۆخە هەستیار و مەترسیدارەدا دان بەخۆیاندا بگرن و ڕێگە لە پەرەسەندنە مەترسیدارەکان بگیرێت. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووک و قائیم و بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، ئاماژەن بۆ ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی عێراق و کردار و پەرچەکرداری چەندبارەی بەدوای خۆیدا هێنا، هەر لەو سۆنگەیەوە ئەو هەنگاوانە ڕەتدەکەینەوە کە لەسەر خاکی عێراق تەسفیەی حیساباتی وڵاتان بکرێت و سەروەریی عێراق پێشێل بکرێ کە لە ئاکامدا سەردار قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودس و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و هاوڕێکانیان بوونە قوربانی کە هەردووکیان ڕۆڵی بەرچاویان لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەبوو.

نابێ عێراق بکرێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ملمانێی وڵاتان. داوا دەکەین کێشەکانیان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەن و ڕێز لە عێراق و سەروەرییەکەی بگیرێت.

بەردەوامیی ئەم ئاڵۆزی و کردار و پەرچەکردارانە، عێراق و ناوچەکە بەرەو هەڵدێر و ئایندەیەکی نادیار دەبات و دەبێتە هۆی زیندووکردنەوە و بەهێزکردنی هێزە تۆندڕەو و تیرۆریستەکانی وەک داعش.

لەم دۆخە ئاڵۆز و هەستیار و مەترسیدارەدا، داوا لە هەموو لایەک دەکەین ئەوپەڕی دانبەخۆیاندا بگرن و ڕێگە لە پەرەسەندنە مەترسیدارەکان بگیرێت.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2020/1/3

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجام دا

جەخت لەسەر هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە و دانبەخۆداگرتن و بەردەوامبوونی دایەلۆگ کرایەوە



ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مایک پەمپێیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی دواینێ پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. جەخت لە سەر هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە و نەهێشتنی گرژی و دانبەخۆداگرتن و بەردەوامبوونی دایەلۆگ کرایەوە.



ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق لێکەوتەکانی کۆژرانی سلێمانی و موهەندیس تاوتوێ دەکات

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق ڕایگەیاندووە، ئەمڕۆ یەکشەمە دانیشتنێکی نائاسایی سەبارەت بە تاوتوێکردنی لێکەوتەکانی کۆژرانی فەرماندەیی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانی سوپای ئەمەریکادا، ساز دەکات. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بەریتانیا داوای جێهێشتنی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان لە هاووڵاتیانی دەکات

دوێنێ شەممە 2020/1/4 دۆمینیک راپ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندووە، چاودێریی بارودۆخی عێراق دوای کۆژرانی ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی، دەکەن. دۆمینیک راپ داوای لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کردووە خۆیان لە چوونە عێراق بپارێزن و ئەگەر لەوێشن، ئەوا ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن. هەروەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاندووە، ئەو داوایە تەنیا عراق دەگرێتەوە و هاووڵاتییانی بەریتانی لە گەشتکردن بۆ هەرێمی کوردستان، ئازادن و دەتوانن بەشێوەیەکی ئاسایی گەشتەکەیان بکەن.

کورد لەسەر پرسە سیاسییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دەبێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر بابەتە هەنووکەییەکانی وڵات کۆدەبێتەوە و، کوردیش بڕیاری یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی لەسەر پرسەکان داوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پنتاگۆن: قاسم سولەیمانی بە فەرمانی ترەمپ کوژراوە



سەر لەبەیانیی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو هەریەک لە فەرماندەی هێزەکانی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسمی سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس بە ئاراستەکردنی مووشەک بۆسەر ئۆتۆمبێلەکانیان لە فڕۆکەخانەی بەغدا کوژراون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ناتۆ مەشقکردن بە هێزە عێراقییەکان ڕادەگرێت

ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە ناتۆ بڕیاری داوە مەشقکردن بە هێزە عێراقییەکان ڕابگرێت. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکخراوی عەسایبی ئەهلی حەقی خستە لیستی تیرۆرەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکخراوی عەسایبی ئەهلی حەقی سەربە حەشدی شەعبی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانییەکان. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە ناوی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە قەیس و لەیس خەزعەلی برای خستووەتە لیستی "تیرۆریستانی نێودەوڵەتی تایبەت دەستنیشانکراو".

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت کارمەندانیان لە عێراق دەکێشنەوە

سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای نەوتی بەسرە ڕایگەیاند: کۆمپانیا بیانییەکان کە لە کێڵگە نەوتییەکان کار دەکەن، لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرەوە کارمەندەکانیان دەکێشنەوە، ئەمەش وەک مەترسییەکە لە کاردانەوەی کوژرانی قاسم سولەیمانی.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

تێری لێین کارڵ و : نەژاد عەزیز سورمێ

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی

لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرجار هۆشداریی ئەوەمان داوە کە عێراق بەرەو هەڵدێر دەڕوات

بە نیگەرانییەکی زۆرەوە موتابەعەی گرژی و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو دواییەی عێراق دەکەین



ڕۆژی 2019/12/31 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینیەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هاوواڵتیانی کوردستان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان کرد و هیوای خێر و خۆشی بۆ خواستن.

سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند، بە نیگەرانییەکی زۆرەوە موتابەعەی گرژی و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو دواییەی عێراق دەکەین. لەو بڕوایەداین کە نابێ لایەنە عێراقییەکان ڕێگە بدەن وڵاتەکەیان ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی گرفت و ململانێ و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تر. هەروەها بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەران و گەڕانەوەی سەقامگیری و ڕاستەڕێبوونی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەین و لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک داین و یارمەتیدەری هەر ڕێگەیەک دەبین کە ببێتە هۆی چارەسەربوونی کێشەکان و بەدیهاتنی دادپەروەری و داواکارییەکانی خەڵک. لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا هەر هەوڵێک ڕەت دەکەینەوە کە ببێتە هۆی پاشەکشەی دیموکراسی یان ئەوەی ماف و دەستکەوتی پێکهاتەکان و گەلی کوردستان بخاتە ژێر هەڕەشەوە. چونکە هۆکاری سەرەکیی گرفتەکانی عێراق پێشێلکردنی دەستوور و ئیدارەدانی هەڵە و تاکڕەویی بووە نەک ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پێکهاتەکان.

لەبارەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کاروباری دامودەزگاکانی هەرێم، پشتگیریی بەرنامە و کاری سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلەمان و حکوومەتی هەرێم دەکەین بۆ بەڕێوەبردن و، چەسپاندنی چاکسازیی کە داواکاریی خەڵکی کوردستان و زۆربەی لایەنە سیاسییەکانە. هەروەها جەختیش لە پتەوترکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و قوواڵترکردنی ئەو فەرهەنگە بەرزەی گەلەکەمان دەکەینەوە کە بووتە هۆی تەبایی و ئاشتی و برایەتی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان و ئەم پێکەوەژیانە وەک گلێنەی چاومان دەپارێزین.

لە کۆتاییدا ئومێدی ئەوە دەخوازم ساڵی تازە ساڵی خۆشی و بەختەوەری بێت بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و عێراق و ئاشتیی گشتگیر لە ناوچەکەمان و جیهاندا ببێتە دی.

مسعود بارزانی
2019/12/31

ئێستایش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە موتابەعەی گرژی و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەو دواییەی عێراق دەکەین. لەو بڕوایەداین کە نابێ لایەنە عێراقییەکان ڕێگە بدەن وڵاتەکەیان ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی گرفت و ململانێ و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تر. هەروەها بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەران و گەڕانەوەی سەقامگیری و ڕاستەڕێبوونی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەین و لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک داین و یارمەتیدەری هەر ڕێگەیەک دەبین کە ببێتە هۆی چارەسەربوونی کێشەکان و بەدیهاتنی دادپەروەری و داواکارییەکانی خەڵک. لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا هەر هەوڵێک ڕەت دەکەینەوە کە ببێتە هۆی پاشەکشەی دیموکراسی یان ئەوەی ماف و دەستکەوتی پێکهاتەکان و گەلی کوردستان بخاتە ژێر هەڕەشەوە. چونکە هۆکاری سەرەکیی گرفتەکانی عێراق پێشێلکردنی دەستوور و ئیدارەدانی هەڵە و تاکڕەویی بووە نەک ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پێکهاتەکان.

لەبارەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و کاروباری دامودەزگاکانی هەرێم، پشتگیریی بەرنامە و کاری سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلەمان و حکوومەتی هەرێم دەکەین بۆ بەڕێوەبردن و، چەسپاندنی چاکسازیی کە داواکاریی خەڵکی کوردستان و زۆربەی لایەنە سیاسییەکانە. هەروەها جەختیش لە پتەوترکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و قوواڵترکردنی ئەو فەرهەنگە بەرزەی گەلەکەمان دەکەینەوە کە بووتە هۆی تەبایی و ئاشتی و برایەتی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان و ئەم پێکەوەژیانە وەک گلێنەی چاومان دەپارێزین.

لە کۆتاییدا ئومێدی ئەوە دەخوازم ساڵی تازە ساڵی خۆشی و بەختەوەری بێت بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و عێراق و ئاشتیی گشتگیر لە ناوچەکەمان و جیهاندا ببێتە دی.

مسعود بارزانی
2019/12/31

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ بنەماڵەی شێخولئیسلامی و شاری سنە

سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئاکادیمی و ناوداری شاری سنە و دامەزرێنەری بەشی فیقهی شافیعی لە زانکۆی تاران، «دکتۆر ئەسعەد شێخولئیسلامی»، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەیان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی ئاکادیمی و ناوداری شاری سنە و دامەزرێنەری بەشی فیقهی شافیعی لە زانکۆی تاران، دکتۆر "ئەسعەد شێخولئیسلامی"مان پێ گەییشت. سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ئەسعەد شێخولئیسلامی و هەموو دۆست و ئاشنایانیان و هاوکارانی خوالێخۆشبوو لە زانکۆی تاران و زانکۆی کوردستان و خەڵکی خۆشەویستی شاری سنە دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین.

لەخودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2020/1/2

عێراق.. ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق لێکەوتەکانی کۆژرانی سلێمانی و موهەندیس تاوتوێ دەکات

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق ڕایگەیاندووە، ئەمڕۆ یەکشەمە دانیشتنێکی نائاسایی سەبارەت بە تاوتوێکردنی لێکەوتەکانی کۆژرانی فەرماندەیی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانی سوپای ئەمەریکادا، ساز دەکات.

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکی کورتدا ڕایگەیاندووە "دانیشتنە نائاسایییەکە تایبەت دەکرێت بە دەستدێژییکردنەکەی ئەمەریکا بۆ سەر سەروەریی عێراق و ڕۆژی یەکشەمە سازدەکرێت".

جێی باسە پێشتر سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی و هێزە سیاسییە شیعەکان داوای ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان کردبوو بە ئامانجی دەرکردنی بڕیارێک کە بەپێیەوە کۆتایی بهێنرێت بە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی 2020



ڕۆژی 2019/12/31 بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینیەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی هاونیشتمانیانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی سەری ساڵی زایینیەوە، پیرۆزباییەکی گەرم لە هاونیشتمانیانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم. ئومێدەوارم ساڵی نوێ، ساڵێکی پڕ خۆشی و ئاشتی و کۆتاییهاتن بێت بە نەهامەتی و ناڕامی لە ناوچەکەدا.

هیوادارم لە ساڵی نوێدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری هەموو لایەنە کوردستانییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانێت کارنامەکەی بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات و خۆشگوزەرانی و گەشەپێدانێکی ئابووری هەمەلایەنە بێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێت، بێگومان ئەمەش بەندە بە سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق و جێگیربوونی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا.

هیوادارم بە پشتیوانی خوای مەزن و خەڵکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز ، کوردستان لە هەموو پێشهاتێکی ناخۆش و نەخوازراو پارێزراو بێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/12/31

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی

بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی نوێی زایینی گەرمترین پیرۆزبایی لە کوردستانیانی خۆشەویست لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەین و، پیرۆزبایی لە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرجەم کادیر و ئەندامانی دڵسۆزی پارتیمان دەکەین، هیوادارین ساڵی تازە، ساڵی دەستکەوتی زیاتر و بەدیهاتنی سەرجەم مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بێت.

هەلومەرج و بارودۆخی هەستیاری عێراق و ناوچەکە وا دەخوازێ و ئەرکی سەرشانی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانە هەوڵی زیاتر بدەین بۆ پتەوکردنی یەکڕیزیی و هەماهەنگی و یەکدەنگیی تا بە هەموو لایەک بتوانین ڕەوشی ئارام و سەقامگیریی هەرێم و دەسکەوتەکانمان بپارێزین و هەنگاوی زیاتر بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بنێین.

جارێکی دیکە و بۆ ساڵی نوێ، جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر چەسپاندنی پرەنسیپە ڕاستەقینەکانی هاوپەیمانیەتی و تەبایی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و گیانی لێبووردەیی لە نێوان گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکاندا.

ئومێدەوارین ساڵی 2020 ساڵێکی پڕ ئاسوودەیی و بەختەوەری و ساڵی گەیشتنمان بێت بە ئاوات و ئامانجە لە میژینەکانی گەلی کوردستان..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/12/31

ناتۆ مەشقکردن بە هێزە عێراقییەکان ڕادەگرێت



ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە ناتۆ بڕیاری داوە مەشقکردن بە هێزە عێراقییەکان ڕابگرێت. نزیکەی 700 ڕاوێژکار و سەربازی ناتۆ، مەشق بە سوپا و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان دەکەن و هاوکارییان دەکەن لە خۆ ڕێکخستنەوە و بەهێزبوون.

پێشتریش دوای کوژرانی ئەبو مەهدی موهەندیس و قاسم سولەیمانی، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش مەشقکردنی بە هێزە عێراقییەکان، بەشێوەیەکی کاتی، ڕاگرتبوو. بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 سوپای ئەمەریکا لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، کاروانێکی چەکداریی حەشدی شەعبی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردومانەکەوە، هەریەکە لە ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و نۆ بەرپرس و چەکداری دیکەی حەشدی شەعبی، کوژران.



کورد لەسەر پرسە سیاسییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دەبێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر بابەتە هەنووکەییەکانی وڵات کۆدەبێتەوە و، کوردیش بڕیاری یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی لەسەر پرسەکان داوە.

د. ڤیان سەبری، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی عێراق و پێشڤەچوونە سیاسییەکان، یەک هەڵوێست دەبێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەشڵێت: ئەم یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، هەروەها دەبێتە دەرفەتێکیش بۆ سەرکردەکانی کوردستان و کاری زیاتری پێکەوەیی.

پەیامی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ ساڵی تازە

بە یەکڕیزی و تەبایی و یەکهەڵوێستی، دەتوانین ڕووبەڕووی هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان ببینەوە



رۆژی 2019/12/31 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینییەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کوردستانییان و خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان کرد و هیوای ساڵێکی پڕ لە کامەرانی و سەرکەوتنی بۆ هەموان خواست.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ساڵی تازە لە هەموو کوردستانییان پیرۆز بێت، هیوای ساڵێکی پڕ لە کامەرانی و سەرکەوتن بۆ هەموان، بۆ جیهان و مرۆڤایەتی بەگشتی دەخوازم.

پیرۆزباییەکی تایبەت لە خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و لە پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم، بە ڕێز و شکۆوە یادی هەموو ئەو ئازیزانە دەکەینەوە کە گیانی خۆیان بە کوردستان و بە ئازادی بەخشی. هیوای سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشە و کۆتاییهاتنی قەیران و ئاڵۆزییەکان بۆ عێراق و ئاشتی و ئارامی بۆ هەموو گەلی کوردستان، ناوچەکە و جیهان دەخوازم.

کوردستانییانی خۆشەویست،

عێراق و ناوچەکە بە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕن، ڕووداو و پێهشاتەکان کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەیە. ئێمە بە یەکڕیزی و تەبایی و یەکهەڵوێستی، دەتوانین ڕووبەڕووی هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان ببینەوە و پێکەوە بگەینە کەناری ئارامی. لەم پێناوەدا لەگەڵ هەموو لایەن و پێکهاتە کوردستانییەکان لە هەوڵەکانمان بۆ یەکڕیزی و تەبایی بەردەوام دەبین. ئێمە بە ئومێد و گەشبینییەوە لە ئایندەیەکی گەشتر دەڕوانین.

لەسەر ئاستی عێراقیش وەک هەمیشە هاوکار دەبین و لایەنە عێراقییەکان هان دەدەین کە هەموان پێکەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هاوبەشی خۆیان بەرامبەر بە وڵات جێبەجێ بکەن و هەموو کێشەکان بە دیالۆگ و لێکگەیشتن لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکەن. داوا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، لە پشتگیری و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوام بن.

کوردستانییانی خۆشەویست، هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە کوردستان وەک هەمیشە وڵاتی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموان و لانکەی ئارامی سەقامگیری و پێکەوەژیان و لێبوردەیی و فرەیی و تەبایی و یەکترقبوولکردن دەمێنێتەوە و هەموومان پێکەوە لەم پێناوەدا کار دەکەین و ئەو بنەما و کولتوورە جوانە دەپارێزین و بەرگریان لێ دەکەین.

ساڵی تازە لە ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، لە هەموو لایەک پیرۆز بێت، هەر لە خۆشی و کامەرانیدا بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/12/31

ڕاگەیەنراوێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە:

بەئامانجگرتنی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان، پێشهاتێکی مەترسیدارە

گردبوونەوە و خۆپیشاندانی مەدەنیانە مافێکی دەستوورییە، بەڵام بەکارهێنانی تووندوتیژی و پەلاماردان و ڕەفتاری نابەرپرسانەی بەئامانجگرتنی باڵیۆزخانە و نێردە دیپلۆماتییەکان، پێشهاتێکی مەترسیدارە. بە نیگەرانییەکی قوڵەوە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە و پەلاماردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا دەڕوانین کە کارێکی بە تەواوی قبوولنەکراو و ڕەتکراوەیە و بەرژەوەندییەکانی عێراق دەخاتە مەترسییەوە.

ئەمەریکییەکان هاوپەیمان و دۆستی عێراق و هەرێمی کوردستانن و هاوبەشێکی سەرەکی بوون لە ڕزگارکردنی عێراق و سەرکەوتن بەسەر تیرۆرستانی قاعیدە و داعشدا. بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، هێشتاش عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستییان بە پشتگیری و هاوکاریی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەیە.

نێردەی وڵاتان و دیپلۆماتکاران میوانی عێراقن و دەبێ پارێزراو و ڕێزلێگیراو بن. داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین ئەرکی خۆیان لە پاراستنیان جێبەجێ بکەن و ڕێگە نەدەن پەلاماری باڵیۆزخانە و دامەزراوە و نێردە دیپلۆماتییەکان بدرێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/1

ئێران کۆژرانی چوار ئەفسەری لەگەڵ قاسم سولەیمانی ڕاگەیاند

پنتاگۆن: قاسم سولەیمانی بە فەرمانی ترەمپ کوژراوە



تویتەریش هەژماری قەیس خەزعەلی سڕییەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکخراوی عەسایبی ئەهلی حەقی خستە لیستی تیرۆرەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکخراوی عەسایبی ئەهلی حەق'ی سەربە حەشدی شەعبی خستە لیستی "ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانییەکان".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە ناوی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە قەیس و لەیس خەزعەلی بۆ خستووەتە لیستی "تیرۆریستانی نێودەوڵەتی تایبەت دەستنیشانکراو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە مەبەست لەو بڕیارە وەک گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستە بەرامبەر ئەگەری هێرشە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوەکە. جەختیش لەوە کراوەتەوە کە سزا بەسەر تەواوی ئەو دامەزراوە و کەسانەدا دەسەپێندرێت کە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا دەکەن و هاوکاری دارایی دەکەن.

سەرنجیش خراوەتە سەر ئەوەش کە عەسایبی ئەهلی حەق لە دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانی شەش هەزار هێرش ئەنجام داوە بۆ سەر ئەمەریکییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان کە بەشێکیان بریتبوون لە هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ڕێگای ئاراستەکردنی موشەکەوە، کوشتنی پێنج سەربازی ئەمەریکی لە ناوچەی کەربەلا و خستنەخوارەوەی کۆپتەرێ بەریتانی.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا باسی لەوە کردووە کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەلایەن فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران مەشق و ڕاهێنانی پێکراوە و هاوکاری دارایی بۆ دابین کراوە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا لێدوانی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ'ش بڵاوکراوەتەوە کە بە سەرنج خستنە سەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە و سەرکردەکانی وەک بریکاری ئێران هەڵسوکەوت دەکەن، دەڵێت: ئەم گرووپە کە لە پێناو وەستاکانیان لە ئێران کاردەکەن پەنا دەبەنە بەر تووندوتیژی و کاری تیرۆریستی بۆ هێنانەدی ئەجێندای ڕژێمی ئێران بۆ لاوازکردنی سەروەری عێراق.

لەلایەکی دیکەشەوە هەژماری سەرۆکی عەسائیب ئەهل حەق، قەیس خەزعەلی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر داخرا.

تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر هەژماری قەیس خەزعەلی کە ڕۆژی 31ی کانوونی یەکەمی 2019 لە خۆپیشاندانەکانی بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا بەشداربیکردبوو، سڕییەوە. ئەوەی کە بووە مایەی سەرنج ئەوە بوو، هەژمارەکەی قەیس خەزعەلی کە زیاتر لە سێ هەزار فۆڵۆوەری هەبوو، لەدوای کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسمی سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمەریکادا، سڕایەوە.



جەنەڕال ئیسماعیل قائانی وەک فەرماندەی فەیلەقی قودس دیاریکرا

جەنەڕال ئیسماعیل قائانی لە دوای کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا، وەک فەرماندەی فەیلەقی قودس دیاریکرا. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی IRNAی فەرمی ئێران، سەرکۆماری ئێران عەلی خامنەیی، جەنەڕاڵ ئیسماعیل قائانی وەک جێگرەوی سولەیمانی دەستنیشانکردووە. قائانی لە جەنگی نێوان ئێران و عێراق فەرماندەی کەتیبەکانی نەسر 5 و ئیمام ڕەزا 21 بووە. وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند هەریەک لە فەرماندەی هێزەکانی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسمی سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس بە ئاراستەکردنی موشەک بۆ سەر ئۆتۆمبێلەکانیان لە فڕۆکەخانەی بەغدا کوژراون.

سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو هەریەک لە فەرماندەی هێزەکانی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسمی سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس بە ئاراستەکردنی موشەک بۆسەر ئۆتۆمبێلەکانیان لە فڕۆکەخانەی بەغدا کوژراون.

لەمبارەیەوە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن) لە بارەی کوژرانی قاسم سولەیمانییەوە ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە بە فەرمانی دۆنالد ترەمپ ئۆپەراسیۆنی کوشتنی سولەیمانی ئەنجامدراوە.

ئاماژە بەوەش دراوە کە سوپای ئەمەریکا بە کوشتنی سولەیمانی هەنگاوێکی پێداگرانەی بۆ پاراستنی سەربازە ئەمەریکییەکان ناوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا بانگەشەی ئەوەش کراوە کە سوپای قودس، بەرپرسیارن لە کوژرانی سەدان ئەمەریکی و خودی سولەیمانی پلانی کێشاوە بۆ هێرش کردنە سەر سەرباز و دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان لەعێراق و ناوچەکە. وەک ئونەش ئاماژە بە هێرشەکەی 27 کانونی یەکەم کراوە کە تیایدا ژمارەیەک هاوڵاتی عێراقی و ئەمەریکی کوژراو و بریندارببوون. هەروەها بانگەشەی ئەوە کراوە کە قاسم سولەیمانی ڕەزامەندی لەسەر هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانی ئەمەریکا لە بەغدا دەربڕیوە.

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە دڕێژەی ڕوونکردنەوەکەدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە واشنتۆن بۆ پاراستنی هاوڵاتییان و بەرژەوەندییەکانی هەموو هەنگاوێکی پێویست دەگرێتەبەر.

چەند بەرپرسێکی عێراقی کە نەیانویستوە ناویان ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی هەواڵی ئەی پی ئەمەریکییان ڕاگەیاندوە: لە ئۆپەراسیۆنەکەدا جگە لە قاسم سولەیمانی شەش کەسی دیکەش کوژراون کە یەکێکیان یاریدەدەری سەرۆکی حەشدی شەعبی ئەبو مەهدی ئەلموهەندس بووە. ئەو بەرپرسە عێراقییانە ئەوەشیان ئاشکرا کردوە کە ئەلموهەندس بۆ پێشوازیکردن لە قاسم سولەیمانی بە کاروانێک چووەتە فڕۆکەخانەی بەغدا، هێرشەکەش بۆ شوێنی پێشوازییەکە ئەنجامدراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران کوژرانی چوار ئەفسەری ئێرانی ڕاگەیاند کە یاوەری فەرماندەی فەیلەقەکە، قاسم سولەیمانی بوون و لە بۆردومانەکەی ئەمەریکادا کوژراون.

ئاژانسەکانی هەواڵیی ئێران لە فەیلەقی قودسیان گواستووەتەوە، هەریەک لە ئەفسەر لە سوپای پاسداران، لیوا حوسێن جەعفەری نیا و عەقید شەهروود موزەفەری نیا و ڕائید هادی تارمی و نەقیب وەحید زەمانیان لە بۆردمانەکەی ئەمەریکادا کوژراون.

جێی باسە ئەم ڕووداوەش دوای ئەوە دێت کە شەوی29 لەسەر 30 مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا پێنج پێگەی حزبوڵڵایان لە عێراق و سووریا بۆردومان کرد.

بەهۆی بۆردومانەکانی سەر بارەگاکانی حزبوڵڵای سەربە حەشدی شەعبی لە عێراقیش، دەگوترێت زیاتر لە28 چەکداری حزبوڵڵا کوژران و 48ی دیکە بریندارببوون.

هەروەها وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ئەو هێرشەی وەک وەڵامێک لەقەڵەمدابوو لەبەرامبەر ئەو هێرشەی کە ڕۆژێک بەر لەو بۆردومانەکە کرابووە سەر بنکەی سەربازی K1 نزیک شاری کەرکووک و بەهۆیەوە کارمەندێکی خانەنشینی ئەمەریکی کوژرا و چوار سەربازی ئەمەریکی و دوو سەربازی عێراقی بریندارببوون.

کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت کارمەندانیان لە عێراق دەکێشنەوە

سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای نەوتی بەسرە رایگەیاند: کۆمپانیا بیانییەکان کە لە کێڵگە نەوتییەکان کار دەکەن، لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرەوە کارمەندەکانیان دەکێشنەوە، ئەمەش وەک مەترسییەکە لە کاردانەوەی کوژرانی قاسم سولەیمانی.

سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت رایگەیاندووە کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرەوە دەیان کارمەندی خۆیان کشاندووەتەوە، ئەمەش وەک مەترسییەک لە کاردانەوەکانی کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی دێت.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە کشانەوەی کارمەندان کاریگەری لەسەر کارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت ناکات.

کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە زەبەلاحەکانی بواری نەوت لە سەرووبانەوە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمەریکی لە پارێزگای بەسرە وبەرهێنان لەبواری نەوت ئەنجام دەدەن.



گوتەبێژی حکوومەتی ئێران:

ئەمەریکا هێڵی سووری بەزاندووە

گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی ڕایگەیاند کە ئەمەریکا بە کوشتنی قاسم سلێمانی "هێلی سووری بەزاندووە و لە کاتێکی نزیکدا وەڵامێکی پێداگری دەدرێتەوە".

گوتەبێژی حکوومەتی ئێران، عەلی ڕەبیعی لەبارەی کوژرانی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی لە هێرشێکی ئاسمانی ئەمەریکا لە شاری بەغدا، لێدوانێکی بۆ کەناڵی فەرمی ئێران دا. ڕەبیعی ئاماژەی بەوەشدا کە سولەیمانی سیمبولی هێزی ئێرانە و گوتیشی: ئێران تۆڵەکردنەوەی کوژرانی سولەیمانی و بەرگریکردن لەخۆی و شکۆیەکەی، بە مافی خۆی دەزانێ. ڕێبەر (ڕێبەری ئایینی ئێران، عەلی خامنەیی)، بە ئێمەی گوت کە لە دوای شەڕەوە نین. بەڵام ئەمەریکا هێلی سووری بەزاندووە و لە کاتێکی نزیکدا وەڵامێکی پێداگری دەدرێتەوە. ڕەبیعی جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەمەریکا ئاسایشی نیشتمانی ئێرانی بە ئامانج گرتووە و گوتیشی: وانەیەکی وا دەدەینە ئەمەریکا کە تڕەمپ و سەرکردەکانی دیکەش لەبیریان نەچێت.

شارەزایەکی بواری نەوت و غاز: نرخی نەوت بەردەوام لە هەڵکشاندا دەبێت



شارەزایەکی بواری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان گوتی، بەهۆی ئەوەی بارودۆخی سیاسیی ئەو وڵاتانەی بەرهەمهێنەری نەوتن، تەواو نییە، بۆیە نرخی نەوت بەرز بووەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت، ئەگەر دۆخەکە بەوشێوەیە بەردەوام بێت، نرخی نەوت 70 دۆلار و بگرە زیاتریش تێپەڕێنێت.

د. بێوار خنسی، شارەزای بواری نەوت و غاز و ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کاروباری وزە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەت ئەوانەی کار لەسەر پرسی نەوت دەکەن، زۆر شارەزان و ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن گەورەی دەکەن و وا دەکەن نرخی نەوت بەرز بێتەوە، بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەم دوایەی عێراق و هێرشکردن بۆ سەر کێڵگەکانی نەوتی عێراق و زیادبوونی خواست لەسەر نەوت و، ئەوەی کە یەدەگی نەوتی ئەمەریکا بۆ یەک ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل کەمبووەتەوە و ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەیە ئەگەر دۆخی ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزتر بچێت، کاریگەریی لەسەر هەناردەکردنی نەوت دەبێت و نرخی نەوت لە 70 دۆلار و بگرە زیاتریش دەبێت، چونکە ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژانە زیاتر لە17 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکرێت.

خنسی باسی لەوەش کردووە: ئێستا لە زۆرینەی وڵاتانی بەرمهێنەری نەوت کێشەی سیاسی هەیە و دۆخیان جێگیر نییە، وەکو عێراق و لیبیا و جەزائیر و باشووری ئەفریقیا و چەند وڵاتێکی دیکە و لە زیاتر لە 10 وڵات خۆپێشاندان هەیە، بۆیە ئەگەر بۆ ماوەی مانگێک دۆخەکە بەو خراپییە بمێنێتەوە، نرخەکە زۆر بەرز دەبێتەوە، چونکە هەر ڕووداوێک ڕووبدات کە ببێتە هۆی دواکەوتنی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە، نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە.

بەغدا.. لە هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر کاروانێکی حەشدی شەعبی شەش کەس کوژران



لە ئاکامی هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر کاروانێکی دیکەی ئۆتۆمبێلەکانی حەشدی شەعبی لە بەغدا'ی پایتەخت، شەش کەس لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا کوژران. تەلەڤزیۆنی سومەرییە بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر کاروانێک لە ناوچەی تاجی باکووری بەغدا.

بەپێی هەواڵی میدیا خۆجێیەکانیش فەرماندەکانی یەکەی کەتایبی ئیمامی عەلی سەر بە حەشدی شەعبی لە نێو ئەو ئۆتۆمبێلانەدا بوون کە کراونەتە ئامانج. هەر سەبارەت بەم ڕووداوەوە بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لەو هێرشەدا شەش کەس گیانیان لەدەستداوە.

حەلبووسی: عێراق لە ململانێ هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان دووربخرێتەوە

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبووسی داوایکرد کە عێراق لە ململانێ هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان دووربخرێتەوە. محەمەد حەلبووسی لە ڕگەیەنراوێکدا، هێرشەکەی ئەمەریکا کە فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیسی لێکەوتەوە ئیدانە کردووە و بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق وەسفیکردووە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاشیگەیاندووە: هێرشکردنە سەر فەرماندەیەکی سەربە دامەزراوەی سەربازیی عێراق (ئەبو مەهدی موهەندیس) پێشێلکردنێکی زەقی سەروەریی عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە، لەکاتێکدا هەر ئۆپەراسیۆنێکی ئەمنی و سەربازی لەسەر خاکی عێراق پێویستی بە ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق هەیە. محەمەد حەلبووسی هەروەها داوای لە حکوومەتی عێراقیش کردووە سەرجەم ڕێکارە سیاسیی و یاسایی و ئەمنییە پێویستەکان بۆ ڕاگرتنی ئەم جۆرە دەستدرێژیانە بگرێتە بەر.

تڕەمپ: ئەم هەنگاوەمان بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ ناوە، نەک هەڵگیرساندنی جەنگ

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ سەبارەت بە کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران ڕایگەیاند "ئەم هەنگاوەمان بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ ناوە، نەک هەڵگیرساندنی جەنگ. تڕەمپ لە کاتی پشووی خۆیدا لە فلۆریدا یەکەم لێدوانی لەبارەی کوشتنی سولەیمانی'یەوە بۆ میدیاکاران دا. دۆنالد تڕەمپ ئاماژەی بەوە دا کە سولەیمانی بەرپرسیارە لەوەی ساڵانێکی دوور و درێژ لە ژێر چەتری سوپای پاسداراندا ژمارەیەکی زۆر ئەمەریکی کوژراون لە ناوچەکە. باسی لەوەش کرد کە ئەو فەرمانده ئێرانییە زۆر پلانی نوێی داناوە و بۆ ڕاگرتنی پلانەکان ئەو هێرشەیان ئەنجام داوە.

تڕەمپ هێرشکردنە سەر بالیۆزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق بە بیرهێنایەوە و گوتی: بۆ پاراستنی تەواوی دیپلۆماتکاران، کارمەندان و هاوپەیمانانمان چیمان لەدەست بێت ئەنجامی دەدەین. ئەگەر زیان بە ئەوان بگەیەنن دەتاندۆزینەوە و لەناوتان دەبەین. ناوبراو گوتیشی: سەردەمی تیرۆری سولەیمانی کۆتایی هات. دەبوو ئەو پێشتر لەناوبرابوایە، ئەگەر ئەوە کرابوایە لەوانە بوو گیانی زۆر کەسی دیکە ئازاد کرابوایە. ئەم هەنگاوەمان بۆ ڕاوەستاندنی جەنگ ناوە، نەک هەڵگیرساندنی جەنگ.

سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە دا کە ڕێزی زۆری بۆ گەلی ئێران هەیە و لە هەوڵی ئەوە دانین ڕێگم لە ئێران بگۆڕن و گوتی: بەڵام دەبێت یەکسەر ڕێگەی ئێران کۆتایی بە شەڕی بەوەکالەت بهێنێت. لە ئامادەکارییداین کە لە هەرکۆبێیەکی جیهان یەک هاووڵاتی ئەمەریکی بکرێتە ئامانج، هەموو جۆرە هەنگاوێکی پێویست بنێین، بە تایبەتتر ئەگەر ئەوە ئێران بێ.

کۆشکی سپی: تڕەمپ هۆشداری داوەتە ئەردۆغان

K24/ کۆشکی سپی ئەمەریکا ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هۆشداری داوە، کە "دەستێوەردانی دەرەکی ڕەوشی لیبیا ئاڵۆزتر دەکات". لە بەیاننامەکەدا هاتووە، هەریەک لە تڕەمپ و ئەردۆغان هاوڕا بوون لەسەر پێویستی ڕاگرتنی تووندوتیژییەکانی "ئیدلب" و پاراستنی گیانی مەدەنییەکان. هەریەک لە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تڕەمپ و سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە تەلەفۆن پرسە جێبایەخەکانی نێوانیان و ڕەوشی عێراق و سووریا و لیبیایان تاوتوێکرد. ئاژانسی هەواڵدەری "ئەنادۆڵ"ی تورکیا باڵاوێکردەوە، لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، "ئەردۆغان" نیگەرانی خۆی لە بارەی بە ئامانجگرتنی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکای لە عێراق دەربڕیوە و هاوکات خۆشحاڵی دەربڕیوە لە هەمبەر کۆتایهاتنی ئەو هێرشانەی ڕووبەڕووی بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا بوونەوە. پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بۆ ناردنی هێزی سەربازی بەرەو لیبیا.

سیستانی: هێرشەکە پێشێلکاریی سەروەریی عێراقە

مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق، عەلی سیستانی ڕایگەیاند کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسمی سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لەلایەن ئەمەریکاوە پێشێلکاری سەروەری عێراقە.

نوێنەری سیستانی لە کەربەلا، عەبدولمەهدی کەربەلایی دوای نوێژی هەینی گوتاری سیاسیی سیستانی خوێندەوە. لە پەیامەکەدا باسی کوشتنی سولەیمانی و موهەندیس کراوە و تیادا هاتووە: ئەو هێرشەی کرایە سەر قارەمانانی سەرکەوتن بە سەر داعشدا (سولەیمانی و موهەندیس) لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، هێرشێکی قێزەونە و پێشێلکاری سەروەری عێراقە. سیستانی داوای لە خەڵک کردووە وەک کاردانەوە بەرامبەر هێرشەکە ژیرانە مامەڵە بکەن و نەرمی بنوێنن.

ئەمەریکا سێ هەزار و 500 سەربازی دیکە ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات



ئەمەریکا، سێ هەزار و 500 سەربازی دیکەی لە یەکەی 82ی پەرەشوتوانی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. بەگوێرەی هەواڵێکی کەناڵی ئێن بی سی بە پشتبەستن بە بەرپرسێکی بەرگریی، سێ هەزار و 500 سەربازی دیکە لە یەکەی 82مینی پەرەشوتوانی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراون.

هەواڵەکە زانیاری لەسەر شوێنی نیشتەجێکردنی سەربازەکان بلاونەکردەوە، بەڵام ئاماژە بەوەکراوە کە ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆێت نیشتەجێبکرێن. لەلای خۆیەوە پێنتاگۆن بێدەنگی خۆی پاراستووە و واچاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا، ڕوونکردنەوەیەک بڵاوبکاتەوە. پێشتریش وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، ڕەوانەکردنی 750 سەربازی سەربە یەکەی 82مینی پەرەشوتوانی بۆ کوێت ڕاگەیاندبوو.

ئاماژەیەک لە وەرگێڕەوە

(تێری لێین کارڵ Terry Lynn Karl) پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسیەکان، 21ی نۆڤێمبەری 1947 لەدایک بووە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی سالی 2007 لە لایەن - پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق- کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدوڵجەبیار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بێرووت بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت و مەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆڕی دڵسۆز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بەڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە ونەک هەر گەشەی دەوەستێنێ یا دوای دەخا، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە. لەم بوارەشدا نموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەڵگەنەویست دێنێتەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.

بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی، دەنا ڕەنگە باپەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بێ تا خوێندەر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر).

وەرگێـــڕ



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری(*)

تێری لێین کارڵ

و : نەژاد عزیز سورمێ

5-1

باو بیر و خەیاڵمان بگەڕێینەوە ساڵانی 1973 و 1974 کە نرخی نەوتی خاو چوار هێندە بەرز بووەوە و یەکەمین قەیرانی وزەی لە جیهاندا دروست کرد.

سامانێکی بێسنووری هێنا، تاکە سامان بوو بێ شەڕ وەدەست بێ و کاری کردەنی لە سیستەمی جیهانیدا بکا.

پێشبینی ناقۆڵا لەبارەی توانای شێردراوەی زۆربوونی سامانی وڵاتانی نێردەکاری نەوتیش هاتە گۆڕێ [1].

لە کاتێکیشدا وڵاتانی پیشەسازی شڵەژا بوون و نارامیان لەبەر بڕا بوو لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕێکخراوی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت (ئۆپێک) ببنە گەورەترین دراوگۆڕەوەی بەهێز لە جیهاندا[2]، وڵاتانی نێردەکاری نەوت لە خومارێ خۆشییدا بوون، لەو بڕوایەدا بوون خۆشگوزەرانی ژێرخانێکی بەردەوامیان لە ئابووری پاش نەوت بۆ مەیسەر دەکا، هەروەها بۆ هێزی تڕپی کار (زاڵ بوونی تەواو بەسەر بێکاریدا) و ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری سیاسی.

ئەمریکاییەکان ئۆتۆمبیلی وا داژۆن کرێکارانی ئێمە لە کارگە نوێیەکانی فەنزوێلا بە تامپۆنپاریزی ئەلەمنیۆمیی فەنزوێللایی و بە سووتەمەنی نەوتی خۆمان بەرهەمیان هێناوە، ئەو دەمە تەواو وەک ئێوەمان لێ دێ» [3].

پاشان دەرکەوت ئەو پێشبینی و ڕەملێدانانە، لە دارشتەیەکی نوێی (ئەفسانەی میداس) زیاتر نەبوون. دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک بەسەر جۆش و خرۆشی نەوتیی دەیەی حەفتاکان، لەگەڵ بوونی دوو قەڵەمبازی گەورە لە نرخی نەوت لە دەیەی نۆهەتەکانیشدا دەبینین زۆربەی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت لە قەیراند گینگڵ دەدەن، بەتایبەتی ئەوانەی بە دەست کەمی سەرمایەوە دەنااڵێن [4].

ئەو وڵاتانە دووچاری تەنگەتاوی و دارمانی بەرهەم و هەڵاتنی سەرمایە و دابەزینی توانا و زیاد بوونی هەڵنەوسان (بە ژمارەی دەیی) و زیاد بوونی خەیاڵیی بەهای دراو و کورتهێنانی بودجە و سەت جار بە قەد کۆیتە دانیشتووانیشی جیهان، دانیشتووانی ئەندەنووسیا132 جار لە دانیشتووانی قەتەر زۆرترە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی بڕی یەدەگی نەوتیشدا جیاوازیان هەیە، یەدەگی سعوودیە 265 جار لە یەدەگی گابۆن زۆرترە، باسی جیاوازی زۆری هێزەکانی دیکە ناکەین، لێک جودایییەکی دیار لە ئاستی بژێوی ئەو وڵاتانە لە کاتی زۆری نەوت ساڵی 1974دا هەیە، پشکی تاکەکەس لە داهاتی نەتەوەییدا، بە غوونە لە ئەندەنووسیا لە 170 دۆلاری تێنەپەڕاند، لە کاتێکدا پشکی تاک لە ئیماراتدا 11 هەزار دۆلار زیاتر بوو، دیسان سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دا تەواو جیاوازە، لە نێوان دیموکراسی (فەنزوێللا و ئوکوادۆر)و حوکمی سەربازی (عێراق و نایجیریا) یان حوکمی سێوکراتی ئیسلامی (سعوودیە و ئێرانی دوای 1979) تا سیستەمی تاک حزبی بەناو سۆشیالستی (جەزاییر).

جیاوازی قووڵ لە نێوان نایجیریا کە بە لای خراپترینی پێوەرەکەدایە و ئەندەنووسیا کە کاری خۆی باشتر ڕایی دەکا [7].

لێردا مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین وڵاتانی خاوەن نەوت حاڵیان لەوانی دیکەی بێ نەوت خراپترە تەنیا ئەوەیە بارەکە بەو ڕەنگە بێ یان نەبێ بە پێی بارودۆخ و بەراوردکارییەکان.

بەڵام ئەو ڕێڕەوەی دەوڵەتانی خاوەن نەوتی گەیاندە ئەو بارە، لە هەموو ئەو زەحمەت و ماندوو بوونەی تێیاندایە، جیایە لەوەی لە وڵاتانی بێ نەوت دەبینین ، هەموویان لەگەڵ دەوڵەمەندیشیان لە چاڵ و چۆڵی قەیرانی هاوشێوەدا کەوتوون.

ئەو مەتەڵانەش ئاکامگیری جیهانییان هەیە، ئەگەرجۆش و خرۆشی نەوت هەژاری و نایەکسانی و تەنگژەی سیاسیی دەوڵەتانی نێردەکاریی نەوتی لێ بەوەڵەد بێ - کە ئەمەش بە ڕاستی وا بووە، بێتوو حوکمیان بە پێی ڕووداوەکانی هەردوو دەیەی حەفتا و هەشتایەکانی لەسەر بدەین - ڕەنگە ئەو قەیرانانە بە دەوری خۆیان بەڵای نەوتیی نوێیان لێ پەیدا بێ کە ئەنجامی زیانبەخشی وایان لێ بکەوێتەوە لە توانادا نەبێ پێشبینی بکرێ.

دەیەی حەفتایەکان نرخی نەوت سێ جار بەرز بووەوە، دوو لە شۆکی نرخ (قەڵەمبازی لیبیا) (1971) و (خرۆشانی ئێرانی) (1979) بە سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی ناو وڵاتێکی سەرکی لە وڵاتانی نێردەکاری نەوتەوە پەیوەست بوون . لە ساڵی 1990شدا، بازاڕی نەوت هەڕا و نرخی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاکامی هەوڵی عێراق بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانی بە داگیر کردنی کوێتی هاوسێی بەرز بووەوە.

زەین دەنێ ئاکام چی لێ دەسەنگرایەوە ئەگەر سەقامگیریی سعوودیە یا دەوڵەتەکانی دیکەی کەنداو- بڕوخابووایە، لە ناوچەیەکدا کە 60٪ ی نەوتی دۆزراوەی جیهانی لێیە ؟!

پێویستە هەوڵ بدەین لە قەیرانەکانی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت تێ بگەین، نەک هەر لەبەر ئەوەی کار لە ژیانی ئەو گەلە دەکا لە ناو سنووری یاخود لە بازنەی ناوچەکەی دایە، بەڵکو هەم دیس چونکە زایەڵەی ئەو قەیرانانە بە هێزێکی زیاتر و تووندتر لە بازاڕەکانی جیهاندا دەنگ دەداتەوە و ئاشتی هەموو جیهان دەخاتە مەترسییەوە. کەواتە پرسیارئەوەیە: نەوت چۆن کار لە ئابووری وڵاتانی بەرهەمهێنی دەکا ؟ داخۆ تۆماری وڵاتانی ئۆپێک لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە خرۆشانی نەوتەوە لە حەفتایەکاندا چییە ؟ ئایا تۆماری گەشەکردن هاوێشتراوێکە بێ هاوێژەر بتوانرێ بە فێر بوون لە ڕابردوو نەهێشترێ، یان ئەو نموونەی ڕووی داوە لە هەر کوێیەک نەوت بدۆزرێتەوە شایانی دووبارە بوونەوەیە ؟ ئەی ئەو ئەنجامانەی لە ئاکامی بە پشتداشکانی گەشەسەندنەوە کە لێی دەکەوێتەوە ؟

بەڵای تایبەت بە دەوڵەتانی خاوەن نەوت

دەوڵەتانی خاوەن نەوت بە دەوڵەتی دیکە ناچن [8]. ڕاستە ئەوان لەگەڵ دەوڵەتانی پەرەسێنی دی لە کۆمەڵێک تایبەتایەتیدا نەمازا ئەوانەی کانزا هەنارد دەکەن هاوبەشن، بەڵام ئابووری ئەو وڵاتانەی پشت بە نەوت دەبەستێ و سیستەمی سیاسیان لە جەوهەردا پێکهاتەیەک دروست دەکا بە هۆی هەڵڕژانی دۆلاری نەوتەوە، بە چەشنێک لە دەوڵەتانی تری جیا دەکاتەوە، چونکە سامانی نەوت لە توانای دایە دامەزراوان لە قاوغی دیاریکراوی مەحکەمی وا دابڕێژێ لە خەیاڵ و لێزانی چاترینی پسپۆڕانییش سەرووتر. ئەوەش ڕاستە بە تایبەتی بۆ ئەو دەوڵەتانەی دەکارهێنانی نەوتیان تێدا پەیوەستە بە قۆناغی بنیاتنانی دەوڵەتی سەردەمییەوە، کە ئەم بارەش پەیدا دەبن.

بە سادەیی دەوڵەتی خاوەن نەوت لە هەموو دەوڵەتانی دی زیاتر بە لای تاک شمەکیدا دەشکێتەوە، وەبەرهێنانی ئەوەش کە لەوانی دی پتر بەرەو نەمان دەچێ و زیاتر لەوانیتر پشت بە چڕیی بەرزی سەرمایە دەبەستێ، لە کاتێکدا زیاتر لەوانی دی بە برگەیەکی تەنگەوە گەمارۆ دراوە، کە تەواو لە دەستی دەوڵەت دایە، لەوانی دی پتر سەرچاوەی قازانجە- ئەمەش بەدیومی نەشونمای سەرکەوتووە ، نموونەی سەرەکیش ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتانی نێردەکاری نەوتەوە لەم تایبەتایەتیانەدا سەرچاوە دەگرێ:

نێوان ساڵانی 1973- 1974 نرخی نەوتی خاو چوار هێندە بەرز بووەوە و یەکەمین قەیرانی وزەی لە جیهاندا دروست کرد. سامانێکی بێسنووری هێنا، کە تاکە سامان بوو بێ شەڕ وەدەست بێ و کاری کردەنی لە سیستەمی جیهانیدا بکا.

شای ئێران پەیمانی دا (شارستانییەتێکی مەزن) بنیات بنێ، لە کاتێکدا سەرۆکی فەنزوێللا، کارلۆس ئاندریاس بیریز پێشبینی (فەنزوێللای مەزن)ی لە ئایندەیەکی نزیکدا کرد. پیرز پێی وتم: (ڕۆژگارێک دێ بەم نزیکانە ئەمریکاییەکان ئۆتۆمبیلی وا داژۆن کرێکارانی ئێمە لە کارگە نوێیەکانی فەنزوێللا بە تامپۆنپاریزی ئەلەمنیۆمیی فەنزوێللایی و بە سووتەمەنی نەوتی خۆمان بەرهەمیان هێناوە.

پەراوێز:

(*) گۆڤاری کاروباری نێودەوڵەتی- پایزی 53 / 1999ژمارە (1) زانستگەی کۆلۆمبیا- نیۆرۆک.

Journal of International Affairs, Fall 1999 , 53, no.1.
© The Trustees of Columbia University .

(1) جەهانگیر ئامۆزیگار. Amuzegar J پێی وایە بە نموونە، بانکی نێودەوڵەتی پێشبینی ئەوەی کرد دەسکەوتی دەوڵەتانی ئۆپێک بە هاتنی ساڵی 1985 لە1200 ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێ، ئەمەش زۆر دوورترە لە بارودۆخی ئێستا کە کورتهێنانی هەژماری خوولاوی ئەو وڵاتانە 15 ملیار دۆلارە، لە کاتێکدا نرخ لە ساڵی1985 دادەبەزی. تەماشای (بەرێوەبردنی سامانی نەوت)ی ئامۆزیگار بکە . Jahangir Amuzegar , Managing the Oil Wealth OPECs Windfalls and Pitfalls (London: I.B. Tauris Publishers, 1999) p.ix

(2) دەستەواژەی (هەناردەکارانی نەوت) کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەکار هاتووە، ئاماژەیە بۆ دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک و بە تەنیا مەکسیک، ئەگەر لە ڕێڕەودا جیا لەوە نەگەییێنێ.

(3) ئەم دیدارە لە کاراکاس لە تۆغیانی دووەم خرۆشی نەوت کراوە، واتە ساڵی 1979 ئەو بیروڕایانەی ئێرەش سرووشتی ئەو هیوایانە دەردەخا کە ئەو دەمە بە نەوتەوە هەڵچنرابوو (کاراکاس- ئاداری 1979).

(4) ئەو وڵاتانەی سەرمایەیان کەمە، ئەو وڵاتانەن قەوارەی دانیشتووانیان تا ڕادەیەک گەورەیە و یەدەگێکی تا ڕادەیەک بچووکیان لە نەوت هەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی وەک میرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەب یان کوێت یا سعوودیە، بە نموونە: نایجیریا، جەزاییر، ئەندەنووسیا، ئێران، فەنزوێلا، ئۆکوادۆر یا مەکسیک.

بۆ زیاتر لەم جیاوازیانە بڕوانە کتێبەکەم: Terry Lynn Karl , The Paradox of Plenty; Oil Booms and Petro States (Berkeley, CA: University of California Press , 1997)

(5) بیرێز ئەلفۆنسۆ ئەم دەستەواژەیەی لە دیدارێک لەگەڵ نووسەردا بەکارهێناوە (کاراکاس، فەنزوێلا، تەموزی 1976)، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لە پاشاندا بوو بە ناو ونیشانی یەکێک لە کتێبەکانی.

(6) (1997) Karl.

(7) بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئەو جیاکاری و جیاوازیانە بڕوانە:(1997) Karl، بە تایبەتی هەردوو بەشی سێیەم و چوارەم، هەروەها بڕوانە ئامۆزیگار (1999) بەشی یەکەم.

(8) ئەو بیرۆکەی لەم بەشەدا پێشان دراوە لە لێکۆڵینەوەیەکی کارڵ(1997)Karl. وەرگیراوە، کتێبەکە بەدرێژی و فراوانی باسی دەکا، بە هێنانەوەی چەند ڕاستییەکی گرینگانەیی (ئەمبریقی)- گەڕانەوە بۆ ڕاستییە هەستپێکراوەکان (وەرگێڕ) چەند لایەنێکی ئەو بیرۆکەیەش هەیە دەتوانرێ پێی بگەن لە کارەکانی تێری لین کارل لە کتێبی : Karl (1997) , Energy and Politics in Central Asia nd the Caucasus, ed., Bruce Ake et al . (Lanham, MD: Rowman & Littlefield Publishers , forthcoming).

پارێزگاری هەولێر زیاتر لە 40 ملیۆن دینار پێشکەش بە ماڵی بەسالاچووان و خانەی نەوجەوانانی هەولێر دەکات



خەبات- سەید فاتیح

پەرزەنجی: د. فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، سەردانی هەرێمەک لە خانەی نەوجەوانانی کۆران، خانەی نەوجەوانانی کچان و ماڵی بەسالاچووانی کرد.لە سەردانەکەیدا کە هێمن قادر، جێگری پارێزگاری هەولێر، نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی ناوەندی هەولێر و د. دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر یاوەری بوون، پارێزگاری هەولێر دوای گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی، زیاتر لە 40 ملیۆن دیناری پێشکەش بە خانەی نەوجەوانان و ماڵی بەسالاچووان کرد کە بەشێک لەم پارەیە بۆ چارەسەری کەموکوڕییەکان و بەشەکەی تر بەسەر بەسالاچووان و منداڵانی نێو خانەی کۆران و کچانی هەولێر دابەشکرا، ئەمە جگە لە دابینکردنی مولیدەیەکی 350 کەی ڤی بۆ ماڵی بەسالاچووانی هەولێر.

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک هاووڵاتی و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بەسەردەکاتەوە



لەبەردەوامی دیدارو سەردانەکانیدا بەمەبەستی ئاگاداربوون لەژیان و گوزەران و کێشەو پێداویستیەکانی هاونیشتمانیان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی سنوورەکەو ئەو هۆکارانەی کەبوونەتە لەمپەر لەبەردەم خۆشگوزەرانی زیاتری هاوڵاتیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری کارگێڕانی لق سەردانی هەریەکە لە مامۆستا مەجید مەنتک و کەمال ئەحمەد زراری لە گەڕەکی گەنجان ستی و نەهرۆ گەزنەیی و خانەوادەی شەهید خەسرۆ گەزنەیی کردو لەلایەن ئەو هاونیشتمانیانەوە بەگەرمی پێشوازیکرا. لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر ئاماژەی بە رۆڵی دڵسۆزانەو نیشتمانپەروەرانەی ئەو هاونیشتمانیانەو تەواوی خەڵکی سنوورەکەی کرد کە هەمیشە بەوپەڕی لەخۆبردوویی پشت و پەنای خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونەو لەو پێناوەشدا چەندین لە رۆڵەکانیان شەهیدبوونە لەپێناو رزگاری نیشتمان و نەتەوەکەیاندا، بۆیە سەردانیکردن یان و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیان بەئەرکی خۆمان دەزانین و هیچ کاتێک لەم رووەوە کەمتەرخەم نابین. لەمیانی سەردانەکانیدا لەلایەن هاونیشتمانیانەوە چەندین داواکاری و پێشنیار خرانەڕوو لەپێناو باشتر بەرێوەچوونی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە دەبنە خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ تەواوی هاوڵاتیانی سنوورەکەو بەتەواوکردیان ناوچەکە زیاتر دەبووژێتەوە، لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی و هاوکاریکردنی بۆ جێبەجێکردنی تەواوی داخوازییەکانیان دەربڕی.

بەراورد بە زستانی رابردوو ڕێژەی گەشتیار 30% زیادیکردووە

لە سەری ساڵدا 167هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان

گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕای دەگەیەنێت، بۆ سەری ساڵ 167هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بۆ سەری ساڵ 167 هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، زۆربەی گەشتیارەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتبوون، کە ڕێژەی 78%ی گەشتیاران بوون. گوتیشی: ئەو ژمارە لە 27/12/2019وە تا 1/1/2020کۆ کراوەتەوە، ژمارەی گەشتیارانی ئەمساڵ زیاتر بوونە لە ساڵی ڕابردوو. گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان باسی لەوەش کرد، گەشتیارانی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیان نەکراون، بەڵکوو تەنیا ئەوانەی لە دەروازە و بازگەکان و فڕۆکەخانەکان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەژمارکراون. بە گوێرەی ئامارەکانی دەستەی گەشتوگوزار، ئەمساڵ 17 هەزار گەشتیار لە سەری ساڵی 2019زیاتر بووە.



هەر سەبارەت بەو ڕێژەی گەشتیار، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەراورد بە زستانی ساڵی رابردوو، هاتنی گەشتیار لەم زستانەدا بۆ هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 30%زیادیکردووە.

مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایگەیاند لە ساڵانی پێشوو هاتنی گەشتیار لە وەرزی زستاندا زۆر سنووردارببو، بەڵام ماوەی پێنج ساڵە هاتنی گەشتیار لە وەرزی زستاندا بەردەوام زیاد دەکات و خاوەنی شوێنە گەشتیارییەکانیش لەو رووەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە.

سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو، ئەگەر ڕێژەی هاتنی گەشتیار لە وەرزی زستان بەراورد بکرێت بە پێنج ساڵی ڕابردوو، دەتوانین بڵێین ڕێژەکە 30% زیادیکردووە. لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر لە وەرزی بەهار و هاویندا گەشتیار ڕووی لە هەرێمی کوردستان دەکرد، بەڵام وەک سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێدا، ئێستا لە وەرزی زستانیش هاتنی گەشتیار لە زیادبووندایە.

نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن لە ڕانیە دروست دەکرێت

ڕۆژی هەینی 3/1/2020 گوتەبێژی تەندروستیی ڕاپەڕین ڕایگەیاند: لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن لە شاری ڕانیە دروست دەکرێت و کێشەی تەواونەکردنی نەخۆشخانەی 291قەرەوێلەییەکەش دراوەتە وەزارەتی تەندروستی. تەها محەمەد گوتەبێژی تەندروستیی ڕاپەڕین بە باسنیوزی ڕاگەیاند: ئەو بڕە پارەیەی سالی ڕابردوو وەک بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ شاری ڕانیە تەرخان کرا بە هاوکاری ئیدارەی ڕاپەڕین و قایمقامیەتی ڕانیە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنی پێدروست بکەین. گوتیشی ئێستا نەخۆشخانەکە کەوتووەتە باری جێبەجێکردن کە خۆی لە دوو قات دەبینێتەوە، یەکێکیان بۆ چاودێریی چڕی نەخۆشان و ئەوەی دیکەش بۆ نەشتەرگەریی نەخۆشان تایبەت دەکرێت. تەها محەمەد باسی لەوەش کرد، کە کێشەی تەواونەکردنی نەخۆشخانە 291قەرەوێلەییەکەی ڕانیە دراوەتە وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چاوەڕێن بودجە بۆ ئەویش دابین بکرێت و تەواو بکرێت کە بە هۆیەوە کێشەیەکی زۆری تەندروستی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین چارەسەر دەبێت.

گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی: ئەو زەویانەی تا ئێستا کارتن ئەمساڵ تاپۆ دەکرێن



هەزاران هاووڵاتی چاوەڕێی حکوومەتن بۆ تاپۆکردنی ئەو زەویانەی تا ئێستا کارتن و گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانیش ئاشکرایکرد، وەزارەت پلانی هەیە ئەمساڵ زەوی کارت تاپۆ بکرێن. کۆردو شابان، گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژمارەیەکی زۆری زەوی لە سالانی ڕابردوو دابەشکراون و تا ئێستا بەشێکی ئەو زەویانە هێشتا کارتن و نەکراون بە تاپۆ، بەڵام وەزارەت پلانی هەیە بۆ تاپۆکردنی زەویە کارتەکان. گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی گوتیشی: بڕیارە ئەمساڵ زەویە کارتەکان بکرێنە تاپۆ وەزارەت ئامادەکاری کردوە بۆ ئەوەی کێشەی زەوی کارت کۆتایی بێت و هەموویان بکرێن بە سەنەد و لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێن. لەبارەی ژمارەی ئەو زەویانەی حکوومەت دابەشی کردوە و هێشتا تاپۆ نەکراون کۆردەو شابان ڕەتیکردەوە ژمارەیان ئاشکرابکات و ڕوونی کردەوە، بێگومان ژمارەیان هەیە لای وەزارەت، بەڵام ئێمە هیچ ژمارەیەک ئاشکرا ناکەین. بەپێی زانیاریەکانی ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان دەیان هەزار پارچە زەوی کارت هەن و هێشتا پرۆسەی تاپۆکردنیان بۆ ئەنجام نەدراوە.

گۆڤاری فیکر و میژوو دەردەچێت

گۆڤاری فیکر و میژوو کە خاوەنی ئیمتیازی ڕێکخراوی (المظفری بۆ فیکر و میژوو) ە و سەرنووسەری (د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور) ە و بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و بە شێوەی وەرزی دەردەچێت، جا هەرکەسێک تێبینی یان لاری هەیە با پەیوەندی بە ژمارەی مۆبایلی سەرنووسەرەوە بکات **07504780538 یان مۆبایلی 07514045765**

هەولێر... چوار کەس بەهۆی ئەنفلەوەنزای H1N1 گیانیان لەدەستداوە



بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزای وەرزی کە بە H1N1ناسراوە، ڕۆژانە سەدان کەس سەردانی نەخۆشخانەکانی هەولێر دەکەن بە مەبەستی چارەسەر. فەرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێریش لەمبارەیەوە ڕایدەگەیەنێت، 100ملیۆن دیناریان بۆ کرپینی بەپەلەی هەندێک پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکان تەرخانکردووە. هاوکات دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێریش دەڵێ: بەمزووانە بەشێکی نوێ دەکەنەوە بۆ چارەسەری منداڵە توشبووەکان بە پەتاکە. بڵاوبوونەوەی ئەمجۆرەی ئەنفلەوەنزای وەرزی بەشێوەیەکە، ئەگەر چارەسەری خێرا و بەپەلە بۆ کەسی توشبوو نەکرێت ڕەنگە مەترسی بۆ سەر ژیانی دروست بکات. بەو هۆیەشەوە تا ئێستا بە گوتەی بەرپرسانی تەندروستی چوار کەس لە شاری هەولێر گیانیان لەدەستداوە، کە یەکێکیان خەڵکی هەولێرە و 3کەسەکەی دیکەشیان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان دەبێت خەڵکی سەردانی شارەوانییەکان بکەن



بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان، دەبێت خەڵکی سەردانی شارەوانییەکان بکەن، نەک چاوەڕێی حکومەت بن. بە گوتەی سەرۆکی لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان، هەرکەسێک لە ماوەی شەش مانگدا بۆ دەستپێکردنی مامەڵەی تاپۆکردن سەردانی شارەوانییەکان نەکات، مافی نامێنێت و زەویەکەی بە ناوەوە ناکرێت. لوقمان وەردی، سەرۆکی لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕوودا‌وی ڕاگەیاند، بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان دەبێت خەڵکی سەردانی شارەوانییەکان بکەن، نەک چاوەڕێی حکومەت و ماوەیەکی تر بۆ دەستپێکردنی مامەڵەکان دیاریکراوە و هەرکەسێک لەو ماوەیەدا دەست بە مامەڵە نەکات، دواتر مافی نامێنێت. سەرۆکی لیژنەی شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو، هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە کە چەند زەوی زێدەڕۆییان کراوەتە سەر و خانووبان لەسەر دروستکراوە. ئەگەر ئەو زەوییەی زێدەڕۆیی کراوەتە سەر، ڕێگەی گشتی یان شوێنی خزمەتگوزاری بێت، ئەوا حکومەت ئەو زەویە وەردەگرێتەوە، دواتر خاوەنەکەی بەپارچە زەوی قەرەبووەدەکاتەوە.

بەپێی یاسای تاپۆکردنی ئەو زەویانەی زێدەڕۆییان کراوەتە سەر، لەنێو سنووری پارێزگاکان تاوەکو 250مەتر بە 30 - 15هەزار دینار و لە قەزاکان تاوەکو 300مەتر بە 15 - 10هەزار دینار و لەنێو ناحیەکانیش تاوەکو 350 مەتر بە 10 - 8هەزار دینار بە ناوەوە دەکرێت. ئەو کەسانەیش ئەو زەویانەیان بە ناوەوە دەکرێت، بە سوودمەند لە حکومەت ئەژمارناکرێن.

ئەم رەفتارانەی خۆشەویستی نێوان هاوسەران سارد دەکەنەوە و بڕواو متمانە بە یەکتری لاواز دەکەن



پارێزەر: قادر ژەوان

خۆشبەختی هاوسەران هەستکردنە بە (ئاسوودەیی، دڵنیایی، بڕوا بەیەکتری بوون، ئارامی)، خودی مرۆڤ بە ئیرادە و کردەوەکانی دەتوانێ خۆشبەخت بێت، دەتوانێت کار لەسەر هەر هۆکارێک بکات کە ئاسوودەیی و خۆشبەختی پێدەدات، دەتوانێت (ماتەمی و گۆشەگیری) بگۆڕێت بۆ (ئاسوودە)یی، هەستکردن بە خۆشبەختی! شتێک نیە کە بکرێدرێت و بە پارە بخەملێنرێت، بەختەوەری گەنجینەیەکە هەمیشە مرۆڤ بەلێبوردەیی و دوور لە دەمارگرژی دەتوانێت بۆ گەیشتن پێی هەوڵی بۆ بدات.

لێرەدا هەندێ لەو رەفتارانەی خۆشەویستی نێوان هاوسەران سارد دەکەنەوە و بڕواو متمانە بە یەکتری لاواز دەکەن دەخەینەڕوو:

یەکەم: تێگەیشتنی نەرێنی تایبەت لای پیاو:

پیاو پێیوایە:

1. دەبێ هاوسەرەکەی وا مامەڵە بکات کەوەکو ئەو بیری لێدەکاتەوە، سووکایەتی بە سکاڵای هاوسەرەکەی دەکات و وای بۆ دەچێت کە دەبێ بە زمانی ئەقڵ مامەڵە لە گەڵ ژنەکەیدا بکات و لایەنی هەست و سۆز فەرامۆش بکات.

2. ترسیان لە پێشنیارەکانی ژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشە پێشنیارکراوەکان، چونکە بۆ چارەسەرکردنی مامناوەندیانەی کێشەکان بڕوایان بە توانای ژن نیە.

3. داخوازییەکانی ژنی جێبەجێکردووە و ئەرکە ئابووریەکانی خۆی لەروانگەی کار و خەرجییەوە بینیوە.

4. سرووشتی ژن وایە کە دەم هەراشەو نابێ دەرفەتی گفتوگۆی پێبدرێ.

5. ژن تەنها دەبێ دەستپێشخەربێ لە گفتوگۆ لەگەڵ پیاوەکەیدا و جێگەی حەوانەوەی دەروونی بۆ دابینبکات.

6. پیاو لە بەر سەرقاڵبوونی بە کاروباری دەرەوە و نەبوونی کات دەرفەتی نیەقسە لەگەڵ ژنەکەیدا بکات، کە ژن خۆی ئەوە دەزانێت.

دووەم: تێگەیشتنی نەرێنی تایبەت لای ژن:

1. ژن مامەڵەی پیاوەکەی بە مامەڵەی خۆی بەراورد دەکات واتێدەگات کە دەبێ مێردەکەی بە ئارەزوو و خواستی ئەو هەڵسوکەوت بکات و وای بۆ دەچێت کە دەبێ بە هۆشیارییەوە هەست بە ئازارەکانی بکات و بە بێدەنگی دەنوێنێ، ئەوا بەلای ژنەوە گوزارشت لە تورەبوون و ساردی خۆشەویستی نێوانیان دەکات.

گفتوگۆ لەپێناو چارەسەردا

لەبارەی گفتوگۆی نێوان هاوسەران و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کۆتاییهێنان بە ئاریشەکانی نێوانیان، مامۆستای کۆمەڵناس "دکتۆرە ئومەیمە کامیل" لە ئامۆژگارییەکانیدا پێیوایە کە ژن و مێرد بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانن هونەری گفتوگۆ بگرنەبەر:

1. هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، واتە گفتوگۆیەک بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی دەروونی بەرامبەرەکەی.

2. نابێ ئامانج لە گفتوگۆکردن خاڵگرتن بێت لەیەکتری و بۆ سەلماندنی هەڵەی بەرامبەرەکەی بێت، بەڵکو دەبێ ئامانج گەیشتن بێت بە بڕیارێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

3. دەبێ گفتوگۆ دیاریکراو بێت و لە بابەتە سەرەکییەکە دەرنەچن.

4. هەر لایەک دەبێ دەرفەت بە ئەوی دیکە بدات بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات و بەشێوەیەکی باش و چڕوپڕ گوێی بۆ بگرێت.

5. گفتوگۆکە هەر چۆنێک بێت دەبێ سوودبەخش و ڕێزگرتنی دووڵایەنەی لێبکەوێتەوە و لە یەکتری کەمنەکەنەوە و یەکتری بە قسە بریندار نەکەن.

6. ئەگەر کێشەی گەورە هەبوو پێویست بێخاتە گفتو گۆ.

3. واتێدەگات کە لە گفتوگۆکردن لە گەڵیدا گوزارشت لە هەست و سۆزی ڕۆمانسییانەی دەکات.

4. بەرهەڵستی ڕاو بۆچوونەکانی پیاو دەکات، چونکە وای بۆ دەچێت کە ئاوا نەبێ پیاو نایەتە ڕێگا.

5. کاتێک پیاو بێدەنگی دەنوێنێ، ئەوا بەلای ژنەوە گوزارشت لە تورەبوون و ساردی خۆشەویستی نێوانیان دەکات.

گفتوگۆ لەپێناو چارەسەردا

لەبارەی گفتوگۆی نێوان هاوسەران و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کۆتاییهێنان بە ئاریشەکانی نێوانیان، مامۆستای کۆمەڵناس "دکتۆرە ئومەیمە کامیل" لە ئامۆژگارییەکانیدا پێیوایە کە ژن و مێرد بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانن هونەری گفتوگۆ بگرنەبەر:

1. هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، واتە گفتوگۆیەک بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی دەروونی بەرامبەرەکەی.

2. نابێ ئامانج لە گفتوگۆکردن خاڵگرتن بێت لەیەکتری و بۆ سەلماندنی هەڵەی بەرامبەرەکەی بێت، بەڵکو دەبێ ئامانج گەیشتن بێت بە بڕیارێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

3. دەبێ گفتوگۆ دیاریکراو بێت و لە بابەتە سەرەکییەکە دەرنەچن.

4. هەر لایەک دەبێ دەرفەت بە ئەوی دیکە بدات بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات و بەشێوەیەکی باش و چڕوپڕ گوێی بۆ بگرێت.

5. گفتوگۆکە هەر چۆنێک بێت دەبێ سوودبەخش و ڕێزگرتنی دووڵایەنەی لێبکەوێتەوە و لە یەکتری کەمنەکەنەوە و یەکتری بە قسە بریندار نەکەن.

6. ئەگەر کێشەی گەورە هەبوو پێویست ناکات کۆتایی گفتوگۆکان بە چارەسەری تایبەت کۆتایی بێن، بەڵام دەشێ دەرفەتی بیرکردنەوە بە یەکتری بدرێت و گفتوگۆ ڕابگیرێت و لەداهاتوودا بەدواداچوون بکرێت بۆ بەخشینی دەرفەت بەیەکتری بۆ ئەوەی هەر یەکێک بە بۆچوونەکانی خۆیدا بچێتەوە.

7. لەسەرخۆیی و دەنگ بەرز نەکردنەوە لەکاتی قسەکردندا بۆ هەردوو لەلایەن نیشانەی سەرکەوتنی هەر گفتوگۆیەکە.

ئەوەی لە بۆچوونەکانی "دکتۆرە ئومەیمە"دا دەردەکەوێت ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ دۆزینەوەی ڕێککەوتنێکی ڕێژەیی و تێگەیشتنی ئەرێنی بۆ ئاوێتەکردنی بۆچوونە هاوبەشەکانیان و وتوێژکردن لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان، بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەی شادی و ڕێزگرتن لە بەهاکانی ژیانی هاوسەری و بەختەوەری خێزانی.

ناشارەزابوون لە بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی ناوماڵ

ژن کە ئەرکی بەڕێوەبردنی نێوێ ماڵی لەئەستۆیە و هەر یەکە لە کارەکانی پاکو خاوێنی و ئامادەکردنی خوانی ڕۆژانە و پەروەردەکردنی منداڵ و...هتد دەگرێتەوە، لەکاتی کەمتەرخەمی و فەرامۆشکردنیان دەرفەت بۆ پیاو دەڕەخسێنێت کە وەکو پەرچەکردار هەڵوێستی توندی هەبێت و ببێتە هۆی گرژی و ئاڵۆزی نێوان ژن و مێرد و زۆر جاران ئەم مشتومڕیان درێژە دەکێشێ و دواتر جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کەمتەرخەمی پیاویش لە ئاست خەرجی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵ و دووركەوتنەوەی ماوەیەکی زۆر لە خێزانەکەی دەبنە هۆکاری ئاژاوە و سەرهەڵدانی ئاریشەی نەخوازراو.

وەلێ مەرج نیە جێبەجێنەکردن و فەرامۆشکردنی هەندێ لە ئەرکەکان، چ لای ژن بێت چ لای پیاو، لەکەمتەرخەمی یاخود بەمەبەست بێت، چونکە هەر ئەرک و فەرمانێک کە دەکەوێتە سەرشانی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی، پێویستی بە شارەزایی و ئەزموون هەیە، ئینجا ئەو کارە یاخود ئەو فەرمانە پێشتر ڕاهێنانی لەسەر کردبێت، یاخود ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە ئەزموونی پێبەخشیوە.

بەڵام زۆربەی ئەو ژن و مێردانەی کە لەتەمەنێکی زۆر منداڵیدا هاوسەرگیریی دەکەن، پێڕانەگەیشتوون، تاوەکو سوود لەو شارەزایی و ئەزموونە وەربگرن کە خودی خانەوادە و منداڵ باوانیان، یاخود ئەو خێزانانەی دەوروبەریان سالانێکە پێیدا تێپەڕیون، هەر لە شێوازی ڕێزگرتن لەیەکتری و شارەزابوون لەبەڕێوەبردن و چاودێریکردنی نێو ماڵ و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

بۆیە پەلەنەکردن لە هاوسەرگیری و پشوو درێژی و خۆڕاگرتنی چەند ساڵێک لە دوای تەمەنی شیاوی هاوسەرگیریان، ئەوا لەئایندەدا ژیانێکی بەختەوەر چاوەڕوانیان دەکات.

گرفتی سەرجێبیکردن و پێناسەی سەرجێبیکردن

جووتبوون بەیەکگەیشتنێکی شەرعییە لە نێوان پیاو و ژندا کە لە میانەیدا وەچەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام زینا بەیەکگەیشتنێکی ناشەرعییە، هەتا ئەگەر هات و منداڵیشیان لێ پاشەکەوت بێت، بەڵام بەیەکگەیشتنی شەرعی دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی دەروون و چاو لەدەرەوە نەبوون و هۆیەکیشە بۆ داوێنپاکی پیاو و ژن.

هەر چەندە سێکس پاڵنەرێکی سەرەکی ڕەگەزی نێر و مێیە بۆ نزیکبوونەوە لەیەکتری و خواستی هاوسەرگیری دەکەوێتە کەڵکەڵەی مێشک و دەروونیانەوە، وەلێ ئەگەر بە وریایی و بەپێی شەرع و یاسا لەبەرچاوگرتنی لایەنی تەندروستی پێشوازی لە مامەڵەکردن لە ئەنجامدانی نەکرێت، ئەوا ئەنجامدەر تووشی پەرچەکردار دەبێت و باجی هەڵەکەی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە لەسەرتاسەری جیهان، بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە، دابونەریت و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆکاری زەوتکردن و بەربەست و سنووردانان بۆ مارەسەکردنی سێکس، سەبارەت بە خاوەندارێتی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ لە جەستە و لەشی خۆیان بۆ سێکسکردن و چێژ وەرگرتن ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی ڕەگەزی بەرامبەریان، تاوەکو بە ئارەزووی خۆیان هاوسەرگیری بکەن، بەڵکو زۆربەیان بەسەریاندا سەپێندراوە یاخود بەیەکجارەکی لێی بێبەشکراون، هەموو ئەوانە هۆکاری گەورە و سەرەکی بوون بۆ نەبوونی خۆشەویستییەکی ڕووحی لەنێوانیاندا و چێژ وەرنەگرتن لە دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانیان، کە دواتر تەڵاق و لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لێکەوتۆتەوە.

ژن مامەڵەی پیاوەکەی بە مامەڵەی خۆی بەراورد دەکات واتێدەگات کە دەبێ مێردەکەی بە ئارەزوو و خواستی ئەو هەڵسوکەوت بکات

پەلەنەکردن لە هاوسەرگیری و پشوو درێژی و خۆڕاگرتنی چەند ساڵێک لە دوای تەمەنی شیاوی هاوسەرگیریان، ئەوا لەئایندەدا ژیانێکی بەختەوەر چاوەڕوانیان دەکات



www.xebat.net
یەک شەمە 2019/1/5 ژمارە (5903)
خەبات

جیاکردنەوەی کوڕان و کچان یان نامۆکردنی هەردوو ڕەگەز بەیەکتری!



سەدیق سەعید ڕواندزی*

بنەمای هەموو پەروەردەکردن و پێگەیاندنێکی منداڵ، لە سەر چەند ڕێسایەکی جێگیرو نەگۆڕدامەزراوە کە یەکێکییان ڕەتکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی و هەلاوێردکردنی کوڕان و کچانە لە یەکتری، چونکە جەوهەری پەروەردەکردن، وتا دروستکردن و بیناکردنی مرۆڤێکی کە دیدی مرۆڤبوونی لە پێشەوەی هەموو جۆرە دیدێکی ڕەگەزی، ئایینی، سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت. کە لە سەرەتای پەروەردەکردنەوە منداڵمان بەو شێوەیە گۆشکردو ڕاهێنا، ئیدی ئەمە دەبێتە بەشێک لە پەروەردەی دەروونی و کەسی ئەو منداڵە.

لە وڵاتە پێشکەوتوو دیموکراسی و عەلمانییەکاندا، بۆچی هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ئاستی ماف و ئەرک و تەنانەت ئازادی و سەربەستیشدا نییە؟چونکە لە سەرەتاوە خێزان وەها پەروەردەیان دەکات کە بە هیچ شێوەیەک شەرم لە ڕەگەزو ژنبوونی خۆیان نەکەن و وەک مرۆڤ بیربکەنەوە و هەلسوکەوت بکەن.تەنانەت ژنان لە خۆرئاوادا هەندێک کار دەکەن، کە لە ڕووی توانای جەستەیی و ماسولکەیی، هاوشێوەی کارکردنی پیاوانە و لەوانەیە قورسترییش بێت. بۆیە هەر پەروەردەکردنێک، ئامانجی یەکەمی کاڵکردنەوە و سڕینەوەی ئەو جیاوازییە ڕەگەزی و ژێندەرییە نەبێت، بێگومان مانای وایە بڕوای بە پەروەردەکردنی هەردوو ڕەگەز وەک یەکتری نییە. بە بڕوای خۆم وەک مامۆستایەک، جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە نێوەندەکانی خوێندن لە بازنەی یەکەمی بنەڕەتی واتا(قۆناغی 1تاکو 6) ڕەنگدانەووەی ئەقڵێکی خێڵەکی، میللی، کۆنخوازیی و دواکەوتوویە. ئەقڵێک کە بڕوای بە یەکسانی هەردوو ڕەگەز نییە و مەبەستیەتی هەرلە سەرەتاوە ئەو دوو ڕەگەزە بکاتە نەیارو دوژمنی یەکتری. بێگومان ئێمە وەک مامۆستایەک باش دەزانین لە کۆمەلگەی کوردی و کۆمەلگە ڕۆژهەلاتییەکانیش بەگشتی، بە یەکەوە بوونی هەردوو ڕەگەز، سەرچاوەی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و خێزانییە. وەلێ ئەم گرفتانە، زۆرتر پەیوەستن بە قۆناغەکانی ناوەندیی و دواناوەندی، کە کوڕان و کچان لە ڕووی جەستەیی و فسیۆلۆژییەوە لە پێگەیشتن و بەرەکەوتن دان و ئەو تەمەنە لە ڕووی هزریی و جەستەیی و هەلسوکەوتەوە، پێویستی بە چاودێرییە. وەلێ دیسانیش ئەمە نابێ بکرێتە پاساوێک بۆ ئەوەی لە نێوەندەکانی خوێندن و لە قوتابخانەکاندا، کار لە سەر جیاکردنەوەی کوڕان و کچان بکرێت. چونکە ئەمە ئەرکی بەڕێوەبەرو مامۆستایانە کە ڕۆڵی پەروەردەیی و مەیدانی خۆیان بگێڕن و نەهێڵن قوتابییە کوڕو کچەکان، بە شێوەیەکی ناتەندروست ونا پەروەردەیی، سوود لەو تێکەڵبوونە بۆ مەرامی کەسی وەربگرن. بۆیە ئەگەر تارادەیەک پاساوێکیش هەبێت(هەرچەندە ئەمەش گونجاو نییە) بۆ ئەوەی لە بازنەی دوەمی بنەڕەتی، واتا قۆناغەکانی (7و 8و 9) هەروەها قۆناغی ئامادەیی، واتا پۆلەکانی (10و 11و12) لێک جیابکرێنەوە، ئەوا هیچ بیانوێکی پەروەردەیی، کەسی و ڕەگەزی نییە، کە کوڕان و کچان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە خۆیان ناناسن، لە یەکتری جیا بکرێنەوە.چونکە ئەم قۆناغە، لە ڕووی تەمەنەوە قۆناغێکی بچووکە بە بەراورد لە گەڵ ئاستەکانی دیکەی خوێندن. بێگومان ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانەیەک تێکەڵاو بێت، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کێشە و گرفتیش دەبێت، وەلێ نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە جیاکردنەوەی منداڵەکان لە تەمەنی شەش سالّی و لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتی، چەندین لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە،هاوکات کاریگەریەتی نەرێنی بۆ سەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت.
وەک ئەمانە :

یەکەم: جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە یەکتری، وەک باسمان کرد بەرەنجامی ئەقڵێکی داخراوە کە لە سەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی بیر دەکاتەوە. ئەم ئەقڵیەتە لە خزمەت ئەو نەریتە دواکەوتووەدایە، کە پێی وایە کوڕان و کچان دووتەنی نامۆن بە یەکتری و نابێ تێکەڵ بەن وەک جەمسەری سالب و موجەب.ئەم هەنگاوە، کە بڕوام وایە لە خزمەت ئیسلامی سیاسی دایە، چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە و لە تەمەنی هەفت سالّییەوە، کچان وەها فێردەکەن کە نابێ تێکەڵ بە کوڕان بن، بگرە دەبێ سەرپۆش بکەنە سەریان وهەموو بنەما ئایینییەکانیش جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا منداڵ تا هەژدە سالّی تەواو نەکات، هیچ شتێک نایگرێتەوە تەنانەت ڕەگەزی کچان لەوان زیرەکترو ژیرترن، ئیدی جۆرێک لە شەرم و سڵەمینەوەیان لادروست دەبێت، بەوەی کە شەرم دایانبگرێت. یاخود کوڕان ڕەنگە نەتوانن هەموو کردەوە و ڕەفتارێک بە ئازادی لە بەرامبەر کچان لە پۆلدا بنوێنن، وەک ئەوەی بەرامبەر هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەیکەن.بۆ کچانیش بە هەمان شێوەیە. بەڵام ئەگەر ڕەگەزی قوتابخانە تەنها کوڕان بن، ئەوا ڕەفتاری بزێوی و هەلسوکەوتی نەشیاو زیاتر دەبێت. چونکە نابێ ئەوەمان بیربچێت کە کۆمەلگەی ئێمە، کۆمەلگەیەکی ڕۆژهەلاتییە و شەرم یەکێکە لە تایبەتمەندییە کۆمەلایەتییەکانی. بۆیە زۆجار کوڕان لە بەر کچان و بە پێچەوانەوەش هەموو هەلسوکەوتێک ناکەن .

سێیەم: یەکێکی دیکە لەو دەرهاوێشتانەی لەو جیاکردنەوەیە دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە ناهاوسەنگی لە ژمارەی قوتابییان دروست دەکات. بۆڤوونە: ئەگەر پۆلی قوتابیانی هەژدەیە و لەویتریان هەفت قوتابییە. ئایا هیچ هاوسەنگی و دادپەروەرییەک لەمەدایە؟ دەکرێ مامۆستایەک وانە بە هەژدە قوتابی بڵێتەوە و مامۆستایەکی دیکەش بە هەفت قوتابی؟ئایا هەردووماموستاکە وەک یەکتری لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و هزرییەوە ماندوو دەبن؟چۆن دەبێ ژمارەی قوتابییان لە پۆلێکدا دووبەرامبەری هەمان ژمارەی قوتابییان بێت لە قوتابخانەیەکی تر؟ .

چوارەم: _جیاکردنەوەی دووەوامی لە قوتابخانەیەکدا، بێگومان پێویستی بە کەل و پەل وپێداویستی تازە دەبێت، کە ئەمەش بارگرانییەکی دیکە دەخاتە سەر شانی حکومەتی هەرێم. ئەمە وێرای ئەوەی قوتابخانە نوێیانە، دەبێ بەڕێوەبەر و یاریدەدەریان بۆ دابنرێت کە بێگومان ئەوانیش دووركەوتنەوە و سڵەمینەوە لای هەردوو ڕەگەزدروست دەکات. ئەم دابڕانە، جۆرە منداڵێکی شەرمن، گۆشەگیر، نامۆ بە ڕەگەزی بەرامبەردروست دەکات. بەو مانایەی هەر کاتێک کێچێک ببینێت، شەرم دایبگرێت.کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی داهاتوو، کەسیەتی و پێگەی کۆمەلایەتی منداڵ دەبێت .

شەشەم: ئەگەر لە قوتابخانەیەکدا، گرفت لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزە هەبێت کە لە یەک پۆل و قوتابخانەدا دەخوێنن، ئەوا ئەرکی بەڕێوەبەرە ڕێگری لەو گرفتانە بکات و قوتابیان و کەشی قوتابخانە (کۆنترۆڵ_بەرزەفت) بکات. ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک، نەیتوانی منداڵێکی تەمەن شەش سالان بە شێوەیەکی دروست پەروەردە بکات کە هێشتا خۆی ناناسێت، چۆن دەتوانێت لە پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکدا بە نمونە وەربگرێن،گرنگیان ژمارەی قوتابییان لەوپۆلەدا(بیست و پێنج)قوتابییە. واتا هەژدە کچ و هەفت کور،ئەگەر ڕەگەزی قوتابییان بۆ کوڕان و کچان دابەش بکەین، ئەوا دەبینین هەمان پۆل لە قوتابخانەیەکدا ژمارەی دەرمالّەی کارگێڕیان بۆ دەبەسترێت. ئەمە وێرای چەندین پێویستی تر، بۆڤوونە: وەک نەوت و کەلوپەل و کۆمبیوتەرو مۆبیلیات و چەندان شتی تر.

پێنجەم: مانەوەی قوتابییانی کوڕو کچ بە تەنها و بۆماوەی شەش ساڵ لە قوتابخانە،جۆرێک لە پیشێل نەکات. قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی ئەوکارە بکات؟بە پێچەوانەوە ئەمە نیشانەی لاوازی و بێ دەسەلاتی مامۆستایان و بەڕێوەبەریشە کە ناتوانن قوتابییان بە شێوەیەکی تەندروست و پەروەردەیی، تێکەڵ بکەن تاکو دواجار کەسیان مافی ئەوی تریان پێشێل نەکات.

دواجار دەڵێم، ئەگەرچی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا، لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا، چەندین کێشە و گرفتی گەورە و بچووکی لە هەموو ڕوویکەوە هەبووە هەیە، وەلێ شتێک کە جێی شانازییە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم تاکو ئێستا ئەوەیە، کە هیچ کاتێک بە فەرمی نەیکردووە بە بڕیار کە دەبێ کوڕان بە تەنها و کچانیش بە تەنها بخوێنن، چونکە دەزانێت ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە و ڕەنگدانەوەی ئەقڵێکی ڕەگەزی و ژێندەرییە، کە بڕوای بە یەکسانی نێوان نێرو مێ نییە. بۆیە هیوادارم وەزارەتی پەروەردە، بێ بوونی هیچ پاساوێک، ڕێگە نەدات پەروەردەی قەزاکان بە ئارەزووی خۆیان کوڕان و کچان لە یەکتری دابڕن. چونکە ئەمە ئەگەر هەنگاوێک بێت بۆ پێشەوە، ئەوا سەد هەنگاوە بۆ دواوە.

پەروەردەکردن، پۆلێن نەکراوە بۆ ڕەگەزێک، کەواتە بۆچی دەبێت لە تەمەنی شەش سالّییەوە، کوڕان و کچان نامۆبکرێن بە یەکتری و فێر بکرێن کە نابێ بەیەکەوە بخوێنن؟ مەگەر ئەمە دواکەوتوویی و بیرداخراوی نەبێت، هیچ ئاماژەیەکی تردەگەیەنێت .!



ئەگەرچی بواری پەروەردە لە نێو ئێمەدا، لەدوای ڕاپەڕینەوە ، چەندین کێشە و گرفتی گەورە و بچووکی لەهەموو ڕوویەکەوە هەبووەو هەیە، وەلێ شتێک کە جێی شانازییە بۆ وەزارەتی پەروەردە تاکو ئێستا ئەوەیە، کە هیچ کاتێک بە فەرمی نەیکردووە بە بڕیار کە دەبێ کوڕان بە تەنها و کچانیش بە تەنها بخوێنن

هەفتەم: لە سەردەمێکدا، کە مندالان هەموویان لە تەمەنێکی بچووکەوە ئاشنای تەکنەلۆژیای سەردەم و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و بینین و بیستنی جۆرەها وێنە و دیمەن دەبن لە مۆبایل و تابلێتەکانیان، نازانم جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و قوناغەکانی تر، دەتوانێت چ ڕێگریەک بکات لەوەی کوڕان و کچان ڕووبەڕووی پەروەردەیەکی ناتەندروست نەبنەوە؟ ئەو زەمەنە بەسەرچوو بتوانین کوڕان و کچان، بە چەند ڕێنوینییەک دوور بخەینەوە لە یەکتری. چونکە ئەوان ڕۆژنە لە بەر یەککەوتنی نوێدان لە گەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم. بۆیە لە بری ئەوە، باشتر وایە ئامۆژگاریان بکەین و بە شێوەیەک پەروەردەیان بکەین، کە هەردوولایان وەک مرۆڤ بیر بکەنەوە و یەکتر ببینن و پێشێلی مافی کەسی و تایبەتی یەکتری نەکەن .

* مامۆستا لە قوتابخانەی(کەڕک)ی بنەڕەتی لە سنووری پەروەردەی ڕواندز

هەوڵێک بۆ سنووداری هەڵەکان



1

فەرهاد قادر ئزمەر

نامەوێ سەرتان بێەشێنم، تەنها ئەوە دەڵێم ماوەیەک بوو برای ڕۆژنامەنووس وچالاکوانی پەروەردەییم مامۆستا بەکر کاکۆ پێی باش بوو گەر بەوشەیکیش بێت بەبۆنەی سالّی نوێی خوێندنەوە شتێک بنووسم، بەو پێیەی ئێمەی چالاکوانانی پەروەردەیی لەنێو کایە پەروەردەیەکەدا قسەیەکمان هەبێت، بەڵام هیچم بۆ نەدەهات، تا لەو چەند ڕۆژەی دوایی لەسۆشیال میدیا چەند شتێکم خوێندەوە، کە سەرجەمیان باسیان لەهەڵەو سەرەڕۆیی بەڕێوبەری قوتابخانەکان دەکرد..

بڕیاری بەڕێوەبەر

منیش کردم بە بابەتێکی نووسینی پەروەردەیی، بەو ئومێدەی سوودێک بگەیێنێ بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.
هەموو ئەو دەسەلاتەی بەخشراوە بەبەڕێوەبەر لەچوارچێوەی قوتابخانەکانیاندا بەڕپرسیاریەتی وئەرکی بەڕێوبەردکانی قورستر کردووەو وایکردووە بڕیاردکانیان شێوەیەکی زیاتر هەستیار وەربگرێت، بەو پێیەی بڕیاردکان یەکلاکەرەوەن.. هەربۆیە هەستیاری کارەکان وادەخوازێ بەڕێوبەر بەر لەبڕیاردان وێنایەکی دروستی لەبەرچاو بێت وباش بیری لێ بکاتەوە. گومانی تێدا نییە ڕەنگە تەنها بڕیارێکی هەڵەی بەڕێوبەر بەس بێت بۆ ئەوەی خەونی قوتابیەک بەهەدەر بڕوات، یاخود دڵی مامۆستایەکی دڵسۆزو چالاک برەنجێنێ وئاپۆرە هەڵچوونێکی لێ بێتەجێ وشەپۆڵی تورەیی وئاژاوەی بەدواوە بێت. لەوەوە ئەوە گەڵاڵە ئەبێ کە بەهیچ کلۆجێ نابێ بەڕێوبەر هێندە سادەو ساکار لەبڕیاردان بڕوانێت وەک چۆن لەخواردنەوەی قاوەیەک دەڕوانێت، چونکە بڕیاردان بەر لەوەی ئەرکێکی وەزیفی پەتی بێت، بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقیە.. لەهەمان کاتدا تێڕامان وسینگ فرەیی وپەلە نەکردن لەبڕیاردان فاکتەرێکی کاریگەرە کە لەکاتی کێشەو گرفتەکاندا ئاو بکاتەوە بەدڵە هەڵچووە ئاگرینەکانی نێو بازنەی قوتابخانە، کە بریتێن لەدەستەی کارگێڕی، دەستەی مامۆستایان، قوتابیان وکەس وکاریان بەجۆرێک ببێتە مایەی ئەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەهیمنی وئاسایی بەڕێوە بچێت .

پێتموانییە لێرەدا بتوانم پێناسەیەک بدۆزمەوە بۆ ناساندنی بەڕێوبەری قوتابخانەکان لەچوارچێوەی دەقێکی تیۆری پەروەردەیی، هەروەها زۆر سەختە بتوانرێت سنووردێک بۆ دەسەلاتی بەڕێوبەران دابنرێت لەنێو کایەی کارەکانیدا، بەو پێیەی بوونی ئەو لەنێو چوارچێوەی سنووری کارەکەیدا لەقوتابخانەدا وابەستەی سێکوچکە هەستیارەکانی کارەکانیەتی کە بریتین لەدەسەلاتی ڕەها لەسنووری قوتابخانەداو، زرنگی وکاری فیسیۆلۆجی، وبیرتیژی وبەهرەی هزری لەکاتی هاتنەپێشی کێشەو گرفتە کت وپڕەکان.. بۆیە دەشێ ئەرکی بەڕێوبەر لەنێو قوتابخانەدا بە ڕۆڵی فەرمانڕوایەکی دادگەرو برا گەورەیەکی بەهرەمەند بچوێنین لەئیدارەدان بەکارە پەروەردەییەکانی، گەر پابەندی سەرجەم پرانسیپە پەروەردەییەکان بێت، یاخود بەڵایەنی کەمەوە وەک سەرکردەیەکی بەئەزموون ئەندازیارانە کەشێکی لەبارو ئاسایی دەخولقێنێ لەنێو قوتابخانەدا لەنێوان سێکوچەکەکەی قوتابخانە (دەستەی کارگێری، مامۆستا ، قوتابی)
لەڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین لەکوردستاندا وەک بەشێک لەکۆمەلگەی ڕۆژهەلاتی گەرچی بەشێک لەبەڕێوبەرەکانمان خاوەن زۆر لەو سیفەتە بەرزو جوانانەن و بەهیچ کلۆجێ خەمسارد نین لەوەی گەشە بەبەهرەکانیان بدەن بەرەو باشترو چاکتر لەڕووی تەکنیکی پیشەییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوبەریش وەک سروشتی مرۆڤ ئەستەم نییە لەهەندێ بارودۆخدا تووشی هەڵە بێت وپارسەنگ بەلایەکدا بکەوێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بەردەوامی بەهەڵەکان نەدات ونەبێتە بەشێک لەهەڵەکان، بەڵکو بوێرانە درک بەهەڵەکان بکات و بەسەریدا تێنەپەڕێت.

ماوە بڵێین، بەو پێیەی بەڕێوبەر کارکتەرێکی کاریگەری مەیدانییەیە کە بەکردەیی(فیعلی) دەتوانێ ئیدارەی قوتابخانەکەی بکات کە لەکابینەی حکومەتێکی بچووککراوە دەچێت بەهاوکاری وراوێژی دەستەی کارگێڕی و دەستەی مامۆستایان، بەدور لەمە بە بەڕێوبەرێکی شکستخواردوو دێتە هەژمار و کارەساتی پەروەردەیی بەدوای خۆیدا دێنێت.


سەوکا خەولێرە

جەژنا بێلندا



مەهدی حەسەن موراد

ئەڤ جەژنە دکەفتە ،ئینیا دوویێ ژ چلێ زڤستانێ،ئانکو ئینیا سیێ ژ کانوونا ئێکێ یا رۆژهلاتی لرێککەفتی (4-3-2)ی کانونا دوویێ بێلندەنە و رۆژا (5)ی کانونا دوویێ جەژنا بێلندا یە ،پشتی بێلندێن پیرێن پیرافات ب پێنج رۆژان ئەڤ بێلندێن گشتی دەست پێ دکەن.

هەر بۆ زانین دوو جۆرێن بێلندا هەنە ، جۆرەک دبێژنێ بیلندێن پیرافات (بێلندێن پیرا) د کەڤنە د ئینیا ئێکێ ژ چلەیێ زڤستانێ رۆژا سێ شەمبوویێ و چارشەمبوویێ و پێنج شەمبوویێ پێلندەنە و رۆژا ئینیێ دبیتە چەژن، ئەڤ جەژنا ژی جەژنەکا کەڤنە بەری هاتنا شێخادی. ئەڤ جەژن و پیرانی هەبوویە وەک ئەرکەکی نۆلی هەر سال ئەڤ جەژن دئێتە گێڕان ل هەفتیا ئێکێ ژ چلێ زڤستانێ ل نک پیرێن پیرافات ومجێورێن پیرافات ب چەند رێورەسما ل مالا مجێوریێ پیرافات و ل هەر گوند و جیەکی نیشانێن پیرافات هەبن دکەنە جەژنا پیرافات.

هەر بوزانین رێ و رەسمێن پێلندێن پیرافات بڤی رەنگی د ئێنە گێران:

1- هەر چار رۆژا مجێوریێ گوندی چرایێ خاسا ڤێدئێخت. سەرگوندیا دابەشدکەن و فەرە 2- ل هێڤارا چەژنێ هەمی خەلکێ گوندی قەستا مالا مجێوریێ دکەن و ڤێ هێڤاریێ هندەک رێ و رەسمێن نۆلی د هێنە گێران ژ لایێ قەول بێژ و زانایێن نۆلی ڤە و ل دوماهکا شەڤێ کۆچەک ب دەفتەرا خۆ د کەڤیت لدیڤدا مالا مجێوری شرینا هیێ ل سەر مێڤانا دابەش دکەن و هندەک ژ وان هەتا بەری بەیانی ل مالامجێوری د میڤن و سوحبەتا و خزێموکا و سەرهاتیا دبێژن .

3- هەر وێ شەڤا جەژنێ، هندەک ژ کابانیا و کەسانێن شارەزا ب خلمەتێ رادبن کەشکینێ دروست دکەن دبێژنێ کەشکا مالا پیرا .

4- ل سپێدێ زۆ ژمارەکا کچێن بوکر قەستا مالا مجێوری دکەن و ئەو کەشکا هاتیە دروست کرن ل هەر کەس ل ڤێ سماتێ زیارەتی بیت و بخۆت .

5- دیسا سبەیکێ گوندی هەمی جوقەت جوقەت دێ هێنە چەژنا مجێوری و دێ جەژنا وی پیرۆزکەن ودەست خۆشیێ ل خێر و خلمەتا وی دێ کەن.

بێلندێن دوویێ دبێژنێ (بێلندێن گشتی):

ئەڤ جەژن ب وەرزێ چاندنێ ومری و سڕ و کەرامەتا شیخادی ل دەمێ زارۆکینێ ڤە هەیە رێورەسمێن دیار دئێنە گێران ژ وان:

1- گوڕکا گای

2- خەولێر

3- چوونا سەر تربا (گورستان)

* گوڕکا گای: ئەڤە ئەو رێو رەسمە دەمێ جۆتیار ژ کارێ خۆ دزڤرن دەوارێن خۆ دسەر ئاگرێ را دەربازدکەن، یە گرێدای جوتیاریێ و ژین و ژیارا * هەروەسا دڤێ جەژنێ دا مرۆڤی یە ، ئاگر ل ڤێرێ هێمایە ژبۆ خێر و بەرەکەتا رۆژێ ،ژلایەکی دیڤە دەمێ جوتیار ڤەدگرێت ژ جوتی ل دەمێ هێڤاری کابانیا مالێ هندەک ژ شیرینا هیێ حازردکەت و زارۆکێن گەرەکێ ل بەر دەرگەهێ مالێ خرڤەدبن و ئاگرەکی ب رەشکێن دەشتێ ڤێدئێخن بۆپێشوازیا جوتیاری دڤێت جوتیار و گاجوت ل سەر ئاگری را دەرباس بن و کابانی شیرینا هیێ ل سەرجوتیاری را هلادڤێت و ئەوو زاروکێن گەرەکێ وێ شرینا هیێ بخو د بەن دڤێت دگەل شرینا هیێ (گەنم وجەھ و نوک و باقلک و نیسک) بهێنە هاڤێتن ، و مال مال ئەو زارۆک د گەرین و هەر مالەکا جوتیاربیت بڤانرێ و رەسمان پێشوازیا جوتیارێ خۆ دکەت.

ئەڤ جەژنە ئەو رێو رەسمە دەمێ جۆتیار ژ کارێ خۆ دزڤرن دەوارێن خۆ دسەر ئاگرێ را دەربازدکەن، یە گرێدای نانەکی تایبەت ژی دئێتە چێکرن دبێژنێ (خەولێرە) ئەوژی میڤیژەکێ دکەنەدناڤ نانی دا و پاشی نانی لسەر ئەندامێن خێزانێ دابەش دکەن ،هەر کەسەکی میڤیژ د بەهرا وی دادەرکەفت ، ئێزدی دبێژن ،خێرا مالێ وێ سالێ ل جەم وی یە ، ئەڤە ل خاترا شیخادیێ دوویێ هاتیە کرن،دەمێ شیخادی ل بۆزا (11)برا هەبوون وەک سەبەقا قەولی دبێژت:

یازدە خەندکێت کوورن
هەفت ژێ تارینا
و چار ب نوورن
ول خاترا کەرەما شیخادیێ دەیکا وان خەولێر بسەر وان دا بەلاڤ کر و ل وی دەمی نافکا زەیتونێ دبێژنێ حەجو ل ناڤ خەولێرێ کربوو و ل بەهرا شیخادی دەرکەفت و هەتا نهۆ ڤێرێ ،ئاگر ل ڤێرێ هێمایە ژبۆ خێر و بەرەکەتا رۆژێ ،ژلایەکی دیڤە دەمێ جوتیار ڤەدگرێت ژ جوتی ل دەمێ هێڤاری کابانیا مالێ هندەک ژ شیرینا هیێ حازردکەت و زارۆکێن گەرەکێ ل بەر دەرگەهێ مالێ خرڤەدبن و ئاگرەکی ب رەشکێن دەشتێ ڤێدئێخن بۆپێشوازیا جوتیاری دڤێت جوتیار و گاجوت ل سەر ئاگری را دەرباس بن و کابانی شیرینا هیێ ل سەرجوتیاری را هلادڤێت و ئەوو زاروکێن گەرەکێ وێ شرینا هیێ بخو د بەن دڤێت دگەل شرینا هیێ (گەنم وجەھ و نوک و باقلک و نیسک) بهێنە هاڤێتن ، و مال مال ئەو زارۆک د گەرین و هەر مالەکا جوتیاربیت بڤانرێ و رەسمان پێشوازیا جوتیارێ خۆ دکەت.

ئەڤ رێورسمە ب وی تەرزی ومێویژ و شەکرۆکا ، دگەل هندەک گەنم و جەهی ، بسەر واندا هلادڤێژت ،ئەڤ رێورەسمە بەری هەزاران سالا دهاتە گێران.

2- خوارنێن وەکی (کەشک و شلک و سەوک..)دئێنە چێکرن.

3-سەر بڕ دئێنە سەرژێکرن.

4- هەر رۆژ ژنک دچنە سەر تربا (گورستانێ) و هندەک ژ وی گۆشتێ سەربڕێ دگەل سەوک و شیرانا هیێ وکەشکا دبەنە سەر تربا ، ل وێدەرێ سەر بلنگازان دا بەلاڤ دکەن . ب خێرا مریێن خۆ.

5- خەولێرە دئێتە چێکرن ئەو ژی نانەکی تایبەت،بروونی دئێتە ڤەستران،میڤیژەکێ دناڤ دکەن ،ژ نانێ ئاسایی ستوورترە ،هێڤارا جەژنێ خەولێرە دئێتە شکاندن ، و پرت پرت دکەن ب قەدەر بڕێڤە دچت.

* هەر ل ڤێ جەژنێ هندەک رێورسم تایبەت ب مری ڤە د گرێدانە ئەوژی چوونا سەر تربا قەبرستانا هەرۆژ ل هەر چار رۆژێن بێلندا ودروستکرنا سەوکا وسەرژێکرنا سەربەرەکێ و ب خێرا مریێن خۆ دابەش دکەن لسەر جیران و گوندیێن خۆ ونافێ مریێن خۆ د ئیڤن.

رێورەسمێن ڤێ جەژنێ ل سێ شەمبوویێ هەتا ئینیێ گرێدایی چار رۆژانە بڤی تەرزی ب رێڤە دچت:

1- گورگا گای: ل هێڤارا جەژنێ زارۆک و گەنجێن گوندی مال ب مال دگەرن و هەر مالەک ئاگرەکی ژ رەشکێ هلدکەت و خودانێ مالێ(جۆتیار)دەوارێن خۆیێن جووتی ، ل سەر ئاگریرا د بۆرینت و کابانیا مالێ هژیر لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا نابێت، پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا لە پێش عادل عەبدولمەهدی هەبووە و لە دوای ئەویش هەر دەمێنێت، ئەوە بابەتێکی ستراتیژییە، هەر حکوومەتێکی دیکە بێتە سەر حوکم لە بەغدا پێویستی بە پشتگیری و هاوپەیمانی لەگەڵ هەرێم هەیە، پەیوەندی هەولێر و بەغدا لە هەموو حکوومەتەکان پێویستە و هەموو حکوومەتەکان هەوڵدەدەن ئەو پەیوەندیانە ئاسایی بن.

کورد خۆی بۆ هەموو سیناریۆیەک ئامادە کردووە

بڕواناکەم هەموو ئەو رێککەوتنانەی کە کراون، یان ئەم رێککەوتنەی بەم دوایە کە گەیشتوونەتە ئەنجامێک هەڵبوەشێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر شتێک لە ئارادایە و دەبێت کورد خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکا. بۆ نمونە بۆ ئەگەرێک کە حکوومەتی داهاتوو هەموو ئەوانە هەڵبوەشێنێتەوە، پێم وایە کورد خۆی ئامادە بکات.

بە دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران کێشەکان قوڵتر بوونەتەوە


محەمەد عومەر پێنجوێنی

لە بەغدا هەر حکوومەتێکی دیکە بێتە سەر حوکم پێویستی بە پشتگیری و هاوپەیمانی لەگەڵ هەرێم هەیە، پەیوەندی هەولێر و بەغدا لە هەموو حکوومەتەکان پێویستە، بڕواناکەم هەموو ئەو رێککەوتنانەی کە کراون، یان ئەم رێککەوتنەی بەم دوایە کە گەیشتوونەتە ئەنجامێک هەڵبوەشێتەوە، چونکە تا پشگیری هەرێم دیاری نەکرێت بودجە رەوانەی پەرلەمان ناکرێت، لەگەڵ ئەوەش دەبێت کورد خۆی بۆ هەموو سیناریۆیەک ئامادە بکات.

بە دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران کێشەکان قوڵتر بوونەتەوە، ئەگینا سایکس پیکۆکان بەردەوام دەبن و هەرگیز نابن بە خاوەن ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی خۆمان.

کوردووە و هەموو حساباتێکی کردووە و زۆر ئاگای لە بابەتەکەیە و تەنانەت خۆی ئامادە کردووە ئەگەر هەموو ئەو رێککەوتنانە هەڵوەشانەوە، لە سفرەوە دەست پێ بکەن بە گفتوگۆ.

تا پشکی هەرێم دیاری نەکرێت بودجە رەوانەی پەرلەمان ناکرێت

رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا کراوە تەواو دەبێت، ئەگەر حکوومەت بێتە حکوومەتێکی کاربەڕێکەر بابەتی بودجە لە دەسەلاتی حکوومەتی کاربەڕێکەرە بودجە ئامادە بکات، بۆیە پێموایە ئەو رێککەوتنانە تەواو دەبن.



هەتاکو کورد دور نەکەوێتەوە لە پەرتەوازەیی سیاسی نابێ بە خاوەن شوناسی نەتەوەیی خوی


سەکڤان هالو

کورد میژوییکی سیاسی نالەبار و پڕ لە نەهامەتی و چەرمەسەری بەسەر بردووە لەم ناوچەیەدا (ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست). کەم نەتەوە هەیە لە جیهانی مرۆڤایەتیدا بە ئەندازەی کورد چەوسێندرابێتەوە و ستەمی بەرامبەر کرابێت. سەدان هەزار مرۆڤی سڤیلی کورد بوونەتە قوربانی لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز و ڕەوادا کە ئەویش سەربەخۆبوونی وڵاتی کوردانە، کەچی هەتاکو ئەمڕۆ کورد نەیتوانیوە ئامانجی ڕەوای خوی بپێکێێت و ببێ بە خاوەن قەوارەیێکی سیاسی سەربەخو بە خۆی، بەڵێ ئەمە سەدەی بیست و یەکە و کورد هێشتا خەون بە دەوڵەتبوونەوە دەبینێت، چونکە مرۆڤی بێ دەوڵەت وەک کەسێکی بێ دایک باوک وایە، بڕوا بکەن کاتێ جارجار سەردانی وڵاتان دەکەم و گوزەرنامەکەم عێراقییە گەلێ دڵگران دەبم کە من گوزەرنامەی تایبەت بەخۆم نیە لە کاتێکدا عێراق هیچ کات وڵاتی من نەبووە و نیە و نابێت، کەچی زۆر بە ناچاربیەوە دەبێ گوزەرنامەی عێراقی هەڵگرم، عێراقێک کە لە ژێر سایەیدا سەدان هەزار مرۆڤی سڤیل و بێتاوانی کوردی کردۆتە قوربانی تەنها لە بەرئەوەی کە کورد بووە و کوردیش وەک نەتەوە و خاوەن خاک و میژوو و زمانی تایبەت بە خۆی هیچی کەمتر نەبووە و نیە لە تورک و عەرەب و فارس ئەگەر زێتاتریش نەبووبێت. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم، پێویستە کورد لەمەودوا هەوڵی خۆ بەهێزکردن بدات و دور بکەوێتەوە لە پەرتەوازەیی سیاسی و مالی خۆی ڕێک بخاتەوە، ئەگینا سایکس پیکۆکان بەردەوام دەبن و هەرگیز نابن بە خاوەن ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی خۆمان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/ ٣٩٧٦/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٤
ئاگاداری
گلدانەوەی سامانی گوزارەوە
بۆ قەرزار (حمید احمد خاتمی پور) شوێنی نیشتەجێ نادیار لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار .دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١/١٥) سەعات ٩:٢٥ ی سەرلەبەیانی ،بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبین یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە نائامادەیی (غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادەر/ صالح أحمد عبدالله
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٦٦٤ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوایکەری (سالم بری حسن)جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (ایزدو بری حسن) ئەوێ تێدا داوا دکەت نەهیلانا هەڤشکیا لسەر خانوبەرا ژمارە (٢٠١/١) کەرتی ٧٦ شندوخا ڕوژ هەلات وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نفیسارا بنگەهی پولیسن خانکی یا ژمارە (٣٠٦٦) ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٢٢ وراپورتا هەلێڕینی تاخی کبرتو ل ٢٠١٩/١٢/١٩ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو ڕۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠٢٠/١/١٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هێنیری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادەر / ریبوار محمد حسن
***
دائرە التسجیل العقاری شیخان
پێراگەیاندنی (مجهول الاقامه)
پێراگەیاندنی/ کوتایی
بۆ بارمتەدەر (اسماعیل وطه وطیار کورێن صابر اسماعیل/ ژ میراتگرێت /صابر اسماعیل محمد)
ژمارا پارچه زەوی/٥٦٥/٣٠
ژمارەی کەرت وناو/٤٣ عین سفنا ڕۆژ ئاڤا ڕەگەز/خانوو
بری قەرز/٧٠،٠٠٠،٠٠٠ حەفتێ ملیون دینار
ناوی بارمتەوەرگر/فرهاد گری شاهین
بەرواری دانەوە/٢٠١٢/١/٢٠
ئاکاری تومباری بارمتە بەرجستە/(٢) ك ٢٠١١/٢ بەرگ ١ بارمتە
نیشتەجێ/دیار نیە
ل ئەنجامی ئەو لێك زیادکردنەی لە ٢٠١٩/١٢/٢٢ کرا خانووبەرەکە بە یەکجاری بە (حجی هفند یوسف) سپاردرا بە بری (٣٢،٠٠٠،٠٠٠) سی ودوو ملیون دینار جا پێت رادەگەیەنین دەبێ قەرز وپاشکوکانی لە ماوەی ١٥ ڕوژدا داوی پێراگەیاندنت بدەیتەوە دنا مولکەکە بەناوی دوا لێك زیادکەر تۆمار دەکرێت
ماف پەروەر / نزار علی حسن
تێبینەڕێ تومارکرنا خانوبەرا شێخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی پێنحوێن
ژمارە: ١٣٧ / ش / ٢٠١٩
بەروار / ١٨ / ١٢ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / کلثوم احمد کریم
داوالەسەرکراو / عطا احمد کریم
بۆ کەسی سێیەم هەریەك لە (فریده احمد کریم، ناسك شریف صۆفی غریب، لطیف شریف صۆفی غریب، حسین سلیم، سوعده احمد کریم، مصطفی شریف صۆفی غریب، رچیه شریف صۆفی غریب، جلال شریف صۆفی غریب، فریشته احمد کریم، محسوم صالح فتاح)
داواکار داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (١٣٧ / ش / ٢٠١٩) کە تیایدا داوای (ایبات نسب / جێگیری وەچە و ڕەچەڵك) دەکات، وە دادگا بریاری دا بە هێنانە ناوەوەتان بۆ ناو داواکە وەکو کەسی سێیەم وە لەبەرئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە لە ئێستادا دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە تا لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٢٢) کات (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی ئامادەبن لەم دادگایە خۆتان یان بریکارەکەتان وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بە گوێرەی یاسا.
دادەر / دانا محمود حمه صالح
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : فاضل سليمان ابراهيم
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (جاني الياس خلف) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : بسي خدر حسين
للطلب المقدم من قبل المستدعي (خالد شمو رشو) المتضمن نصبه قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ٣٢٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە ٣٢٩/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/٩/١١ ل دور ژنافبرنا بەهرا (ازالە الشیوع) ژ ئاقارێ ژمارە ٩٩٧/٤ کەرتێ١٣ تلکەبەر کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا ب ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دسەت پێدکت ژ ڕوژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٥،٠٠٠،٠٠٠دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بوورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبهێن ڤەدانا فەرمی دا ل ڕوژا پاشتر دێ لسەر زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت: جۆرێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصە) ڕووبەرێ وێ ٢٣٦٨،١٤م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، چ خزمەتگوزاری لێ نینن، نە ڕێ، نە ئاف و کارەب.
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ٣٣٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە ٣٣٤/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/٩/١١ ل دور ژنافبرنا بەهرا (ازالە الشیوع) ژ ئاقارێ ژمارە ٦٤٧/٤ کەرتێ١٣ تلکەبەر کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا ب ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دسەت پێدکت ژ ڕوژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بوورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبهێن ڤەدانا فەرمی دا ل ڕوژا پاشتر دێ لسەر زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت: جۆرێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصە) ڕووبەرێ وێ ٢٣٦٨،١٤م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، چ خزمەتگوزاری لێ نینن، نە ڕێ، نە ئاف و کارەب.
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ٣٨٥/ب/٢٠١٣
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
ئاگەهداری
لدویف بریارا مە یا ژمارە ٣٨٥/ب/٢٠١٣ ل ٢٠١٣/٧/٢٢ ل دور ژنافبرنا بەهرا (ازالە الشیوع) ژ ئاقارێ ژمارە ٩٥/٥ کەرتێ١٣ تلکەبەر کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا ب ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دسەت پێدکت ژ ڕوژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕوژنامێن ڕوژانەدا و هەرکەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٨،٠٠٠،٠٠٠دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بوورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبهێن ڤەدانا فەرمی دا ل ڕوژا پاشتر دێ لسەر زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت: جۆرێ ئاقاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصە) ڕووبەرێ وێ ٢٣٦٨،١٤م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، چ خزمەتگوزاری لێ نینن، نە ڕێ، نە ئاف و کارەب.
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە/ ٥٧٣٥/ش/٥/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (قصی حمزه طه)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ابتسام سعد عبدالمحسن) داوای ژمارە ٥٧٣٥/ش/٥/٢٠١٩ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای تفریق بسبب الهجر دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە/ ٥٧٣٦/ش/٥/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (قصی حمزه طه)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ابتسام سعد عبدالمحسن) داوای ژمارە ٥٧٣٦/ش/٥/٢٠١٩ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای نفقە دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە/ ٥٧٣٦/ش/٥/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (قصی حمزه طه)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ابتسام سعد عبدالمحسن) داوای ژمارە ٥٧٣٦/ش/٥/٢٠١٩ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای نفقە دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
سەرۆکایەتی دادگای هەولێر یە ژمارە ٣٩٩/ك/٣/٢٠١٩ و ڕێکەوت ٢٠١٩/١٢/١٢ بڕیاری لەسەر داوە کە ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٩٩/ك/٣/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/١٠ لەسەرت بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٤ چوار مانگ بەپێی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێندرێت مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ١١٤٢/ك/٣/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو بیهان بهزاد عبدالرحمن
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١١٤٢/ك/٣/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/١١ لەسەرت بە زیندانی کردن الحبس بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەپێی ماددەی ٤٨٤ لە یاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیێندرێت مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە/ ٤٢٤٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٤
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێ کردنی ژمارە ٢٠١٩/٤٢٤٤ ئۆتۆمبێلی ژمارە ٥٣٧٣٠ جۆری میسوبوشی پیکاب ٤ طن مودیل ٢٠٠٨ ڕەنگی سپی قەزار عبدالواحد محمد اسماعیل بە لێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لە جیاتی قەرزی هێمن عمر طه کە بری ١٣،٢٥٥،٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی ٣ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتی و دەڵالیەکەش لە ئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبری ١٣،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە. جێبەجێکاری دار/ کالێ قادر پیرۆت
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ٥٦٨/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٢/١٦
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد عباس عنفوس
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٣١٠ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی دەستەی دەستپاکی لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا تانەو پێچداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە/ ٢٧٢/ك/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگاداری
تۆمەتبارکراو محمد احمد حمد
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٧٢/ك/٢٠١٩ لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٣٠ بڕیاری دا بە غەرامەکردنت بە پێبژاردنی دارایی بە بری ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار دینار بەپێی ماددەی ١/٤٢ لە یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگەوە بە دەڵالەتی ماددەی ٣١ لە یاسای سزادا لە ڕۆژی دادگاییکردندا ئامادە نەبوویت هەرچەندە ئاگادارکرایتەوە بەهۆی هەلاتنت و نادیاری نیشتەجێ بوونت بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بریارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بە دەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا تانەو پێچداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ١٥٤١/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو عبدالرحمن یونس احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٢ لە یاسای تیرۆر جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی /٢
ژمارە/ ٣٦٦/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٢٣
ئاگاداری
بۆ تاوانبار دەشتی احمد پیرۆت
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٨ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ٣٦٦/ت/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٣١/٤٤٤ لە یاسای سزادانی عێراقی حوکم درا بەسەرتا بە دوو ساڵ وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی اعتراضت هەیە لەم بریارەی دادگا بەگوێرەی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ٢٩٧/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو بەختیار ئەحمەد مارف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٣١٠ لە یاسای سزادان جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە/ ٢٥٣/ك/٢٠١٨
بەروار/٢٠١٩/١٢/١٢
ئاگاداری
تۆمەتبارکراو محمد یوسف بلال
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە/ ٢٥٣/ك/٢٠١٨ لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ بڕیاری دا بە بەند کردنت بۆ ماوەی ١ یەك مانگ بەپێی بەشی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ بەوپێیەی لە ڕۆژی دادگاییکردندا ئامادە نەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە ئاگادارکرایتەوە بەهۆی هەلاتنت و نادیاری نیشتەجێ بوونت بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بریارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بە دەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا تانەو پێچداچوونەوەی ئەم بریارە نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە/ ١٧٣/ك/٢٠١٩
بەروار/٢٠١٩/١٢/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد حسن بابکر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٣/٢١ لە یاسای چەك لەو کێشەیەی تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی ڕانیەو لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە/ ٢٩٣/ك/٢٠١٩
بەروار/٢٠١٩/١٢/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتبای راکردوو محمد ابراهیم عمر
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٧ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزان لەو کێشەیەی تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی تووندو تیژی دژی ئافرەتان لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ نایف عثمان رمضان
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارەی داوا/ ٩٦٨/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد عثمان عبدالله
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا/ ٦٩/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٥
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو ئالان صدیق حسن شوکت
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٤٥٩ لە یاسای سزادانی عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ سەروەر علی جعفر
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا/ ٣٣٨٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو رعد رفیق علی صالح
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی ٢٤٧ لە یاسای سزادانی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرچنار لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ سەروەر علی جعفر

میلە بەردینەکانی تۆبزاواو کێڵەشین



کەمال نوری مەعروف

میلە بەردینە ئاسەوارییەکان کە نووسینی مێخییان لەسەرە، دەکەونە گۆشەی باکووری خۆرهەلاتی هەرێمی شاخاوی لە کوردستانی باشوور. نووسینەکانی سەریان بە دوو زمانن، یەکەمیان زمانی ئاشوورییەو دووەم زمانی ئۆراراتی یان خالدی کە زمانی ناوچەیی ژووروی ولاتی (نائیری)و ناوچەی گۆلاوی (وان)و ولاتی (ئۆرارتۆ) بووە کە ئێستاکە بەشێکی ولاتی ئارمینیای ڕۆژگاری ئەمڕۆیەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەخۆیان گوتووە (خالدی) لەبەرئەوەی خۆیان بردۆتەوە بۆ سەر خوای قەومییان (خالدی)و زمانەکەشیان بەهەمان ناوی (خالدی) ناسراوە. لەمەدا ئەوانیش لاسایی پادشاکانی ئاشوریان کردۆتەوە کە ناوی خۆیان بردۆتەوە سەر خوای ئاشورو زمانەکەشیان بەو ناوە ناولێناوە. بەڵام ئاشوریەکان، خالدییەکانیان بە ئۆراراتی ناوبردووە کە ناولێنانێکی جوگرافی ولاتەکەیانە!

2

ئاسەواری گرنگیش لەسەر ڕێگای هەولێر ڕواندز نییە جگە لە هەندێک ئەشکەوت کە (ڕالف سولکی) هەستا بە پشکنین تیایانداو لێکۆڵینەوە لەسەر بەتایبەتی ئەو ئەشکەوتە پێشوازی لە خەڵکی هاتوچۆەوڕی ڕێگاکە دەکات لە ڕاستی ئەو ڕێگایەی بەرانبەر گوندی (باتاس)ە و گردێکی گەورە لە دەشتەکەیدایە کە 3 کیلۆمەتر لێوەی دوورە لەوانەیە ئەو گردە پەیوەندی بەو نەخشە هەڵکۆڵراوەوە هەبێت لەبەرئەوەی دوا شوێنی ئاشوریە کە دەکەوێتە سەر سنووری خالدی کە بە زنجیرە شاخی ڕواندز دەستپێدەکات و دەڕوانێت بەسەریا. هەروەها دەیان ئەشکەوتی تریش هەن لە گەلی عەلی بەگ بەدرێژایی ڕێگاکەو لەلاکانیەوە لە بەرزایی جیاجیادا بڵاوبوونەتەوە کە نابێت نەڵێین ئەوانە جێگای نشینی مرۆڤی ئەشکەوت لە سەردەمە بەردینەکاندا نەبوون لەبەرئەوەی هۆکار هەبووە لەو ڕووەوە بەتایبەتی بۆ جێگا نشینەکانی ئەشکەوتەکان. هەروەها قایمکاری کۆنیش لە بەرد لەسەر لوتکەکان بڵاوبونەتەوەو دەبینرێن و دەروازەکانیان بەدرێژایی زنجیرەی دەربەندە شاخاویەکە لە هەردوو لاکەیەوە بەرزییەکانیان لە هەندێک شوێندا دەگەنە 500 مەتر کە پێدەچێت پاشماوەی قایمکاری (خالدی) (ئۆرارتی) بوو بن بۆ پاراستنی ناوچەی (مەساسیر) لە هێرشی ئاشوریەکان بەتایبەتی لە یەکەی سەربازە تیرهاوێژەکانیان و ڕاوێنەرانی شاخییان کە لەوەوبەر باسمانکرد. ئەو دەربەندە شاخییەش دادەنرێت بەوەی تاکە ڕێگایەکە کە ناوچەی (ڕواندز) بە دەشتی هەولێر، یان ولاتی (مەساسیر) بە ولاتی ئاشور دەگەیەنێت، بەڵام گرانیش بووە ئاشوریەکان بیبڕن لەبەرئەوەی لێژو هەڵدێر بووە لەوکاتەدا چاکیش نەبووە بۆ ڕۆشتنی گالیسکەکانی ئاشوری و کەلوپەلی سەربازی قورسییان، لەو ڕووەوە ڕای زانای شوێنەوارناسی ئاڵمانی (لیخمان) ڕاستە کە بەو ناوچەیەدا لە نیسانی 1899 ڕۆشتووە کە وتوویە:

ئاشوریەکان لە داگیرکارنیاندا بۆ ولاتی ئۆرارتۆ بەو ڕێگایەدا نەڕۆشتوون کە لە نەینەواوە بۆ شاری هەولێر چوون و لەوێشەوە بۆ ڕواندزو لەوێشەوە بۆ ناوچەی گۆلاوی ورمێ کە بە ڕێگای تۆبزاوەو کلیلەشیندا چووبن لەبەرئەوەی بۆ سوپای ئاشوری گرانبووە بەو ڕێگایەدا بۆ (ئارمینیا) بڕوات لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمانکرد. لەلایەکی تردەوە بەهۆی ئەوەی ڕێگای کیلەشین دەگاتەوە بە ناوچەی ڕواندز یان ولاتی (مەساسیر) دەگەیەنێت بە دەریاچەی (ورمێ)و (وان)و ولاتی (ئارمینیا) لە ڕێگای باش قەڵا-دێر- دیزە (کە دەکەونە ناوچەی گیاوەر ژ نیری) کە تەنیا شارۆچکەی ڕواندز نەبێت ناگاتەوە بە ولاتی ئاشور، بۆیە هەرگیز جێگای سەرسوڕمان نییە کە خالدییەکان ولاتی (مەساسیر)یان داگیر کردبێت کە دەکەوێتە خۆرئاوای ڕێگای کیلەشین بەمانا ناحیەی (سیدەکان)ی ئێستا. کە ئەگەر ئاشوریەکان ویستبێتیان بۆ ولاتی (ورمێ) بڕۆن ڕێگای هەولێریان گرتووەو لەوێشەوە ڕووەو خۆرهەلات چوون بۆ ناوچەی (خواکورک) بەمانا ڕێگای شاخاوییان بڕیووە لە دەربەندی (گۆمەسپان) لەوێشەوە بە ڕێگای شاخی (کرداغ)دا ڕۆشتوون کە تیایدا بە ڕێگایەک دەگەیت بۆ (سەردەشت) دەڕوات لەوێشەوە بۆ سابلاغ و گۆلاوی ورمێ.

ڕێگای ڕواندز بۆ تۆبزاوە:

ڕێگایەک هەیە لەنێوان ڕواندزو (دیانا)دا هەندێکی تری قیرتاوکراوەو هەندێکی تری قیرتاونەکراوە، بەڵام ئۆتۆمبیلی پیادا دەڕوات لە نێوەڕاستی ڕێگاکەدا لقێکی لێدەبێتەوە دەتگەیەنێت بە دەمی ڕێگایەک کە گوندی (بالکیان)و پردی جوندیان. لە گوندی (دیانەش) ڕێگای کاروانەکان دەسپێدەکات کە بۆ (سیدەکان) دەڕۆن هەندێکیان دۆڵ و نارەحەتن و هەندێکیان ئاسانن باشن بۆ ڕۆشتنی ئوتومبیلەکان و سوپا، دوای دوو کاتژمێر ڕۆشتن لەو ڕێگایەدا کە بە دەشتی (دیانە)ی فراواندا دەڕوات ڕێگاکە پێچاوپێچی بە ناوچەیەکی شاخاویدا سەردەکەوێ و دەڕوات کە سەفەرکەر لێرەدا دەتوانێت بەسەر دۆلێکدا لە لوتکەی (سەربەردی)یەوە دا بڕوانێت کە زەویەکی گەورەی فراوانەو پڕ دارو درەختەو مەخفەرێکی پۆلیسی لێیە لەگەڵ چەند خانوویەک و سەرچاوەیەکی ئاوی زۆر لە (سەری بەردی)شەوە دوو لقی تر لە ڕێگای پانی لێدەبێتەوە کە بۆ ڕۆشتنی کاروانچییەکان باشن و هەردووکیشیان دەگەنەوە بە گوندی (سیدەکان) مەرکەزی ناحیەی سیدەکان کە ماوەی دوو کاتژمێرو نیو لەو لوتکەیەوە دوورە. گوندی (سیدەکان) لەسەر ڕووی دەریا 2940 پێ بەرزەو دەکەوێتە نێوان یەکگرتنەوەی دوو لق لە لقەکانی زێبی گەورە کە (سیدەکان)و ڕوباری (بورا)ن، ژمارەی خانووەکانی نزیکەی (60) خانووەو قوتابخانەیەکی سەرەتایی تیادایە لەگەڵ مەخفەرێکی گەورەی پۆلیس، بەڕێوەبەری ناحیەو دایەرەی تەلەفۆن و لاسلکی تیادایە. گوندێکی جوانەو داروردرەخت لە هەموو لاوە دەوری گرتووە، بەڵام مێشولەی زۆرە. دوای (20) خولەک ڕۆشتن دەگەیت بە (تۆبزاوە) کە لای ڕاستی ڕوباری (بورا) یان (تۆبزاوەجا)یەو لای ڕاستی ڕێگاکەش دەگاتەوە بە سەڵتە ڕێگای (کێڵەشین)و تولە ڕێگای (لۆلان). میلە بەردینەکەی تۆبزاوە لە بۆشاییەک لە زەویەکی تەختدا دانراوە کە دەڕوانێت بەسەر دۆلێکی پانی پڕ دارو درەختداو ئاوی ڕوباری (تۆبزاوەجا)یش پیایدا دەڕوات کە شاخو بەرزایی لە هەموو لایەکەوە دەوری داوە. لوتکەی (سەری بەردی)ش دەکەوێتە باشوورییەوەو شاخی (ئیلا)یش لە باکووری خۆرهەلاتیدایە کە زنجیرە شاخی کێڵەشینی لێدەبڕێتەوە، لەوێشەوە شاخی (بەرزین) کە دەڕوانێت بەسەر دەشتی (بەنیوماوتاو) لە تەرەفی ڕۆژهەلاتی دایەو مرۆڤ لێرەدا لوتکەی خۆرهەلاتی دەبینێت کە پێیدەڵێن (سیکات خۆشە)، گەڕیدەکان ئەوە دەگێڕنەوە کە دیدەنی ئەو میلەیان کردووە لە چاخی 19ی زایینی و سەرەتای چاخی (20) کە گوندێک لە نزیکییەوە هەبووە پێیان وتووە (تۆبزاوە)و ئێستا ناوی نەماوە، بەڵام لە باشوورو باشووری خۆرئاوایدا لەو بۆشاییە گەورە پڕ دارو درەختەدا گوندی زۆر هەبووە، لەوانە گوندی (جوجیلیا)و (هێرن). لە خۆرهەلاتیدا بە دڕێژایی ئاوەڕۆی دۆڵەکە گوندی زۆری تری لێ هەبووە لەوانە (مێجسەر) کە دەکەوێتە سەر ڕێگای (تۆبزاوە - بەنی - بیرکمە - مێرگەمیر - کێڵەشین).

ڕێگای تۆبزاوە بۆ کێڵەشین:

ڕێگاکە لە میلەکەی تۆبزاواوە ڕووەو باشوور بەردەوامەو شانبەشانی دۆڵی (تۆبزاوە چای) دەڕوات کە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری زێبی گەورەو لای چەپیەوە دەگاتەوە بە گوندی (بەنی) دوای ڕۆشتنی دوو کاتژمێر دەگەیتە گوندی (ماوتاو)ی گەورە ڕێگاکە ڕووەو شانی باکووری شاخی شێخ (بەربەزین) دەبڕێ و بەرزدەبێتەوە کە دەڕوانێت بەسەر دۆلی (بێرگومە)ی بەپێت گەورەو لێرەوە ڕێگاکە دەبێت بە دووان یەکێکیان بە شانی ڕۆخی شاخی (شێخ بەربەزین) دەڕوات کە بە چوارەوریا لول دەخوات هەتاکو دەگاتە بە کەرتی خۆرهەلاتیی و لە خاڵێکدا لەسەر ڕوباری (ڕاوەندوک) دەوەستێت، ئەم ڕێگایەش لەلایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە لەکاتی شەڕدا چاک کراوە، و بۆ لەوەڕگای (میرگەمیر) کۆچەریەکان دێن بۆ بەسەربردنی وەرزی هاوین. ڕێگایەکی تریش شۆڕدەبێتەوە بۆ گوندی (بیرگەمو) دوایی بەرزدەبێتەوە بەرەو باشورو باشوری خۆرهەلات ڕووەو میلەکەی کێڵەشین و بە ڕێگای یەکەم دەگاتەوە واتە بە لەوەڕگای (میرگەمیر) دوای ئەوەی ڕووبارەکەش دەبڕێ بە ڕێگایەکی هەڵدێری شاخاویدا بە ماوەی چوار کاتژمێر ڕۆشتن دەڕوات سەفەرکەر دەگاتە ئەو شوێنەی دەڕوانێت بەسەر دۆلی کێڵەشین کە دەگاتەوە بە ڕێگایەکی تەسکی کێڵەشین، لەو بۆشاییەی دەکەوێتە خۆرهەلاتیەوە کە شوێنی میلی (کێڵەشین)ەو لەسەر بەرزاییەکی گچکە لە زەوی لەبەردەم هێڵی چەماوەی دابەشکردنی ئاوی باران و بەفردا دانراوە.

گوندی (بیرگومە) دوا شوێنەواری دانیشتنی جێگیرە لە ڕێگای کێڵەشین کە دەکەوێتە زمانەزەییەکەوە، لە باشور بە ڕوباری (ئیرمس)دا دەڕواو لە باکوری خۆرئاوایدا ڕوباری ڕواندزەو لە باشوری خۆرئاوایدا شاخی (هاجەر) دەوری داوەو لە خۆرهەلاتیا شاخی (بەربەزین)، دانیشتوانی (بیرگومە)ش باسی شوێنی گوندەکەیان دەکەن کە لە ڕۆژگاری زووداشارێکی گەورە بووەو بە خشت و گەچ دروستکراوەو دەڵێن پارەوێکی ئاوی کۆنی هەبووە لە سوالێت دروسکراوەو پەیوەستبووە بە سەرچاوەی ئامێرێکەوە لە شاخەکەی بەرانبەری کە نیو کاتژمێر لێوەی دوورەو دەکەوێتە لای باکوری خۆرهەلاتی.

ناوچەی ڕێگای کێڵەشین هەواکەی خۆش و جوانەو لە وەرزی هاویندا ئاوی زۆرەو دەرختی سەروی کورت دایپۆشیوەو زۆربەنەی وەرزەکانی ساڵیش بە بەفر داپۆشراوە کە دوایی لە وەرزی هاویندا دەتوێتەوە بەتایبەتی لە حوزەیران و تەموزو ئابدا کە تیایدا پلەی گەرمای ڕۆژ دەگاتە 30 پلە، بەڵام لە شوێنی (کێڵەشین)دا گەرما نزم دەبێتەوە بە ڕادەی دە پلە لە ڕۆژدا لە شەویشدا سەرما زۆرتر دەبێت، ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بردایەتی کوردی (بەنی) دوای ڕۆشتنی دەموچاویاناو بەلاشەیاندا دیارە کە بۆ زنجیرەی هیندو ئێرانی یان میدی دەگەڕێنەوە هەروەکو پرۆفیسۆر جۆرج کامیرۆن دەڵێ:

میلەکەی کێڵەشین: شوێن و وەسفی:

لەو بۆشاییەی دەکەوێتە کۆتایی دۆڵەکەی لەنێوان شاخی (سیکا)و بەرزاییەکانی ئێران کە دریژبۆتەوە ڕووەو باکوری خۆرئاوا، میلە بەردینەکەی (کێڵەشین) تیایدا لەسەر بەرزاییەک لە زەوی دانراوە لە ناوەڕاستی مەیدانێکی فراوان لە دەمی شاخەکە کە (300) باڵ لێوەی دوورەو پێیدەڵێن میلە بەردینە ئاسەوارییەکە.

بەڵام ئەم میلە ئاسەوارییە ناوی ناوی کێڵەشینە کە ناوێکی کوردییەو دانیشتوانەکەی ئەو ناوەیان لێناوە بەمانای دانراوی شین دێ کە بەردێکە لە شێوەی کێلی گۆڕ بۆ دیاریکردنی ڕووی سەرەوەی ڕەنگی خۆڵەمێشی تۆخەو توخمەکەشی لە بەردی بازڵتە کە لەم ناوچەیەدا لەو جۆرە بەردە نییەو لەوانەیە هەروەکو زۆرینەی زاناکان دەڵێن کە دییەنی ئەو میلەیان کردووە ئەو بەردەیان لە ولاتی ئارارات‌اوە هێنا بێت یان لە چواردەوری گۆلاوی (ورمێ) کە لە ولاتی (خالدیا) نەخشێنراوەو نووسینی لەسەر تۆمارکراوەو دوایی گوێزراوەتەوە بۆ ئەو شوێنەو لە دەمی دەربەندەکەدا دانراوە کە لە هەردوو ڕووەکەی نووسینی مێخی لەسەرە بە هەردوو زمانی خالدی (ئۆرارتی) کە 41 دێڕی گرتۆتەوەو ئاشوری کە پێکهاتووە لە 42 دێڕ کە هەندێکیان باش ناخوێنرێنەوە بەهۆی هۆکاری سروشتیی و دەستی خراپەکاری مرۆڤ، بەشی سەرەوەی شێوە کەوانەییەو دریژی میلەکە دەگاتەوە بە (2) مەترو پانییەکەی (60) سانتیمەترەو ئەستوریەکەی (30) سانتیمەترە، لەسەر بنکێکی چوارگۆشە بەشێوەیەک دانراوە کە جیاوازە لە دانانی میلەکانی ئاشوری و بابلی، بەشی سەرەوەی وا هەڵکۆڵراوە، زمانەی بۆ دەرهێنراوە لەسەر شێوەی خانووە کۆنەکان کە چووە بەناو دەمی قولاپێکداو بەشی خوارەوەیشی چووەتە ناو درزێکی لاکێشی لە بنکەکەیداو ڕووەو باکوری خۆرئاوا دانراوە واتە بەرەو ولاتی (مەساسیر)، (لە باسی میلەکەی تۆبزاوە)و ولاتی ئاشوریدا قسەی لەسەر دەکەین.

میلەکەی کێڵەشین دەکەوێتە پشت شوێنەکانی دابەشکردنی ئاوی باران و ئاوی توانەوەی بەفر، لەناو سنوری کوردستانی عێراقدایە بە ماوەی 200 باڵ و لەسەر بەرزاییەکی بچکۆلەیە کە 9425 پێ لەسەر ڕووی دەریاوەیە کە لەوانەیە پاشماوەی خانوویەک یان پەرستگایەکی خالدی بووبێت لەبەرئەوەی بەردی خانووی تیادا لەسەریەوە بڵاوەو لەپێشیەوە، لە تەرەفی کوردستانی عێراقیش مەیدانێکی فراوان هەیەو هێڵە چەماوەکانی شاخ سنورداری کردووەو شێوەی سورێکی سروشتی لە دەمی شاخەکەدا وەرگرتووەو پانییەکەی (دە) مەترە، سەرچاوەی ئاوێکی لێیە هەروەکو لەوەوبەر ئاماژەمان پێدا پێیدەڵێن (دەربەندی کێڵەشین) کە دۆڵێکی قوڵ لێوەی بەرەوخوار دەبێتەوە، و بەرەو باکوور دەڕژێتەوە بۆ گوندی (لۆلان) کە پێیدەڵێن دۆڵی کێڵەشین. لێرەدا ڕێگایەکی پانی بەرد ڕێژکراو هەیە، دەستپێدەکات لە پشتی دۆڵی کێڵەشین هەتاکو ڕێگا باریکەکە، وا دائەنرێت کە پاشماوەی ڕێگای خالدی کون بێت و گەیشتبێتەوە بە ولاتی (مەساسیر) کە تیایدا کاروانە زۆرەکانی کۆچبەرانی کورد لە مانگەکانی هاویندا بەرەو لەوەڕگاکان کۆچدەکەن بۆ ئێران بۆئەوەی ئاژەڵەکانیان لە وەرزەکانی وشکانیدا بلەوەڕێنن کە لە ئەترافی هەولێرو ڕواندزەوە بۆ ئەو شوێنە دەڕۆن بۆئەوەی بگەن بە دەشتی (شنۆ)و ئەترافی گۆلاوی ورمێ. ئەوەی لەسەر یەکێک لە بەرزاییەکانی نزیک بە کێڵەشین دەوەستێت لە بەردەمیەوە شارۆچکەی شنۆو دەشتەکەی دەبینێ کە ڕووباری (قادرچای) دەبەڕێ، هەروەها گۆلاوی ورمێش دەبینێ. ناوچە شاخاویەکەش کە دەوری میلەکەی کێڵەشینی گرتووە بەفر هەتاکو لە وەرزی هاوینیشدا دایپۆشیوە دوایی دەستەکات بە توانەوە لە مانگەکانی تەموزو ئابدا.

دۆزینەوەی میلەکەو نووسین لەسەری:

بۆ یەکەمین جار دۆزینەوەی میلی کێڵەشین لەلایەن قەشەیەکی ئاڵمانی بەناوی (شۆلێتس- Sehuiz) ئەنجامدرا کە چووەتە ناوچەکەو دییەنی میلە بەردینەکەی لە ساڵی1780 دا کردووەو نووسینەکەی کۆپی کردووەو قاڵبی لێوەرگرتووە، بەڵام دانیشتوانی ناوچەکە سەریان بڕیوە بەو کارەش ڕاپۆرتەکانی تیاداچوون. لە دەوروبەری ساڵی 1841یش ژەنەراڵ(ڕۆڵەنسوون) دییەنی کردووەو هەواڵی لەبارەیەوە گەیاندووەو وەسفی شێوەکەی کردووەو بڵاوی کردۆتەوە. لە ساڵی 1852 گەڕیدەی ڕووسی خانیکۆف هاتۆتە ئەم شوێنەو دییەنی میلەکەی کردووەو نووسینەکانی کۆپی کردووەو قاڵبی لێوەرگرتووە، بەڵام ماندووبوونەکەی لەناوچووە. لە ساڵی1858 دکتۆر (بلاو) هاتۆتە ناوچەکەو دییەنی میلەکەی کردووەو قاڵبی لێوەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی باش نەبووەو لەکاتی گواستنەوەیدا تێکچووە، بەڵام زانای زمانزانی کۆن (سایس) (پسپۆڕ لە زمانە کۆنەکان) توانیویەتی بۆ یەکەمجار لێی بکۆڵێتەوەو دەقەکە بخوێنێتەوەو بڵاوی بکاتەوە. دوای ئەو بەرواڕە کەسی تر لە زاناکان نەهاتونەتە ناوچەکە هەتاکو ساڵی 1890 کاتێک (دیمۆرگان) لەگەڵ ژنەکەیداو قەشە (ڤاسلین)دا نووسینەکەی کۆپیکردووەو قاڵبیان لێوەرگرتووەو وێنەیان گرتووەو دەقەکەش زانای گەورە (شێلێ) خوێندوویەتەوەو بڵاوی کردۆتەوە. دواتر زانای گەورەی شوێنەوار (لیمان هاوبت) لەگەڵ (بلاک) لەو گەشتەیاندا کە هاتوون بۆ ولاتی ئارمینیا دییەنییان کردووەو لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزیان لەسەری بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوانیش لێکۆڵینەوەی زۆری تری لەسەر بڵاوکرایەوە کە هەموویان دەربانخست میلەکە بۆ پادشای (خالدی) (ئارارات‌ی) (ئاشبۆئینی) دەگەڕێتەوە لە چاخی هەشتەمی بەر لە زایین، ئەمەش بووە کلیلێک بۆ زانینی زمانی (خالدی) (ئارارات‌ی) لە ڕێگای زمانی ئاشوریەوە یان گۆڕینە ئاشوریەکە بۆ دەقە خالدییەکە لەوەشی دانیشتوانەکە لە دەوڵەتی ئاشوری دابماڵرێت، ئەوەبوو لە سەردەمی یەکێک لە پادشاکانی بەناوی (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) هێزەکانی خالدی لەژێر سەرکردایەتییاندا هێرشیان ڕووەو باشوور بردو چوونە ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەوەو ولاتی (مەساسیر) کە دەکەوێتە نێوانیان داگیریان کرد.

پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) میلێکیان تیایدا دانا بۆ یادگاری سەرکەوتنیان بەسەر دەوڵەتی ئاشوریداو داگیرکردنی ناوچەی (مەساسیر)، ئەو میلەش بە میلەکەی (کێڵەشین) ناسراوە کە ئێمە لەسەری دەدوێین.

هەموو زاناکان و لێکۆڵەرەوانی شوێنەوار لەسەر ئەو باوەڕەن کە پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) لەسەردەمی پادشا شامشی ئادەدی پێنجەم کە فەرمانڕەوایەتی لە (کالخۆ) (ئمرود) کردووە لەنێوان ساڵەکانی 828ۆ810 ی پ.ز هاوسەردەم بوون و جیابوونەوەی ئەو بەشەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریش لەسەردەمیدا دروستبوو، بەڵام ئەو ساڵەش نازانین کە هێزەکانی پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) ئەو بەشەی ناوبراویان داگیرکردووە، هەروەها ئەو ساڵەش نازانین ئەو میلەی تیادا دانراوە لەبەرئەوەی نووسینگەی سەری بە هەردوو دەقەکەی ئاشوریو خالدی ناوی ئەو پادشای ئاشوریەیان نەهێناوە کە لە ڕۆژگاریکدا خالدییەکان ئەو سەرکەوتنەیان بەدەستهێناوە.

مێژووی میلەکەو ناوەڕۆکی دەقەکە:

ئاشوریەکەنا ولاتی (نائیری) ولاتی (مەساسیر) (قەزای ڕواندز)یان داناوە کە ناوچەیەکی نفووسی زیندووە بۆیان لەبەر ئەو هۆکارانەی لە پێشەکی نووسینەکەدا باسمانکرد، بۆیە تاکە هیوایان بۆ ئەوە بووە پاریزگاری لەو بەشەی ئیمپراتۆریەت بکەن بە هەر نرخێک بووبێت. بەڵام درکەوتنی دەوڵەتی (خالدی) (ئارارات‌ی) لەسەرەوەی گۆلاوی وان و خۆرئاوایداو دورکەوتنەوەیان لە فورسەتی پەلامارداردان بۆ سەر ئەو مۆڵگەکانەی ئاشوری و پاڵدانی بە ولاتی ئارارات‌ی شاخاوی پتەوو بەهێز وایکرد ئەو دەوڵەتە لەگەڵ ڕۆشتنی ڕۆژگاردا ببێتە دەوڵەتێکی مونافیسیی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بەسەر ئەو ولاتە ناوبراوەدا. بەڵام گەورەبوونی دەوڵەتی ئاشوری و هەڵئاوسانی توانای تەواوی بۆ نەهێشتەوە بۆ پاریزگاریکردن لە هەموو سەردەمە میژووییەکاندا هەروەکو لە سەرەتادا لەسەر دەوڵەتی خالدی لە قسەکانماندا بینیمان. بۆیە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی لاوازی دەوڵەتی ئاشوری دا سەرقاڵبوونی بە کارەکانیەوە ئەمە ڕوویدا لەوەوبەر لەسەری دوایین. فورسەتیشی دا بە دەوڵەتی خالدی کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو مومتەلەکاتە لە دەوڵەتی ئاشوری دابماڵرێت، ئەوەبوو لە سەردەمی یەکێک لە پادشاکانی بەناوی (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) هێزەکانی خالدی لەژێر سەرکردایەتییاندا هێرشیان ڕووەو باشوور بردو چوونە ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەوەو ولاتی (مەساسیر) کە دەکەوێتە نێوانیان داگیریان کرد.

پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) میلێکیان تیایدا دانا بۆ یادگاری سەرکەوتنیان بەسەر دەوڵەتی ئاشوریداو داگیرکردنی ناوچەی (مەساسیر)، ئەو میلەش بە میلەکەی (کێڵەشین) ناسراوە کە ئێمە لەسەری دەدوێین.

هەموو زاناکان و لێکۆڵەرەوانی شوێنەوار لەسەر ئەو باوەڕەن کە پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) لەسەردەمی پادشا شامشی ئادەدی پێنجەم کە فەرمانڕەوایەتی لە (کالخۆ) (ئمرود) کردووە لەنێوان ساڵەکانی 828ۆ810 ی پ.ز هاوسەردەم بوون و جیابوونەوەی ئەو بەشەی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریش لەسەردەمیدا دروستبوو، بەڵام ئەو ساڵەش نازانین کە هێزەکانی پادشا (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی (مانوا) ئەو بەشەی ناوبراویان داگیرکردووە، هەروەها ئەو ساڵەش نازانین ئەو میلەی تیادا دانراوە لەبەرئەوەی نووسینگەی سەری بە هەردوو دەقەکەی ئاشوریو خالدی ناوی ئەو پادشای ئاشوریەیان نەهێناوە کە لە ڕۆژگاریکدا خالدییەکان ئەو سەرکەوتنەیان بەدەستهێناوە.

بەڵام ئەوە دەزانین کە پادشا شەمشی ئادەدی پێنجەم، لە ساڵی سێیەمی فەرمانڕەواکەیدا هێرشێکی سەربازی بردۆتە سەر وڵاتی (نائیری)و وڵاتی (ئارامی) لەم هێرشەیدا (500) شارو شارۆچکەی لە شارەکانی ئەو وڵاتەی لەنێوبردووە.

ناوەڕۆکی دەقە ئاشوریەکە لەسەر ئەم میلە بەردینە گۆڕینی دەقە خالدییەکەیەو بەوشێوەیە: پادشا ئاشبۆئینی کوڕی سەردور، پادشای گەورە، پادشای دنیاو گەورەی شاری (تشبا) خۆی و کوڕەکەی لەبەردەم خوا (خالدیا) وەستان خانوبەک (پەرستگایەک)یان دروسکرد دوایی ئەو میلەیان دانا کە نووسینەکانی شایەتن بۆ هەستانی (ئاشبۆئینی)و کوڕەکەی بەدروسکردنی پەرستگا. دیاری بەنرخیان لە چەکی جوان و قاپو قاچاغ کە دروسکراون لە مس و قاپ و قاچاغی مسی تر پێشکەش کرد، هەروەها زیو و دیاری زۆری تریان لەبەردەم دەرگای پەرستگای خوا کرد بۆئەوەی ژیانیان درێژبێت. دوایی قوربانییان بۆ کرد لە شاری (مەساسیر) کە (1112) گوێرەکەو (9120) مەڕو (12480) مەڕی مێچکەبوون، بە ئامادەبوونی (ئاشبۆئینی) کوڕی (سەردور) پادشای گەورە، پادشای دنیا.

پادشای ولاتی (نائیری)و گەورەی شاری (تشبا) بۆ پەرستگای خوا (خالدیا) قوربانییەکانی داناو کوشتارەکانیشی بەناوی خۆی بۆ دانیشتوانەکە لەسەر ڕێگاکەو لەبەردەم دەرگاکانی خوا (خالدیا) جێهێشت، کە بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیانەوە بەڕەوڕووی دەرگاکان کرانەوە بۆ دڕێژەدان بە نەوەیان لە ژیانی دینادا. ئەوەی ئەم نووسینە نووسراوە لەسەر ئەم میلە بکۆژێنێتەوە یان ئەزیەتی بدات خوا (خالدیا)و خوا (ئاداد)و خوا (شاماش) خواکانی شاری (مەساسیر) نەوەیان لەسەر زەوی بکۆژێنێتەوە.



کرواتیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپای وەرگرت

کرواتیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا کە بۆ ماوەی شەش مانگ بەڕێوەی دەبات لە فینلاند وەرگرت. لەو قۆناغەدا کە کرواتیا بە دروشمی "ئەورووپایەکی بەهێز لە جیهانێکی سەختدا "سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە بەڕێوەدەبات، چاوەڕوان دەکرێت بڕیارگەلێکی گرنگی وەک؛ هێنانە ناوەوەی ولاتانی خۆرئاوای بەلقان بۆ یەکێتیی ئەورووپا، دیاریکردنی بوودجەی یەکێتییەکە بۆ قۆناغی 2021-2027و جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە بدرێت. سەرکۆماری کرواتیا، کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ باسی لەوە کرد کە ئامانجیان ئەوەیە لەو قۆناغەی کە ولاتەکەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە دەکات یەکێتیی ئەورووپا گەورە بکەن، هاوولاتییانی بڕیارێزن، پەیوەستی بکەن بە یەکەوە و لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیی بیکەنە یەکێتییەکی کراوە و نموونەیی. - سەرۆکایەتی قۆناغی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا سەرۆکایەتی قۆناغی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا، هەموو شەش مانگ جارێک لە لایەن یەکێک لە ولاتانی ئەندامی یەکێتییەکەوە بە نۆرە بەڕێوەدەبرێت. ولاتی سەرۆکی ئەو قۆناغە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا بەڕێوەدەبات و دەستەبەری دیاریکردنی بابەتە پێشینەییەکان دەکات بۆ یەکێتییەکە. کرواتیا کە دوای شەش مانگ لە بوون بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا سەرۆکایەتی ئەم قۆناغەی وەرگرت لە 30ی حوزەیراندا ئەرکەکە رادەستی ئەڵمانیا دەکات.

ئەفغانستان..

ژمارەی قوربانییەکانی پیسبوونی هەوا زیاترە لە ژمارەی قوربانیانی شەڕ

لەم ساڵانەی دوایدا پیسبوونی هەوا بووەتە گرفتێکی گەورە لە ئەفغانستان و ژمارەی قوربانییەکانی زیاترن لە قوربانییانی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە. لەو بارەیەشەوە یاریدەدەری وەزیری تەندروستی ئەفغانستان،لەو بارەوە فێدا محەمەد پەیکان رایگەیاند: "تەنها لە هەفتەی رابردوودا 17کەس لە کابولی پایتەخت بەهۆی پیسبوونی هەواوە گیانیان لەدەستداوە". فێدا محەمەد پەیکان گوتیشی: "هەشت هەزارو 813کەسی دیکە بەهۆی کێشەی تەنگەنەفەسی و هەڵامەتەوە هەفتەی رابردوو سەردانی نەخۆشخانەکانی کابولیان کردووە و پێدەچێت ژمارەکە زیاتریش بێت". بەپێی راپۆرتێکی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئەفغانستان کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوودا بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی 2017دا نزیکەی 26هەزار کەس بەهۆی پیسبوونی هەواوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە. لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی شەڕەوە گیانیان لەدەستداوە سێ هەزارو 483کەس بووە. لە راپۆرتەکەدا ئەوەش هاتووە کە کابوڵ لە رووی کەشوهەواوە لە ریزبەندی سێیەمی پیسترین پایتەختەکانی جیهاندایە. جێی ئاماژەیە ساڵانە نزیکەی سێ هەزار کەس بەهۆی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە پیسبوونی هەواوە لە کابوڵ گیانلەدەستدەدەن. جگە لە پیسبوونی هەوا ئاویش کێشەیەکی گەورەیە و نزیکەی سەدا 80ی ئاوی خواردنەوەی ئەفغانستان بۆ خواردنەوە ناشێت.



"تەنها لە هەفتەی رابردوودا 17کەس لە کابولی پایتەخت بەهۆی پیسبوونی هەواوە گیانیان لەدەستداوە

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1909:
کۆڵۆمبیا دانی بە سەربەخۆیی پەنەما نا .



ساڵی 1919:
پارتی نازی ئەڵمانی دامەزرا .



ساڵی 1945:
یەکێتی سۆڤیەت دانی بە حکومەتی پۆلەندا نا کە لە خۆی نزیک بوو .



ساڵی 1957:
ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا پرۆژەی رووبەڕووبوونەوەی شوعیەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاند .



ساڵی 1976:
کەمبۆدیا ناوی خۆی گۆڕی بۆ کمبوتشای دیموکراسی .



ساڵی 1997:
هێزەکانی ڕووسیا لە چیچان کشانەوە .

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/5 ژمارە (5903)



تێڕوانینێک بۆ هونەری شێوەکاری کوردی

لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی بیستەم



ئاشتی گەرمیانی

* چۆن قۆناغی هونەری شێوەکاری کوردی گەیشتۆتە ساڵانی هەشتاکان.
* نمونەی هونەری شێوەکاری کوردی لەسەرەتاو کۆتای هەشتاکان بە دە ساڵی ڕێنسسانس ی کوردی دەژمێردرێت .. چین ؟
* لەو ساڵانەدا کەلتوورو ئەدەبیاتی کوردی چ کاریگەریەکی هەبووە بۆ سەر هونەری شێوەکاری کوردی.
* ساڵانی هەشتاکان کە بە سەدەی لەدایک بوونێکی کارا دەژمێردرێت چ بوژاندنەوەیەکی هونەری بەخۆیەوە بینیوە ؟
* ئەو هونەرمەندانە کێن کە کێبڕکێ ی هونەرییان دەکرد بۆ ناساندنی کەلتووری کوردی بە عێراق و جیهان.
* لە کۆتای ساڵانی هەشتاکان چ قوتابخانەیەکی هونەری لەدایک بوو بۆ ئەرشیفی دیکۆمێنتاری کوردی

*** چۆن قۆناغی هونەری شێوەکاری کوردی گەیشتۆتە ساڵانی هەشتاکان؟**

هونەری شێوەکاری کوردی وەکو هەموو هونەرەکانی تر مێژوو و لاپەڕەو و تۆماری تایبەتی خۆی هەیە چ لە کەڵە هونەرمەندانی کوردەوە چ لە کارە شاکارەکانیانەوە کە شاهید حاڵی مۆزەخانەو ئەرشیفەکانن ، وە لە ساڵانی سی یەکانەوە ئەو هونەرە لە سەر ڕێچکەی تایبەتی خۆی بە هونەرێکی سەربەخۆ ناسراوە لەکوردستاندا چونکە پێشتر کورد ناسراوە بە وەستاو دەست ڕەنگین ، پتر لەکاری پیشەیی دا وە لەکاری دەست ڕەنگینیدا ، لە کەرکووک و هەولێر لە قەڵاکانیدا بە وەستا ناو دەبران کە کاری هونەری ئارابیسک واتە قەوسەکانی ناو بیناکانیان دارشتووە وە دەست ڕەنگینەکانی ناو بازار لە دروست کردنی کاری ئاسن و تەنەگە چی وەکو مس و فافۆن و ئەلەمنیوم بێجگە لەکاری سیرامیکی و قوڕو هەڵکۆڵین ئەمانە نمونەی کارە هونەرییەکانن لە بازارەکانی جووت قاوە و قەڵاو منارەو شارەکانی تری کوردستان ، دواتر و لەدوای کاری دەست ڕەنگینی و وێنەگرتن و گۆڕان کاری کۆمەڵایەتی کوردی و تێکەڵ بوونی بە عێراق و پاشماوەی دەسەڵاتی عوسمانی و ئینگلیز ، هونەر بۆ خۆی گەشەی کردوە ، تا دەگاتە ئەوەی لەساڵانی حەفتاکان قوتابیانی کورد لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان لەبەغدا وەرگیران و پێشتریش لەوێ هەر هەبوون.

گەشەی کۆمەڵایەتی بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری و کەلتووری لە وڵاتی عێراقدا وە دەرچوونی کۆمەڵە هونەرمەندێکی کورد لە پەیمانگاکان وە چوونە دەرەوەی هونەرمەندانی کورد بۆ ئەورووپا بەتایبەت بۆ وڵاتە ئیشتراکی یەکان بەهۆی بااڵ کشانە دەسەڵاتی ئیشتراکی بەنێو جیهاندا ، بوو بە وەرچەرخانێک لەنێو ئەو هونەرەدا بەتایبەت لەساڵانی شەستەکاندا کە هونەرمەندانی کورد وەکو محمد عارف و زۆری تر ڕووبان لە ڕووسیا کرد بوو بۆ خوێندنی باڵای هونەری شێوەکاری ، ئەمەو دواتر لە ساڵانی هەفتاکان هونەرمەندانی تری کورد ڕووبان لەئەورووپا کرد بۆ خوێندن.

سەرەتای دەست پێکی ساڵانی هەشتاکان هونەرێکی پڕو چڕ هاتە مەیدانی کەلتووری کوردی یەوە بەتایبەتی دروست بوونی پەیمانگایەکی هونەری لە شاری سلێمانی ، وە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی کورد لە کوردستاندا و هەریەک خاوەن ئەزموونێکی باش و شارەزا بوون ، بەتایبەت لەشاری هەولێر کەسایەتی وەکو مامۆستایی خواێخۆشبوو (محەمەد عارف) و مامۆستا سلێمان شاکر و دارا حەمە عەلی و ... ؟

لە دەستپێکردنی کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری سلێمانی ساڵی 1980 و 1981وەرچەرخانێکی تر هاتە کایەوە بەوەی کە باڵی هونەر بە زیندووی لەکوردستاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، وە ڕەنگ دانەوەی ئەو هونەرە لەناو شارەکانی کوردستاندا بەدیار دەکەوت .

*** نمونەی هونەری شێوەکاری کوردی لەسەرەتاو کۆتایی هەشتاکان بە دە ساڵی ڕێنسسانس ی کوردی دەژمێردرێت .. چین ؟**

سەدەکانی ڕێنسانس لە جیهاندا بە سەدەیەکی ئاڵتوونی ناو دەبردرێت وە هەموو جیهان میژووەی کە بەردەم کۆ دەکرێتەوە و لەدایک دەبێت و پێمان دەستێنرێت و بەفیڕۆ دەدرێت ، ئەو کەلتوورەی کە ئێمە خاوەنین وەلەدایک بووی ئەم وڵاتەیە لەژێر فشاری دەسەلاتی داگیر کەر وە دروست کردنی گومان لەناو کەلتووری کوردیدا لاپەڕەیەکی ڕەشی تۆمار کردوە بۆمان تا ئێستا لەناو دیکومێنتاری ئەرشیفی کوردیدا ، هونەری شێوەکاری کوردیش بێ بەش نەبووە لەو پشکە وێران کاری یە ، لەژێر سایەیی داگیر کردن و وێران کردن و چەوساندنەوەی مەملەکەتێک لە خەزێنەی هونەرێکی خۆڕسک ، بەم شێوازەوە بەو داستان و ئەفسانەو چیرۆکانەوە ناوەڕۆکی هونەرو کارە پیشەیەکانی گەیشتە ئەو قۆناغەی کە هونەرێک بەرجەستە بکرێت و بمێنێتەوە ، ساڵانی هەشتاکان کاتێک بووە یان گونجاو بووە بۆ ئەنجام دانی کارو داهێنان و تازەگەری لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا ، دروست بوونی کەش و هەوایەک کە کارتێکراوی دەوروبەری لەسەر بێت بە لایەک بەرەو جیهانی ئیشتراکیەت بەلایەکیش کۆ کرنەوەی کەلتووری ناوچەکە ، ئەم دوو کاریگەری یە بوون بەهەویتنی ئەو کارانەی کە هونەرمەندی کورد پێشکەشی کردوون .

بەڵام لەو ساڵانەدا واتە سەرەتای هەشتاکان هونەری شێوەکاری کوردی لە چوارچێوەی هونەرێکی ڕیالیستی زیاتر بەدی دەکرا ئەویش دەگەڕایەوە بۆ سروشتی پەیوەندی کەلتووری عێراق بەتایبەتی وەکوردستان بەگشتی بەو وڵاتانەی کە ئیشتراکیەت بوون ، بۆ ئەمەش تابلۆ ئەکادیمییەت و تۆێژینەوەیی یەکان پتر بوون ، وە کاریگەری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانیش دیسان کاریگەریەکی تر بوو بۆ هونەری شێوەکاری کوردی ، نمونەی ئەو ڕیالیستی یە مێژووی یە مامۆستای هونەر (محەمەد عارف) نمونەی زیندووی ئەو هونەرە بوو کە لە قوتابخانەدا ڕوەو ڕیالیستی ئیشتراکی بوو وەلە فۆرم و ناوەڕۆکدا داستان و ئەفسانەی چیرۆکی بەسەرهاتی وە کەلتووری ئەدەبیاتی کوردی بوون! لەدایک بوونی یان هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێک لەهونەرمەندانی شێوەکاری کورد لە کوردستاندا بە شێوازێکی چاک دروست بوونی ئەو زەمینە لەبارەی دەسەلات بوو بۆ بەرەو پێش بردنی هونەرەو ئەدەبیات .

*** لەو ساڵانەدا کەلتوورو ئەدەبیاتی کوردی چ کاریگەریەکی هەبووە بۆ سەر هونەری شێوەکاری کوردی؟**

شانازی بەو سەدەیەوە دەکات کە میژوویەکی گرنگ و چەسپاوە بۆ داهاتووی هەموو مرۆڤایەتی ، بناغەی دروست بوونی ئەم سەدەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هونەرو کەلتوورو ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ئەوروپا ، بێجگە لەوەی کە کێبڕکێ ی دیانەتی مەسیحیەت بوو بە بناغەیەکی تر بۆ دروست کردنی ئەو سەدەیە ، لەو کاتەدا هەزاران پەیکەرو دیواربەندی و کاری شاکاری هونەرمەندانی ناسراوی ئەوروپی بوو بە سومبڵی شارەکان ، ئەگەر ئێمە چەندین باس لە وەرچەرخانی هونەری ڕێنسانس بکەین لەبەرگ و دووبەرگ و تەنانەت دە بەرگیشدا جێیان نابێتەوە بگرە هاپۆڕیەکی میژووی پر لە داهێنانی سەردەمی یە.

بەڵام لەکاتێکدا ئێمە باس لە میژووەکەی خۆمان دەکەین ، ئەو ڕیالیستی ڕێگایەکی ئاسان و کاریگەر بوو بۆ دەربڕینی هونەری شێوەکاری ، هەر بۆیە کەلتووری کوردیش ئەگەر کارتێکراوی ناوچەیی لەسەر بێت ڕەنگ دانەوەیەکی جوانی بەخشیوە بە هونەری شێوەکاری.

ساڵی 1984کاتێک گوێمان لە کاسێتی داستانی هەڵۆی سوور ی شاعیر شێرکۆ بێکەس بوو هەموو بەرهەمە ئەدەبییە شیعرییەکە پڕە لە فۆرمی شێوەکاری هونەری کە شاعیر لەناو شیعرەکەیدا توانیوێتی وێنەیان بکێشێ بە شیعرەکەی ، جار وایە بە ڕیالیستی جار وا هەیە بە ڕۆمانتیکی ڕیالیستی و هەندێک جاریش دادایزم.

*** ساڵانی هەشتاکان کە بە سەدەی لەدایک بوونێکی کارا دەژمێردرێت چ بوژاندنەوەیەکی هونەری بەخۆیەوە بینیوە ؟**

من پێم وایە ساڵی هەشتاکان دەست پێکی لەدایک بوون نی کەلتوورو میژووی گەلەکەمان. بۆیە پەیوەندی ئەدەبی نێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەبیاتی کوردی زۆر کاریگەری لەسەر یەکتر هەبووە ، لێرە دا پرسیارێک دێتە کایەوە ، ئایا ئەدەبی کوردی کارتێکراوی چ وڵات و نیشتەجێیەک بووە . بێگومان کارتێکراوی وڵاتانی دراوسێ هۆیەکە وە دەساڵانی ناوچەیی وەکو یەکێتی سۆڤیەت هۆیەکی تر بوو لە ڕەنگ دانەوەی کەلتوورو فۆلکلۆری بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەتایبەت کردنەوەی پێشانگای نێو دەوڵەتی پەرتووک و کەلتوور لەبەغدا ساڵانی 1979 تا 1990واتە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان وە بوونی پەرتووکە کۆمۆنیستیەکان و بڵاو کردنەوەی بەسەر خەڵکی عێراقدا بەتایبەت کوردستان ، قوتابخانەی بەغدا بە بەڵکو هونەر کاراگەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان کە هونەر بناغەیەکی باشی دانا ، وە لە ساڵانی 1970کان بەتایبەت ساڵی 1975بوار زیاتر لوا بۆ ئەوەی هونەرێکی جوان پێشکەش بکرێت ، چ لە بوری شانۆگەری وە چ لە بواری هونەر شێوەکاری و بەشەکانی تری هونەرەوە ، ئەمانە بوون بە بناغەیەک کە هەشتاکان خۆی تۆمار بکات لە کاراترین ساڵدا ئەویش بە هونەری هەشتاکان ناو دەبردرێت.

بوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وە پەیمانگەی مامۆستایان وە چالاکی قوتابخانەکان وە کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ دەربڕین لەهونەر وای کرد کە زۆر کەس هونەرێکی جوان پێش کەش بکات نەک هونەرێکی لاواز ، بلاوکردنەوەی بابەتەکانیان وە نمایشەکانیان لە ناو چاپ و بڵاوکراوەی کوردیدا خۆی بدۆزێتەوە ، ئەمە کارگەرییەکی گرنگی بینی لە بەرەو پێش بردنی ئەدەب و هونەر لەو کاتەدا.

*** ئەو هونەرمەندانە کێن کە کێبڕکێ ی هونەرییان دەکرد بۆ ناساندنی کەلتووری کوردی بە عێراق و جیهان؟**

ئەگەر لە ئەرشیفی هونەری بگەڕێیین ئەوا زۆری هونەرمەندان ناونووس کراون بە تابلۆ و کارە هونەری یەکانیانەوە ، ئەگەر چاو لە بەشداری کردن بگرین ئەوا هونەرمەندەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن .

لەهونەرمەندانی هەولێر کە بوونیان هەبووە لە شارەکەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان وە چالاکی هونەریان هەبووە (سلێمان شاکر و محمد عارف و حسین عبدالله و کریم دیار و محمود ئەحمەد بێوەی و چەتۆ حەسەن و بەهادین خدر عبدالله و دارا حەمە عەلی و سەلاح محەمەد علی وجەوهەر محمد عمر و ....) هتد .

لە ساڵانی 1980کاندا کۆمەڵە هونەرمەندێک بەردەوام لە شار بەغدا پایتەختی عێراق کە ئەوکات شارێک بوو پڕ لە چالاکی هونەری وە کەلتووری و ئەدەبی لە هونەرمەندە کوردەکان (محەمەد عارف و ئیسماعیل خەیات و نوری ئیسماعیل فەتاح و هیمت محمد علی و خلیل زەهاوی و ئاشتی مەهدی) کارەکانیان لەو سەردەمەدا واتە لەساڵانی 1985وە بەرچاو دەکەوت ، لە پێشانگاکانی ڕۆژی هونەر و هونەر بۆ مرۆڤایەتی و هونەری واسگی و پێشانگای هاوینەی وداد ئورفەلی وزۆری تریش ، کارەکان تابلۆیێ ی جێگاو پلەیەکی زۆر بەرزیان هەبوو لەنێو ئەو تابلۆ گرنگانەی شاری بەغدادا ، هەربۆیە کوردیان لەپایتەخت بەرز دەنرخاند.


ئەوەشمان لەبیر نەچێت هونەرمەندان (ئیسماعیل خەیات و نوری ئیسماعیل فەتاح و عومەر ڕەسول) پێشانگای منداڵانیان لە وڵاتانی یابان و چین و کۆریا دەکردەوە بەناوی چالاکی قوتابخانەکانەوە ئەوەش لەسەر ئاستی کوردستان بوو.

*** لە کۆتای ساڵانی هەشتاکان چ قوتابخانەیەکی هونەری لەدایک بوو بۆ ئەرشیفی دیکۆمێنتاری کوردی؟**

کارەساتی شەڕو وێران کاری و 8ساڵی ڕوو بەڕوو بونەوە لەنێوان عێراق و ئێران وە کاول کردنی گوندەکان و ئەنفال کردن و بەکار هێنانی چەکی کیمیایی ساڵی 1988لە هەڵەبجەی شەهید و زیندە بەچاڵ کردن ، ئەگەر لاوازیش بوو بێگومان خودی هونەرمەندەکە پێ قورس بوو کارەکە پیشان بدات، ئەمە بوە خاڵێکی ئەرێنی بۆ پیشان دانی هونەرێکی چاک و تۆکمە لەو سەردەمەدا.

کردنەوەی پێشانگای هونەرمەندانی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا لە ڕێگای نەقابەی هونەرمەندانی عێراقەوە / لقی شاری سلێمانی کۆمەڵێک هونەرمەندی شاکاری کوردی لە خۆ گرتبوو وە کۆمەڵێک لاوی نوێ ی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو دواتر ئەم پێشانگایە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک نمایش کرا.

دروست بوونی کۆمەڵەو تیپ و دەزگای هونەرئی عێراقی بە شێوەیەکی کارا کورد توانی بۆ خۆی سوودی لێ وەربگرێت بەتایبەت لە نمایشی چالاکی هونەری و کاری هونەریدا ، وەبەتایبەت سوود وەرگرتن لە





هونەری شێوەکاری کوردی؟

بێنێتەوە ، ساڵانی هەشتاکان بێگومان کەلتوور کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت لەسەر هونەر ، هەموو کەلتوورو چیرۆک و ئەفسانەی وڵاتان بوون بە تابلۆ شاکارەکان وە هونەریش وە ڕۆڵێکی گرنگی ئەرشیفی تایبەتی دەبینێت لەناو ڕۆڵی میژوودا ، ئەگەر تەماشای تابلۆکانی مامۆستا محمد عارف و سلێمان شاکر وەکو میژوو بکەیت ئەوا دەبینیت وێنەی میژوی قەڵاو مناڕە بوون بە بەشێک لەتابلۆکەیان ، ئەمەش فۆلکلۆری پاشماوەی میژوی کوردستان بگریت یان دیمەنی چیاو دەشت و جوانی کوردستان لەتابلۆکانی مامۆستا محمد عارف و عەزیز سەلیم دا ، چیرۆکی ئەفسانەیی خەج و سیامەند یان شیرین و فەرهاد یان و چەندین ئەفسانەی کوردەواری بوون بە تابلۆ ڕووناکی یان زیندوو کردنەوەی ڕیالیستی ڕێگایەکی ئاسان و کاریگەر بوو بۆ دەربڕینی هونەری شێوەکاری ، هەر بۆیە کەلتووری کوردیش ئەگەر کارتێکراوی ناوچەیی لەسەر بێت ڕەنگ دانەوەیەکی جوانی بەخشیوە بە هونەری شێوەکاری.

ساڵی 1984کاتێک گوێمان لە کاسێتی داستانی هەڵۆی سوور ی شاعیر شێرکۆ بێکەس بوو هەموو بەرهەمە ئەدەبییە شیعرییەکە پڕە لە فۆرمی شێوەکاری هونەری کە شاعیر لەناو شیعرەکەیدا توانیوێتی وێنەیان بکێشێ بە شیعرەکەی ، جار وایە بە ڕیالیستی جار وا هەیە بە ڕۆمانتیکی ڕیالیستی و هەندێک جاریش دادایزم.

*** ساڵانی هەشتاکان کە بە سەدەی لەدایک بوونێکی کارا دەژمێردرێت چ بوژاندنەوەیەکی هونەری بەخۆیەوە بینیوە ؟**

من پێم وایە ساڵی هەشتاکان دەست پێکی لەدایک بوون نی

باشترین شێوازی نووستن بۆ ئەوانەی ئازاری پشتیان هەیە



د . هەژین کەمال شاد محمد

شێوازی نووستن گرنگی زۆری هەیە لە چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی پشت ئێشە بە هەموو هۆکارە جیاوازەکانیەوە لێرەدا بەکورتی چەند خاڵ و شێوازێکی نووستن دەخەینە ڕوو بۆئەوکەسانەی ئازاری پشتیان هەیە :

. . ئەو کەسانەی کە سەوەفانی بڕیەرکان پشتیان هەیە باشتر وایە لەسەر لا بخەون بەشیوەیەک ئەژنۆیان بنوسێنن بە سکیانەوە (وەک وێنەی منااڵ لە ناو سکی دایک).

. . ـ ئەو کەسانەی ئینزلاقی فەقەراتیان هەیە :

– باشترین ڕێگا لەسەر لا بخەون بەشیوەیەک ئەژنۆیان بنوسێنن بە سکیانەوە .

– پێویستە لە سەر دەم نەخەویت ؛ ئەگەر هاتوو لەو کەسانە بووین کە لە سەر دەم نەبێت خەوت لێ ناکەوێت ؛ پێویستە پشتەیەکی بچووک بخرێتە ژێر حەوز و بەشی خوارەوەی سک .تم ئەو کەسانەی تووشی پووکانەوەی دیسکی نێوان بڕیڕەکان بووون بەهۆی تەمەنەوە یان هەرهۆکارێکی دیکەبێت :

–پێویستە لەسەر پشت پاڵ بکەویت وبەشی سەرەوەی لەش بەبەرزی بێت بەهۆی پشتیەکەوە یاخود جێگاکە وارێک بخرێت وە باشتر وایە لەم کاتەدا ئەژنۆ بچەمێتەوە .

–ڕێگایەکی تر ئەوەیە لە سەر دەم پاڵکەون و ئەگەر پشتیەکی پچوک بخەنە ژێر گەدەیان و حەوزیان دا .

٤– ئەوانەی کەنالی درکەپەتکیان تەسک بۆتەوە ، پێویستە لەسەر لا پاڵ بکەویت و ئەژنۆ بچەمێنیتەوە بەرەو سک (منااڵ لەسکی دایک دا).

٥ – ئەو کەسانەی نەشتەرگەری فەقەرات کراون باشترە یان لەسەر لا و هەردوو ئەژنۆبچەمێنیتەوە و پشتیەک بخەنە نێوان هەردوو قاچ ، یاخود لە سەر پشت و پشتی لە ژێرئەژنۆ و پشت دا دابنرێت .

*** پسپۆڕی پێهۆشکاری و ئازار شکاندن**



بارزان ... گەنجێک بەهەزاران نەمام بەشێوەی خۆبەخش دەچێنێت

ئامانجم ئەوەیە کە بتوانم زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەوز بکەم

دیمانە: موسلیم دوڵەمەڕی

زۆرن ئەو کەسانەی کە خولیاو ئارەزووی خۆبەخشییان هەیەو هەمیشە هەوڵی بۆ دەدەن بۆ گەیشتن بەو ئارەزووەیان کە ئەویش کارکردنە جا لە هەر بوارێکدا بێت بە شێوەی خۆبەخشی بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان . (شوان یوسف) گەنجێکی دەڤەری بارزانە کە وەک سەربازی ون خزمەتی زۆری پێشکەش بە نیشتمان کردووە بە شێوەی خۆبەخشی ئەویش چاندنی هەزاران نەمامە لە شوێنە گشتییەکان و سەر ڕێگا سەرەکیەکان .

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم لاوەو کارو چالاکیەکانی چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کاکە (شوان یوسف) کردو ئەویش بەمشێوەیە هاتە وەاڵم و گوتی:من شوان یوسف دانیشتووی ناحیەی بارزانم هەر لە تەمەنی منااڵیمەوە خولیای ژینگەو ژینگەپارێزیم لە دڵدایەو هەمیشە ئاواتم بووە کە بە هەر جۆرێک بێت خزمەتێک لە بواری ژینگەوە بگەیەنم بە گەل و نیشتمانم بەاڵم وەکو دەستکردنم بە چاندنی نەمام بەشێوەی پڕۆژەو هەروەها دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاریم لە ساڵی 2008وە دەستم بەکار کردووە سەبارەت بە پڕۆژەی نەمام چاندنەکانی گوتی :من خۆم وەکو خۆبەخشێک و ئارەزوومەندێکی ژینگەپارێزی لە ساڵی2010 بەشێوەی پڕۆژەو سیستەماتیکی زیاتر لە 5000 نەمام لە شوێنە گشتیەکان و سەر ڕێگا سەرەکیەکان چاندووە جگە لەوەی کە بەدەر لەپڕۆژە بە دەیان نەمامی ترم لە شوێنە گشتیەکان چاندووە

سەبارەت بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی گوتی :تاکو ئێستا من بە تەنهاو بەخۆم کارەکانم ئەنجامداوە بێ ئەوەی کەس هاوکاریم بکات لەسەر ئەرک و ماندوبوونی خۆم ئەم کارانە دەکەم زۆرجاریش پێویست بووە کارگەرم گرتووە بۆ هاوکاریم.

سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەر ئامانجەکانی گوتی : من خۆم ئامانجم ئەوە یە کە بتوانم زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەوز بکەم بە تایبەتی دەڤەری بارزان کە لە جێگای هەر داریکی وشکبوو داریکی تر بچێنم و هەروەها ئاستەنگم لە بەردەم کارکردنم کەمن ئەوەی زۆر ئاستەنگە بۆم نەبوونی ڕێکخراوێکی فەرمیە بۆ من بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگای ڕێکخراوەکەم سەرچاوەی نەمام بۆ خۆم پەیدا بکەم و بتوانم زیاتر کارە خۆبەخشییەکەم بە شێوەی فەرمی و سیستەماتیک بکەم بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە نیشتمانەکەم بکەم ,کە ئێستا لە بەرنامەمدایە هەوڵبدەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزی بەو هیوایەی لایەنی پەیوەندار هاوکاریم بکەن.

سەبارەت بە بەرنامەو پڕۆژەی نوێی گوتی : من لە بەرنامەو پڕۆژەی نوێمدایە کە ئەشکەوتی شانەدەر بکەم بە شوێنێکی سەوزایی و گەشتیاری ئەگەر لایەنەکان هاوکارم بن و مۆڵەتم بدەن ,ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئەوەی زۆر گرنگە لەلام ئەوەیە کە پڕۆژەیەکم لە بەردەستایە بۆ ئەمساڵ ئەویش دووبارە چاندنەوەی 5000هەزار نەمامە ئێستا بانگەوازم بۆ کردووە ، بۆ ئامادەکاری و بەشداربوونی خۆبەخشەکان بۆ ڕۆژی چاندنیان خۆشبەختانە بەدەیان لاو لە ناوچەی بارزان و بگرە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بە بەشداریکردنیان

لە ڕۆژی چاندنیان ,منیش ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکەم و هەروەها هەوڵدەدەم لە باشترین شوێن نەمامەکان بچێنم بۆ ئەوەی زۆرترین جوانی و باشترین سوودی بۆ هاوڵاتیانمان هەبێت ,ئینشائەاڵ پشت بە خوداو هاوکاری هەموو لایەک لەم نزیکانە پڕۆژەکەم جێبەجێ دەکەم.

لەکۆتاییدا گوتی :داواکارم لە حکومەت و لایەنی پەیوەندار بێنە سەرخەت چونکە ژینگەکەمان بەرەو لە ناوچوونە بە تایبەتی هەندێ جۆری دار هەن کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەیان بەرەو کەمبوونەوەیە بۆئمونە: داری مازی کێوێر دیندار کەوت و چەندین جۆری تر ,ئەمەش هەوڵدانی بۆ زیادکردنەوەی من پێموایە زۆر ئاسانەو دەتوانین بە ئاسانی بەرنامەی بۆ دابنێین و زیادیاد بکەینەوە.





میریام فارس

لەسەما کردن ڕکابەری بۆ پەیدا بووە

گۆڤاری (لایالینای هونەری) هەواڵێکی بلاو کردەوە تێدا هاتوە: گۆرانیبێژی شۆخی لوبنانی کە لە ئاهەنگەکانیدا بە سەماکردنی تایبەت خۆی ناسراوە لە ڕووی گەمە کردن بە سەمتی ، لە کاتی ئاهەنگی سەری ساڵ کورێک لەناوەڕاستی جەماوەر خۆی گەیاندە سەر تەختەی شانۆو داوای لە میریام فارس کرد کە ڕێگەی پێ بدات و لە سەماکردن لاسایی بکاتەوە، ئەویش بە خۆشحالییەوە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندو کورەکەش لە کاتی سەماکردنی زۆر بە جوانی لاسایی کردەوەو میریام فارسی ناچار کرد کە لەگەلیدا سەما بکات و جەماوەریش کەوتنە هەیەجان و چەپڵە ڕێزانەوە.

کاریگەریە ئەرێنییەکانی هونەری نیگار کێشان لەسەر بیرکردنەوەی قوتابی



م.کەنعان مەجید *

هەموو وانەکانی خوێندن لەپەروەردەکردنی قوتابیان وگەشە پێکردنی توانستەکانیان و بەرەو پێگەیاندنیان وڕێنمایی کردنێکی لایەنی کۆمەاڵیەتی دروست بەڕپرسیارن لەنەخشەو میکانیزمی نوێی سیستەمی خوێندیشدا ڕەچاوی سروشت ومەبەستی هەر وانەیەک بۆ وانەیەکی دیکە جیاوازە ئەوەی زمانەوانی لەمەبەست وئامانجدا لەوانەی پەروەردەی هونەری و وەرزشی و وانە پیشەییەکان جیاوازە هەریەکەیان ناتوانێت بۆخۆی جێگای ئەوەی تریان بگرێتەوە بەڵکو بەسەرجەمیان هەوڵ دەدەن ڕێگایەکی ڕاست ودروستی خوێندن بەدی بهێنن کەلەگەڵ سروشت وژیانی کۆمەڵگا بگونجێت،

پەروەردەی هونەر وەک هۆکارێکی پەروەردەیی گرنگ بەکاردەهێنرێت و بەتەنها ئەو مەبەست و ئامانجە لەخۆ ناگرێت کە زۆربەمان تێی گەیشتووین ئەویش بەرهەمی هێنانی کاری هونەری بەهەموو جۆرەکانیەوە لەوانە مۆسیقا نیگار کێشان .. هتد بەڵکو لەناوەندەکانی خوێندن دەکرێ پسپۆڕانی پەروەردەی هونەر زیاتر ئەو بابەتە بەسوودی قوتابی بشکێننەوەو وابکەن کاریگەری ڕاستەوخۆی دروست بکات لەسەر ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتی قوتابی و ئاڕاستە کردنی بە شێوەیەکی زانستیانەو سەردەمیانە وە دەرچن لەو جۆرە وانە ووتنەوە تەقلیدی وکۆنەی کە پێشتر باوبوو لەمێژووی وانە ووتنەوەی وانەی پەروەردەی هونەر لەوانە نیگار کێشانی ئەندازەیی و لاسایی کردنەوە نیگاری ئامادە کراو لەلایان مامۆستاوە کە وەک خۆی بکێشرێتەوە بێ زیاد و کەم هەروەها نیگار کێشانێک کە بڕیتی بێت لە وێنە کردنی سروشت وفۆتۆی دیاریکراو لەلایان مامۆستاوە کە دەبێت قوتابی بە پیی بێ گومانێن ئەگەر لە پڕ سوودی و بەها بەرزو پیرۆزەکانی پەروەردەی هونەر بگەین لەسەر فێرکردن ولایەنی هزری قوتابی ئەوا گرنگی زیاتری پێ دەدەین چونکە پەروەردەی هونەرە ڕێنماییەکانی مامۆستا کارە هونەریەکە ئەنجام بدات کە ئەمەشیان بیرکردنەوەی قوتابی لاواز دەکا و کارەکاتە سەر گەشە نەکردنی قوتابی کە ئاشکرایە پەروەردەکردنی هونەری زۆر لایەنی دیکەی کەسایەتی قوتابی دەگرێتەوە بۆیە دەکرێ بووترێ پەروەردەی هونەری ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی جوانی هەیە چونکە زۆربەی کارەکان بەشێوەیەکی کردارییە ئەمەش بە پێی زانستی سەردەم دەرکەوتووە باشترین هۆکار بۆ فێر بوونی قوتابی بە جولەو کردارە بۆیە گرنگە مامۆستای هونەر ڕۆڵێ ڕاستەوخۆی خۆی ببینێت لەناو پۆلدا چونکە ئاشکرایە کە قوتابی بەردەوام پێویستی بە ڕێنمایی مامۆستاکەی هەیە دەکری لەسیستەمی نوێێ خوێندن و ئەو زەمەنە پڕ لەتەکنەلۆژیایەی کە جیهانی گرتۆتەوە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەجاران پەرە بەو بابەتە بدرێت کە جێێ داخە لەزۆربەی ناوەندەکانی خوێندن ئەو بابەتە ناخوێندرێت یان بە شێوەی تەواوکەری بەشەوانە دراوەتە پسپۆڕانی دیکە بە پێێ گومانێن ئەگەر لە پڕ سوودی و بەها بەرزو پیرۆزەکانی پەروەردەی هونەر بگەین لەسەر فێرکردن ولایەنی هزری قوتابی ئەوا گرنگی زیاتری پێ دەدەین چونکە پەروەردەی هونەرە



بەبەستێت هەروەها بەهۆی نیگار کێشانەوە قوتابی فێری بەها کۆمەاڵیەتیەکان وبەکارهێنانی هەندێک خامە و کەل وپەلی کارکردن دەبێت و سوود لەکات وەردەگرێت ، ڕەنگە نیگار کێشان بەاڵی کەسانی شارەزاو گەورە بڕیتی بێت لەدەربڕینی هەستێکی پەنگ خواردوو کە لەڕێگەی هونەرەکەیەوە گوزارشت لەو هەستە بکات بەاڵم منداڵان ئارەزووی نیگار کێشانی سادەوساکار دەکەن وە دوای یاریکردنیش نیگار کێشان لەبارترین بوارە بۆ منداڵ کە بتوانێت تیایدا هەست بە جموجۆڵی خۆی بکات

کەواتە بەگشتی پەروەردەی هونەرو تایبەت نیگار کێشان ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ فێر بوونی قوتابی لەوبارەیەوە ئەگەر بمانەوێ قوتابی فێری ناوو شێوەو فرمانی ئەندامانی لەشی مرۆڤ بکەین وێنەی کەسێکی پێ دەکێشین زۆربەی ئەندامانی لەشەکەشی پێ دیاریدەکەین لێرەوە منداڵ دەزانێت ئەوە چاوە دونیاو دەروبەری پێ دەبینێت ئەوە دەستە کارو کرداری پێ ئەنجام دەدەین و بە پێکانیشمان دەڕۆین و باز دەدەین ..هتد ئەگەر هەر یەکێک لەو ئەندامانەی لەشی بیرچووبو بیکات ئەوا بەخێرایی دەیکێشێ لێرەوە قوتابی جوانتر فێر دەبێت وەک لەوەی تەنها بەسەر زارەکی فرمانەکانی لەشی مرۆڤی بۆ باس بکرێت هەروەها نیگار کێشان ئەو ڕێ و تورەیی و خۆشەویستیە پەنگ خواردووەی ناخی منداڵەکە وەدەر دەخات و تا ڕادەیەکی زۆر ئاسوودەیی بە گیانی منداڵ دەدا ئەگەر منداڵ ئارەزووی لێخورینی ئوتۆمۆبیل بکات ئەوا بە وێنە دەیکێشێ وە کە ئامارژەمان بە کات کرد مەبەستمان ئەوەیە منداڵ ئەگەر خۆی بینیەوە لەوەی کە دەتوانێت نیگار بکێشێ و کاری هونەری بکا ئەوا کاتەکانی ماڵەوەشی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکات و دوور دەکەوێتەوە لەکارو کردەوەی نابەجێ بۆیە گرنگە لەماڵەوەو لەقوتابخانەش بواری زیاتر بۆ منداڵ بڕەخسێت و هانی منداڵ بدرێت بەوەی سەرجەم کەل و پەلی نیگارسازی بۆ دابین بکرێت هەروەها وێنەو کارە هونەریەکانی قوتابیان گرنگە بەردەوام کۆبکرێتەوەو پیشانگای هونەری ساڵانەشیان بۆ بکرێتەوە بێ گومان ئەو کارە دەرئجامی باشی دەبێت لەسەر داهاتووی قوتابی دەبینین زۆربەی بەهرەمەند وهونەرمەند و وێنەکێشەکانی سەر ڕووی زەمین لە قوتابخانەکانیانەوە بەهرەکانیان دۆزراوەتەوەو بوونەتە کەسانی شارەزاو لێهاتووی ئەو بوارە بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئەو مەبەست وئەو گرنگی و ئەو لێکەوتە جوانانەی کە سەبارەت بەو جۆرە پەروەردەکردنەوە هەیە بێتە دی ئەوا دەبێت کادرانی بواری پەروەردەی هونەر زۆرتربێت لەوەی کە ئێستا هەیە چونکە قوتابخانە ئامانجی سەرەکی خۆی ناپێکێ ئەگەر لەو جۆرە پسپۆڕیە بێ بەش بێت

*** بەڕێوەبەری قوتابخانەی پەریشان_پەروەردەی خەبات**

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولی نایابی کوردستان

دەربەندیخان پێشەنگی بەسۆران چۆڵکرد

پێشمەرگەی هەولێر لەنێو یاریگا و هاندەرانی دۆڕا



ئەوەبوو لەلێدانێکی سزادا یاریزانی پێشەگەری نەورۆز ئیبراهیم تۆری توانی گۆڵی دووەم و متمانە لەتیپی خاوەن یاریگا تۆمار بکات و تیپەکەی بەدووگۆڵ پێشخست، دوای ئەم گۆڵە لەدرێژەی هێرشەکانی تیپی نەورۆز بۆ سەر گۆڵی پێشمەرگەی هەولێر، یاریزانی یەدەک ئاسۆ رۆستەم توانی گۆڵی سێیەم تۆمار بکات و 3 خاڵی یاریبەکەی بەم گۆڵە جێگیر وقایمترکرد، بەم شێوەیە یاریبەکە لەبەرژەوەندی نەورۆز بە 0-3گۆڵ کۆتایی هات ، بەم ئەنجامە یانەی نەورۆز بەکۆکردنەوەی 13خاڵ هاتە پلەی شەشەم، لەبەرانبەردا پێشمەرگەی هەولێر بەم ئەنجامە دوای کۆکردنەوەی 15خاڵ لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە.

یاری نێوان دەربەندیخان و سۆران لەیاریگای دەربەندیخان ئەنجامدرا، یاریبەکە لەبەرژەوەندی یانەی دەربەندیخان بەئەنجامی تاکەگۆڵێکی بێ وەلام کۆتایی هات ، بەم ئەنجامە دەربەندیخان دوای کۆکردنەوەی 14خاڵ هاتەپلەی چوارەمی ڕێزبەندی خولەکە، هەروەها یانەی سۆرانیش بەم ئەنجامە پێشەنگی بۆ سیروانی نوێ چۆڵکرد و ئێستا یانەی سۆران بەکۆکردنەوەی 15خاڵ لەپلەی دووەمدا دەبیندرێت.

ئەنجامی یاریبەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

شێروانە *1پێشمەرگەی سلێمانی 2

هەولێر *1سیروانی نوێ 1

زاخۆ * 0دهۆک 0

هەندرێن * 1زێەڤانی 1

ئەم هەفتەیە یانەی دەربەندیخان چاوەڕوان بوو.

ڕێزبەندی هەفتەی هەشتەم خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت:

سیروانی نوێ 16خاڵ

سۆران 15خاڵ

پێشمەرگەی هەولێر 15خاڵ

دەربەندیخان 14خاڵ.



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

خولی نایابی کوردستان پێی نایەگەڕی دەیەم، پاش ئەوەی هەندێک کێشە وگرفت لەیاریبەگاکاندا ڕوویدا، خولەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگیرا، ئەم هەفتەیە خولەکە بەچەندین یاری بەهێز و چارەنووسساز دەستپێکردەوە، لەگرینگترین یاریشدا هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و نەورۆز لەیاریگا پێشمەرکەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، یانەی نەورۆز هەر لەسەرەتای یاریبەکە بەباشی دەبیندران و پاڵەپەستۆیەکی تەواویان خستبووە سەر گۆڵی خاوەن یاریگا بەمەبەستی تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم ، ئاراس مستەفا بەلێدانێکی ڕاستەوخۆ توانی گۆڵی یەکەم بۆ نەورۆز تۆمار بکات و تیپەکەی بەگۆڵێک پێشخست، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانی پێشمەرگەی هەولێر لەرێگەی هێڵی هێرشبەرەکانیەوە چەندین هێرشیان دەهێنایە سەر تیپی میوان، بەڵام هەمووی بێ ئامانج بوون، گێمی یەکەم بەئەنجامی 0-1گۆڵ لەبەرژەوەندی نەورۆز کۆتایی هات.

لەگەڵ دەستپێکردنی گێمی دووەمی یاریبەکە پێشمەرگەی هەولێر بۆ یەکسان کردنەوەی ئەنجامی یاریبە دەجەنگا ، لەبەرانبەردا یاریزانانی نەورۆز بۆ تۆمار کردنی گۆڵی دووەم و متمانە یاریبیان دەکرد، جەماوەری یاریبەکە بەباشی پشتگیری تیپەکەیان دەکرد، بەڵام هەرچەند هەوڵیان دا نەیانتوانی گۆڵ بۆ تیپەکەیان تۆمار بکەن.

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ

لەهەر شوێنێک یاری بکات، سەروەری تۆمار دەکات

ئا: سۆلین سێمان

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ دوس سانتۆس ئەفێرۆ ناسراو بە کریستیانۆ ڕۆنالدۆ لە ساڵی 1985لە دوورگەی مادێرای پورتوگال لە دایکبووە، کاتێک تۆشی نەخۆشی لێدانی دڵ دەبێت لە تەمەنی 15ساڵیدا، نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام دەدرێت و چارەسەری وەردەگرێت، سەرەتا وێستگەی یاریکردنەکانی لەگەڵ یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنە بووە، دواتریش گرێبەست لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد ئەنجام دەدات لە ساڵی 2003، لە تەمەنی 18ساڵی، ئەمەش دوای ئەوەی جامی پیشەگەری ئینگلیزی بردۆتەوە لە یەکەم وەرزیدا ل ئینگلتەرا، ئەمەش یانەی یونایتدی زۆر دڵخۆشکرد بە بردنەوەی 3نازناوی یەک لە دوای یەک لە خولی نایابی ئینگلیزی، و پاڵەوانێتییەکیشی لە جامی پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە دەست هێنا ، و لەتەمەنی 22ساڵیدا پاڵێورا بۆ خەڵاتی تۆپی پێی زێرین و خەڵاتی باشترین یاریزان لە جیهان، و کاتێک لە 23ساڵیدا پاڵێورا بۆ جامی جیهانی ڤیفا توانی هەردوو پاڵەوانێتییەکە بە دەست بهێنێت، تا وای لێهات ڕۆنالدۆ بو بو کەسێکی زۆر نایاب لە تۆپی پێدا، وەک ئامێرێکی گۆڵ کردن بوو، پاشان چووە یانەی ریاڵ مەدرید لە و یانەیەشدا 15نازناوی بردۆتەوە و چوار نازناویش بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، دوو نازناویش بۆ تۆپی پێی ئەوروپا بەدەست هێناوە، لەگەڵ چەندەها نازناوی جۆراوجۆر.

جێی ئاماژەیە ڕۆنالدو مێژووی بۆ یانەی ریاڵ مەدرید تۆمارکرد، ڕۆنالدۆ ئێستا لە گەڵ یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتالی لە هێڵی هێرشدا یاری دەکات، و خاوەنی 5تۆپی ئالتونییە تاکە یاریزانیشە چوار پێڵاوی زێرینی بردۆتەوە، و بە شێوەیەکی فەرمیش 29پاڵەوانێتی بەدەست هێناوە، 5نازناوی لە خولی پاڵەوانێتی ئیتالیا و 5نازناویش بۆ خودی خۆی ، 34هاتریکی تۆمارکردووە لە خولی ئیسپانیادا، تاکە یاریزانیشە 30گۆڵی تۆمارکردوە لە شەش وەرزی یەک لە دوای یەک لە خولی ئیسپانیادا، و لە ساڵی 2016خولی پاڵەوانێتی ئەوروپای بەدەست هێناوە، و هەر لەو ساڵەشدا تۆپی زێرینی بەدەست هێناوە، لەساڵی 2018چووە ڕیزی یانەی یوڤێنتوس بە بڕی 105ملیۆن یۆرۆ ئەمەش بە گرانترین یاریزان دادەنرێت لە مێژووی یانەی ئیتالیدا بەو نرخە، و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەگەڵ پورتوگال ڕۆنالدۆ دەستنیشان کراوە وەک باشترین یاریزانی پورتوگالی لە مێژوودا لە ساڵی2015 ، و بەشداری لە 150یاریبیدا کردووە ، هەر ڕوەها یەکێکە لەو یاریزانانەی کە زۆرترین خواستی لەسەرە بۆ کرین.

لیڤاندۆفسکی ناتوانێت یاوەری بایرن بکات



یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لەمیانی خۆ ئامادەکارییەکانی بۆ گەڕی دووەمی بۆندسلیگا لە خزمەتەکانی ڕۆبرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەری پۆڵەندی بێبەش دەبێت، بەگوێرەی ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی ئەو یاریزانە پۆڵەندییە لەگەشتەکەی دۆحە یاوەری میونشن ناکات کە بڕیارە لە ماوەی نێوان 4تا10ی کانوونی دووەم یەکەیەکی مەشقی سەربازی لە پایتەختی قەتەر ئەنجام دەدەن.

ڕۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: لیڤاندۆفسکی تەمەن 31ساڵ هەر لە بایرن دەمێنیتەوە بەمەبەستی چارەسەری وەرگرتن، و بڕیارە لەیەکەم یاری یانەکەی لەگەڕی دووەم کە بڕیارە 19ی ئەم مانگە بەرامبەر هیرتا بەرلین یاری بکەن بتوانێت بەشداری بکات.

دی یۆنگ: دی لیخت دەتوانێت لە بەرشلۆنە یاری بکات



یاریزانی هۆڵەندی، فرانکی دی یۆنگ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، جەختی لەوە کردەوە، کە ماتیاس دی لیخت، بەرگریکاری یانەی یۆڤانتۆسی ئیتالی، دەتوانێت لە ڕیزەکانی یانەی بەرشلۆنە یاری بکات، ئەمەو دی یۆنگ و دی لیخت، بەیەکەوە لە ڕیزەکانی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی یاریبیان دەکرد، بەر لەوەی لە هاوینی ڕابردوودا ڕوو لە یانەکانی بەرشلۆنە و یۆڤانتوس بکەن. دی یۆنگ، لەو لێدوانەیەدا کە ماڵپەڕی (توتو میرکاتۆ) بڵاوی کردووەتەوە گوتی:"دی لیخت؟ لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێت یاری بۆ بەرشلۆنە بکات.

هەروەها گوتی: چوونی ئەو بۆ ئیتالیا بۆچوونی من ناگۆڕێت، واتە لە ساڵانی کەمی داهاتوودا، دەتوانێت بگاتە بەرشلۆنە، بەڵام ئەوەش دەڵێم، ئەو بڕیارێکی دروستی داوە، چونکە ئەو لە تۆرینۆ زۆر زۆر باشە.

فرانکی لە بارەی ساڵی 2019وتی:"ئەوونەیی بوو، لەوەتەی چوومەتە بەرشلۆنە، شتەکان بە باشی گوزەریان کردووە، من دڵخۆشم بەوەی هەموو شتێکە لێرە نایابە، هەتا شارەکە و کەشو هەواکەش، لە مانگی یەکێن، بەڵام پێویست ناکات دەستەوانە لەدەست بکەین، مەشقکردن لێرە هەستێکی زۆر خۆشم پێ دەبەخشێت". لە بارەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاش وتی:"دوا ساتەکانی نیوەی کۆتایی بەرامبەر تۆتنهام (لەگەڵ ئەیاکس) لە وەرزی ڕابردوودا، هێشتا لە بیرم نەکردووە، هێشتا وا هەست دەکەم شایستەی دەرچوون نەبووین". وتیشی:" ئاستی باشمان و بردنەوە لە ریال مەدرید، یۆڤانتس و تۆتنهام، پێویست بوو بەرەو یاری کۆتاییمان ببات، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Jan.5. Dec. 2020 No: (5903)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



داهێنانی هونەرمەندێکی خاوەن پێداویستی تایبەت هاوواڵتیان سەرسام دەکات



خەبات: سەربەست برزۆ

محەمەد هاشم هونەرمەندێکی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئاوارەی کەمپی ئەڵوەنە لە شاری خانەقین ، محەمەد خەڵکی شارۆچکەی سەعدییە و بەهۆی شەڕی داعش و کەوتنی شارۆچکەی سەعدییە بەدەست داعش زیاتر لە شەش ساڵە لەناو خێوەتێکی کەمپی ئەڵوەندا و دەژی بەبێ هیچ موچەو هاوکارییەک ، لە ساڵی **2012** محەمەد لە ڕوداوێکی هاتوچۆدا توشی ئیفلیجی دەبێت و قاچەکانی لەکار دەوەستن،پێشتر محەمەد لە ساڵێ **1993**وە دەستی داوەتە کاری هونەری و ئۆتۆمبێلی بچوکی وەکو یاری منااڵن دروست دەکات بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و نایاب ، چەند ساڵێکە محەمەد دەستی داوەتە دروستکردنی ئۆتۆمبێلی سەربازی و بەتایبەت ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازیە ئەمریکاییانە ، ئەو ئۆتۆمبیلانە بەقارەیەکی زۆر بچوک دروستیان دەکات بەشێوەیەک ئەگەر زومی کامێرا گەورەی بکاتەوە هیچ جیاوازییەک نابینی لەنێوان ئۆتۆمبیلە سەربازیە راستییەکان و ئۆتۆمبیلە دروستکراوەکانی محەمەد هاشم ، محەمەد دەڵێ : ئەم ئۆتۆمبیلانە بە تەنەکەی کۆن ویارییە شکاوەکانی منداڵانی سەر زبڵخانەکان و بۆیاخ و تەل و چەند کەرەستەیەکی تر دروست دەکەم و بەوە دەژیم چونکە نەموچەی کەمئەندامی و نە موچەی هونەری و نەهیچ هاوکارییەکم دەکرێ ، هەندێک کەس ڕەخنەم لێ دەگرن و دەڵێن کۆمەڵگا بەسەربازی دەکەی ، ئەمەی من دەیکەم خولیایەکە نەک بەسەربازی کردنی کۆمەڵگا ، لە دەیان ڤیستیڤاڵ و بۆنەی گشتیدا بەشداریم کردوە و خاوەن دەیان خەڵاتم ، من چی لە خەڵاتێک بکەم بەگیرفانەکانم بەتاڵ بن.!

ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ


ئەم وێنەیە کۆڕێکی باری سەرەنج بۆ کێبڕکێی (تەقەی خۆشی ڕامەگرن) بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (مامۆستا سەلام عەبدوڵا) ساز دەکات هاوکات کێبڕکێی ساتیرە چیرۆکی (تەقەی خۆشی ڕامەگرن) بە واژۆی نووسەر دەکرێتە دیاری
خۆشحاڵین بە ئامادەبوونتان
ڕۆژی یەک شەممە ٢٠٢٠/١/٥
کاتژمێر: ٣ ی پاشنیوەڕۆ
ناونیشان: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان




حەسنا مەتەر و عەزیز وەیسی بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ لە سلێمانی بوون



ئەمساڵ شارەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاهەنگی فراوان پێشوازی لە ساڵی نوێ کرد و بەم بۆنەیە چەندین هونەرمەندی ناوخۆ و دەرەوە تێیدا بەشدار بوون، هەروەها گەشتیارێکی زۆریش لە دەرەوەی کوردستان هاتبوون.
هەر بەم بۆنەیەوە، خانمە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر بە یاوەری هونەرمەند عەزیز وەیسی ئاهەنگی سەری ساڵی نوێیان لە شاری سلێمانی ساز کرد، تێیدا هاوواڵتییەکی زۆر ئامادی بوون و تا بەرەبەیانی رۆژی دواتر بەردەوامی هەبوو.
لەم ئاهەنگە حەسنا مەتەر بە یاوەری مایسترۆ عەبود حەسەن، چەپکێ لە گۆرانییە کۆن و نوێیەکانی گووتەوە، لەگەڵ چەندین گۆرانی فولکلۆری لوبنانی، هەروەها بە گۆرانی حیو رجال پیشمەرگە سلاوێکی گەرمی پێشکەشی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کرد. هەر لەم ئاهەنگەدا جەماوەر بەجۆش و خرۆشەوە گوێیان لە گۆرانییەکان دەگرت و لەگەڵیان دەگوتەوە.

گۆشەگیری



نیشانەکانی دووڕە پەرێزی زۆرن لەوانە:
- هەزکردن لەتەنهایی
- ترسان وتۆقاندن لەکۆمەڵ
- دڵەڕاوکێ و دڵسارد دڵتەنگ
- شەڕەنگێز
- بایەخنەدان بە ڕووداوەکانی دەوروبەر
- بێ هەڵوێست
- سەرکەوتوونەبوون لە دروستکردنی پەیوەندی نوێ
- بوونی ڕووخسارێکی خەمبار
- ماندوێتی بەردەوام و کەم خەوی
- ڕەشبینی و هەست بەتاوان کردن
- نەبوونی خۆ ڕاگری بەرامبەر کەمترین فشار